حکومەتی
هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

# هانار

ژمارە ١٩
ساڵی دووەم
ئۆگەستس ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەری، روناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیاری هونەری
رێبین مەجید
rebene@gmail.com

دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدولا
نەورۆز جەمال
هەڵە چن
ئاریان کامیل
تایپیست
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

مۆتیڤ
ئاریان ئەبوبەکر
لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
– بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن
٣١٨٠٩٩٤

Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ئازادیی ئەوکاتەی مەرجی بۆ دادەنێین | محەمەد کوردۆ | ٣ |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| گرفتی سۆزە خەمبارەکانی سپینۆزاو | هەندرێن | ٦ |
| بووکە بەبارانە ئیستاتیکای بەها مرۆییەکان | د.فوئاد ڕەشید | ١٦ |
| ئاوابوونی ڕەخنە | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ٣٢ |
| **دەق** | | ٤٧ |
| چوار شیعری کورت | زەینەب یوسفی | ٥٠ |
| من و ململانێی ڕەنگەکان | هوشیار شێخ ئەنوەر | ٥٣ |
| دوعا | حەسەن هەڵەبجەیی | ٥٤ |
| دەزگیرانە قورینکەم یان ژووری ژمارە (٨٠٥) | کازیوە ساڵح | ٦٨ |
| ئەوساتەی گوڵاوفرۆشەکەی تێدامرد | ئامانج هێمن | ٨٠ |
| تابلۆیەك بەرەنگی بەیاتی | محەمەد ناکام | ٨٣ |
| سناریۆی کورتە فیلمی سایکۆبات | تەحسین فائق | |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ کامبیزی کەریمی | ئارام سدیق | ٨٩ |
| **وەرگێڕان** | | |
| ڕافائیل ڕیگ | دلێر محەمەد | ٩٨ |
| گەورە تراژیدی نووسان | حەمەکەریم عارف | ١٠٥ |
| جوان، بەڵام مۆدێرن | نیاز محەمەد | ١١٥ |
| بێنەوایەك لەپاریس | شێرزاد هەینی | ١٢١ |
| توولەڕێی مردووەکان | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١٢٨ |
| **هونەر** | | |
| نامەی ئەنیتا ئێسپاندەر-ی هونەرمەندی | ئاراس ئەمیر | ١٣٤ |
| هونەرمەند ئاراز حەمە حسێن | چنور محەمەد | ١٣٧ |
| دیدار لەگەڵ شەماڵی عەبەرەش | شۆڕش محەمەد حسێن | ١٤٥ |

سەروتار

# ئازادیی ئەوکاتەی مەرجی بۆ دادەنێین

محەمەد کوردۆ

نێوەنـدی روونـاکبیریی ئێمـە، وەکـچۆن حاڵـەتی جـوان‌و دڵخۆشـکەری وای تێدایـە کـە هیـوا بـە دواڕۆژ لـە گیـانی مرۆڤەکانـدا سـەوزدەکات، بەهەمانـشێوە حاڵەتی ناخۆش‌و خەمهێنەری واشی تێدایە کە مرۆڤەکان بێهیوادەکات.

من لێرەدا قسە لەسەر یەکێك لەو حاڵەتانە دەکەم:

شـاعیرێکی ئێمـە زیـاتر لـە چل سـاڵە گـۆرانی بـۆ ئـازادیی دەڵێـت‌و شـەڕ لـە پێناوی ئازادییدا دەکات‌و گیانی خۆشویستنی ئازادیی لە ئێمەدا بەهێزدەکات.

کەچی بەداخەوە، کاتێ ئازادیی بۆ خەڵکی دی فەراهەم دەکرێت‌و بەجۆرێك قسەی خۆیان دەکەن، کە ئەم شاعیرەمان پێی خۆش نییە، زویر دەبێت.

ئەمەش سەیرە چونکە ئازادیی مەرجی نییەو کە مەرجت بۆ دانا دەمرێت !

ئەوە ئازادیی نییە مـن بـۆم هـەبێت قسە بکـەم‌و تـۆ بـۆت نـەبێت قسە بکـەیت، ئازادیی ئەوەیە هەمووومان بتوانین قسە بکەین.

ڤۆڵتێر ئامادەبوو لەسەر ئازادیی کەسێك کە قسەکانیشی بە دڵ نەبێت، خۆی بە کوشتبدات.

بەڕاستی مایەی خەمێکی قووڵە لەسەدەی بیست‌و یەکدا مرۆڤەکان ڕێگـەیان پێنەدرێت بە ئازادیی قسەی دڵی خۆیان بکەن.

چونکە جوانی‌و درەوشانەوەی راستەقینەی ئازادیی ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئێمە لەو کەسانەی حەرام نەکەین وا قسەو بۆچوونەکانیانمان بەدڵ نییە.

ئـازادیی ئـەو کاتـە جـوان نییـە کـە تـۆ گـۆرانی بـۆ مـن دەڵێیـت‌و منـیش بـە گۆرانییەکـەی تـۆ بەختـەوەر دەبم‌و هـەوڵنادەم ئـازادیی ئـەو گـۆرانی وتنـەت لێتێکبدەم.

ئازادیی ئەو کاتە جوانە کە تۆ رەخنە لە من دەگریتو من شپرزە دەکەیتو تەنانەت تووڕەشمدەکەیت، بەڵام من ئەوەم بیرناچێتەوە کە مافی تۆ لە ئازادییدا مافێك نییە من پێمبەخشیبیت تا بیر لەوەبکەمەوە لێتبسێنمەوە.

ئاساییە جۆری مامەڵەی تۆم لەگەڵ ئازادییدا بە دڵ نەبێت بەڵام ئاسایی نییە ئەمە بکەم بە بیانووی ئەوەی شەڕ لەگەڵ ئازادیی تۆدا بکەم.

ناکرێت تۆ پەلاماری من بدەیتو من پەلاماری ئازادیی تۆ بدەم.

نووسین ناسنامەی راستەقینەی نووسەرە، من بۆم هەیە ناسنامەکەی تۆم بە دڵ نەبێت، بەڵام بۆم نییە مافی هەبوونی ناسنامە لە تۆ بسێنمەوە.

ئایا ئەوەی ئێمە دەینووسین هەموو خەڵك بە دڵیانە؟

ئاخۆ کەس نییە نووسینەکانی ئێمەی بەدڵ نەبێتو بەجۆرێك لە جۆرەکان نووسینێکی ئێمە بە هێرش بۆسەر خۆی بزانێت؟

بێگومان هەیە، چونکە وەکو عەرەب وتوویەتی: ((خێری قەومێك شەڕی قەومێکی دیکەیە)).

باشە ئێمە رێگە بەو کەسە دەدەین کە نووسینێکمانی بەدڵ نییە مافی ئازادییمان لێبسێنێتەوە؟

دڵنیام رێگە نادەین.

دەی کەوایە باڕێگە بە خۆشمان نەدەین ئەو مافە لەخەڵك بسێنینەوە.

من کاتی خۆی لە ستوونێکدا لە بارەی ئازادییو سانسۆرەوە، سوودم لە وتەیەکی ئیحسان عەبدولقەدوس وەرگرتبوو، کە پێموایە دەبێت لێرەشدا جارێکی دی هەمان وتە بەکاربهێنمەوە.

عەبدولقەدوس دەڵێت:

ئەگەر ئازادیی نەهامەتیی لێکەوتەوە، چارەسەری بە ئازادیی زیاتر دەکرێت!!



گرفتی سۆزە خەمبارەکانی سپینۆزاو
روحە بوغزاوییەکانی نیچە
**هەندرێن**

بووکە بەبارانە
ئیستاتیکای بەها مرۆییەکان
**د.فوئاد رەشید**

ئاوابوونی رەخنە
**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

# لێکۆڵینەوە

# گرفتی سۆزه خەمبارەکانی سپینۆزاو روحه بوغزاوییەکانی نیچه

هەندرێن



سپینۆزا ١٦٣٢-١٦٧٢ یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە چەمك و ئاکامگیریی روانگە فەلسەفییەکانی بەڕێگای مێتۆدی گیۆمێتریی، چەشنە هاوکێشەیەکی ماتماتیکییەوە شرۆڤە دەکات. بۆیە رەنگە لەسەرەتا خوێندنەوەی ئەو شێوازە لەفەلسەفاندنە وشك و رووتەنی/ئەبستراکت بنوێنێت. لێ کاتێك خوێنەر بەناو ناخی ئەو ئاسۆ وشك و رووتەنییەدا رۆدەچێت، وێجا لەمدیو ئەو ئاسۆیەدا دەتوانێت فرە رەهەندییەکانی فەلسەفەی سپینۆزا فامبکات.

سپینۆزا بەشێوازی میتۆدی گیۆمێترییەوە بەدەنگێکی خورتەوە باسی دۆستایەتی نێوان هزرین و ژیان دەکات. لەکن سپینۆزا ئاگایی مرۆڤ ئاوێنەیەکە لەو ژیانەی بەرچاومان. مرۆڤیش بەتەنیا لەو رێگایەوە زانیاریی لەسەر گەوهەری خۆی دەستەبەر دەکات. لای تاك و گشتدا زانیارییە ئاوەزیی و رامانە نەستییەکان وەك یەکاتییەك لێکدەترنجێن.

هاوکاتیش سپینۆزا لەبری ئاوەز ئاوڕ بۆ لای جەستە دەداتەوە یان بەدەربڕینێکی دیکە ئەو لەگۆشەنیگای ئیپستمۆلۆژییەوە (زانستی زانین) لەمەڕ فیزیك دەهزرێت، چونکە جەستە مۆدێلی هەڵسوکەوتکردنە، هەروەك هەڵسوکەوتکردنیش گەوهەری فەلسەفەی

خـودی سـپینۆزایه. لـەو دیـدەوە سـپینۆزا لەهـەوڵی ئەوەدایـە کـە کایـەی جەسـتەو پێکگەیـشتنیان لەگـەڵ یـەکتردا سـنووردار بکـات. بۆیـە ئـەوەی کـە گرنگـە بزانرێـت ئـەو سـۆنگەو ئاکامگیرییانەیـە کـە لەکایـەی جەسـتەکانەوە هەڵـدەقوولێن. لـەدواجاردا ئێمـە سیـستمێکی رەوشـتگەرایی دروسـتدەکەین و هـەر لـەو سیـستمەشدا جەسـتەکان بەنـد دەکەین.

ئـا لێـرەوە نیـچەو سـپینۆزا لەسـەر ئـەو روانگەیـەوە نزیکایەتییـەکیان پێکڤـە هەیـە. سپینۆزا دوو سەدە بـەر لەنیـچە لەمـەڕ ژێنیالۆژیـای رەوشـت پـەیڤیوەو لەمـدیو دووانـەی شەڕو خێریشدا سۆراخی ژیانی کردووە. پاش ئەو نیچە وەك پەیامبەرێکی نێهێلیست هات و بێباکانە کرۆکی رەوشتی لەمێشکی کۆیلەکانـدا بـۆ ئێمـە نمایشکرد. فەلـسەفەی نیـچە دابڕانێکە لەگشت ئەو پاشخانانەی کە زەمینەی بـۆ ئـەو مرۆڤـە نوێیـاوە خۆشـکرد. نیـچە بەپێچەوانەی ژیانی مێتافیزیکییانەی مەسیحی خولیای ژیانێك بوو لەسەر ئـەم زەمینـەدا. نیـچە، ئـەو مرۆڤـە هەڵـشاخیووە بـەڕێگای پەیامبـەرە نموونـەیی و دونیاخوازەکەیـەوە بەدەنگێکی بەرزەوە هاواری (مردنی خـوا)ی راگەیانـد. لـەبری ئەمـەش وتـی: مـن سـوێند بەسەری ئێوە دەخۆم، براکانم.

هەڵبەتە گفتوگۆکردن لەگەڵ نیچەو بەراووردکردنی ئەو لەگەڵ سپینۆزا، بابەتێکە هەتا حەز بکـەین سـەرنجکێش و چێژدارە، لـێ لێـرەدا هەوڵـدەدەین تـەنیا لەدیـدی سـپینۆزاو نیـچەوە بەسـوکەڵە گفتوگۆیـەك لەمـەڕ (سـۆزە خەمگینـەکان) و روحـی (رێـسنتیمێنت–بوغزاوی) نمایشبکەین. لێـرەدا بـەیادی خوێنـەر دەهێنینـەوە، کـە ئێمـە پێـشتر لـەوتاری (ئاکاری چاکە) بەرپرسیارییەك لەخۆناسکردن و خرۆشاندنی هێـزی نـاوەکی (لـە گۆڤـاری رامـان بڵاوکراوەتـەوە)، قـسەمان لەسـەر رەوشـت و ئیتیـك لەدیـدی نیـچەو ئەرسـتۆوە کردووە. بۆیە دەکرێت ئەم وتارەش بەردەوامییەك و رەهەنـدێکی دیکـە بێـت لـەو وتـارە. وێڕای ئەمەش، ئەم نووسینە خوێندنـەوەی سـەرتاپای بیرۆکـە فەلـسەفییەکانی ئـەو دوو فەیلەسووفە نییە، بەڵکو تەنیا شرۆڤەکردنی ئەو دوو چەمکە یان بیرۆکەیەی ئەوانە.

لەدرێژەی ئەم وتارەدا هەوڵدەدەین دوای چـڕکردنەوەی بیرۆکـە لێکـچووەکانی نێـوان سپینۆزاو نیچە، بەکورتیلە رامانێك ئاکامگیرییەك لەکۆی بیرۆکەکان نمایشبکەین.

لێرەوە خوێنەر دەتوانێت لەژێر ڕۆشنایی تێڕاونینەکانی هەردوو فەیلەسوفدا روحی گەندەڵی، (خۆبەکمزان)، پەتای (بوغزاندن) لەدەماری نووسەرو سیاسییەکانی کورد تاووتوێ بکات.

**ئەنتی ـ پاشخانی باڵادەستیی لای سپینۆزاو نیچە**

لەدیدی سپینۆزاوە خوا تاکە گەوهەرێکە کە بریتییە لەخودی خۆی و هەر خۆشی بەتەنیا توانای درککردن و تێگەیشتنی هەیە.

ناتوانن گوزارە لەخۆیان بکەن، چونکە (modus) هیچ یەکێك لەتاکەکان، یان هەریەك لەگەوهەری خواوەند لەگشت بوونێکدا ئامادەیە، خودی خۆی خاوەن وزەی ژیانە. لەجەم سپینۆزادا خودی ئەو خاوەن وزەی ژیانە (کاکڵەی ئیتیك–ئاکار چاکەیە):

(سەرباری ئەمەش کە شتەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ببن بەConatus ئەو کۆششە)

بوونی خۆیان، بێجگە لەبوونی واقیعی شتەکان هیچی تر نین... خاوەن بوونی وزەی ژیان بێجگە لەبوون لەخودی شتدا هیچی تر نییە، کە شت لەو ئاستەدا لەئارادایە وەك خۆشی ببینرێت و لەهەبوونەکەیدا بەردەوامبێت[١].

دەکرێت ئەو خاوەن توانای وزەی ژیانە کارامەییەك بێت لەکن مرۆڤدا کە بواری نەدا لەدەرەوەی ئەوەوە بڕیار بدات، واتا بوونی پاشخانی ئەو وزەیە نەتوانێت بڕیار لەسەر خودی گەوهەرەکەمان بدات. کەواتە ئێمە دەبێت، بەگوێرەی هێزی ناوەکیمانەوە ویست و ڕەفتارمان هاوئاهەنگ بکەین.

سپینۆزا لەمەڕ داهێنانی خود لەلایەن خودی مرۆڤەوە پێیوایە کە (نە خوایەك یان هێزێك نییە کە بەویستی خۆی بڕیار لەسەر شێوەی جیهان بدات. بەدیوێکی دیکەش، ئەو هێزە گەورەیە یان گەوهەری باڵا، پاڵنەری گشت ژیانە... کەواتە مرۆڤ دەتوانێت وزەی خۆی بخرۆشێنێت کە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ تەواوی سرووشت و جیهاندا تێبگاو بەدوای داهێنانی ژیانیدا بگەڕێت)[٢].

لەدیدی سپینۆزاوە سرووشتی مرۆڤ جۆرێکە کە لەباریدایە زانیاریی دەستەبەر بکات. کاتێك مرۆڤ زانیارییەکانی فراواندەبن ئەوکاتە سرووشتە ناوەکییەکەشی زێدەتر

بەرجەستە دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ خوو بەشتە دەرەکییەکانەوە بگرێت، ئازارەکانی زێدەتر دەبێت. بۆیە سپینۆزا هانی مرۆڤ دەدات بەڕووی زانیارییە بێکۆتاییەکاندا ببێتەوە:

(هەر بۆیە ئەوەی کە لەمەڕ نەمری خواو بوونە بێکۆتاییەکان بۆ هەمووان پێکەوە زانیاریی دەبەخشێت بەهەمان ئاست بەشێکە لەو گشتایەتییە... هەڵبەتە بەو شێوەیە هەریەك لەمانە دەتوانێت زانیاریی زیاتر بەدەست بێهێنێت، هاوکاتیش مرۆڤ سەبارەت بەخۆی و خوا باشتر هوشیار دەبێتەوە، واتا پێگەیشتووتر دەبێت...)[٣]

بەمجۆرە مرۆڤ دەبێت بەتێگەیشتن لەخودی خۆی ئەو توانستە دەستەبەر بکات کە لەباریدا هەبێت لەڕێگای نەمریی سرووشتەوە، کە لەناو خۆی و هەمووشتێکدا هەیە، بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات و گەوهەرەکەشی بخرۆشێنێت. لەکن سپینۆزا مرۆڤ دەبێت خۆی فێر بکات کە رووبەڕووی سەفەری ناوەکی خۆی ببێتەوە. لێرەوە دەکرێت بێژین کە ئەو بیرۆکەی سپینۆزا بەجۆرێك لەجۆرەکان پاشان لەبیرۆکەی نیچەدا سەبارەت بەڕەچەڵەکی رەوشت دەلەرێتەوە. بەواتایەکیتر، رەنگە (تیۆری سپینۆزا لەمەڕ سۆز و جۆش رەتکردنەوەی گشت رەوشتگەرایی و بەها باڵاکان، سەرنجی نیچەی کێشکردبێت. بەدیدی سپینۆزا ئێمە لەپێناو کاری چاکەو خێردا هەوڵنادەین، چونکە ئەمە خۆی چاکەو خێرە، هەربۆیە ئێمە بەهۆی جۆرە هۆکارێکەوە بەدوای چاکەو خێردا عەودالین (قازانجکردن، شادی، سوود و...تاد)[٤].

هاوکاتیش نیچە دەخوازێت مرۆڤ هەروەك ئیستا لەم ژیانەدا بژی، چونکە بێجگە لەو ژیانەی ئێستا ژیانێکیتر لەگۆڕیدا نییە. لەدیدی نیچەوە، ژیان بریتی نییە لەڕەتکردنەوەی، بەڵکو ژیان بریتییە لە(بەڵێیەکی دیۆنیسییانە بۆ ژیان). مرۆڤی نیچەیی ئەوەی کە پێویستە هەڵیدەبژێرێت، ئەوەی کە لەهەتا هەتاییدا دەژی هەڵدەبژێرێت، نەك شتێکیتر. بەکورتی مرۆڤ ئەو ئەرکە هەڵدەبژێرێت کە باڵاتریانە. لەرینەوەی دیۆنیسی لەژیاندا بەدوای هەتا هەتاییدا دەگەڕێت. بۆیە نیچە فەلسەفەکەی خۆی بە(هەڵسەنگاندنەوەیەك لەهەموو بەهاکان) ناودێر کرد. لەم روانگەیەوە نیچە بەڕاشکاوی بەڕووی (رەوشتی مەسیحی) هەڵشاخا، چونکە بەواتای نیشتە رەوشتی مەسیحی سرووشت بەگشتی رەتدەکاتەوە. نیچە لەکتێبی (رەچەڵەکی رەوشت)دا، رەوشتی مەسیحی وەك پرینسیپێکی (دژە ژیان) ناودێر دەکات. چونکە رەوشتی مەسیحی

لاواندنەوەو بەزەیی بەئازار بەخشی، هاوکاتیش ئازایەتی بەملکەچیی و لاوازی بەخشی، ئەمەش وای لەوانەی کە بڕوایان بەخۆیان نییە کرد کە بەبیانوی پیاوچاکیی و ویژدانەوە گشت نەخۆشیی و ئازارەکان بەردەوامبن. لەکن نیچە ژیان لەکرۆکی خۆیدا بریتییە لەئەفراندن، سەرکەوتن بەسەر ئەوانەی کە لاوازن، بندەستن. بەکورتی ژیان لەکن ئەو بریتییە لەویستی دەسەلات. لێرەوە ئەو رامانگەلە لەڕوحی مرۆڤە بوغزاوییەکان لەسەرشاری بیرۆکە ناودارەکەی نیچە هەڵدەقوولێن کە لەدابەشکردن لەنێوان (رەوشتی بالادەست) و (رەوشتی کۆیلە)دا بەرجەستە دەبنەوە:

(ئێستا ئێمەی لاواز جارێك لاوازین) ئەوە تەواو راستە ئەگەر ئێمە شتێك نەکەین کە ئێمە بەهێز نین، ئیتر بەسە دەبێت بیکەین...)(٥)

پێوانە رەوشتییەکان یان قەڵەمڕەون یانیش کۆیلەو بندەستەکانن. لەدیدی رەوشتی قەڵەمڕەودا (باش)و (خراپ) هەمان واتای (شکۆمەند) و (دزێوی) دەگەیەنێت. بوودەڵەکان دەبنە ترسنۆك و خۆیان ریسوا دەکەن. بەڵام مرۆڤی شکۆمەند لەبەهاکانەوە خۆی دروستدەکات. لەوێدا ئازارخۆرەکان، ئەو نائازادانەی کە هەموو شتێك دەڕەوشتێنن، بەها رەوشتییەکانی تر زیندوو دەکەنەوە. تەواوی ئەو خەسڵەتانە وادەکەن کە ژیانی ئازار خۆرەکان بەدیار بکەون. لێرەوە هاوسۆزیی، دڵگەرمی و خۆ بەکەمزانین بەرانبەر شەرەف و بەهاداریی دێتە ئاراوە. بەگوێرەی رەوشتی بالادەست (باش) بەرهەمداری دەبەخشێت. کەچی بەگوێرەی رەوشتی کۆیلە (خراپە) بەرهەمداری دەبەخشێت. لەئاکامی ئەوەدا بێدەسەلات دەبێتە (باشە)، ترسنۆکییش دەبێتە (خۆبەکەمزانی) و ملکەچکردن. ئەوانە رقیان لە(ئازار) دەبێتەوەو لەرزۆکییش لای ئەوانە دەبێتە هەستێك کە تۆڵە نەکەنەوە، یان بەواتای نیچە (ئەشقی دوژمنەکانیان بن). نیچە سەبارەت بەوە ئەوها دەپەیڤێت: (بێدەسەلات، کە تۆڵە ناکاتەوە، دەبێتە جۆرە (باشەیەك)، هەروا ترسنۆکی ملکەچیش خۆی (بەکەمدەزانێت). ملکەچی لەبندەستی ئەوەی کە مرۆ رقی لێدەبێتەوە دەبێتە (خۆبەدەستەوەدان)... مرۆی لاوازی خەمسارد لەویستی دەسەلات، ئەو ترسنۆکییەی کە ئەو تا ئەوپەڕی توانا بەهرەدارە لەوە، شێوازەکەی کە لەبەر دەرگایە، وەك بێدەنگێك، چاوەڕوانە—تەواوی ئەمانە زیاتر ناوێکی زایەڵەدار

وەردەگرێت... هەروا (کۆیلە) (دوژمنەکەی خۆشدەوێت)– بەمجۆرە مرۆ کەمێك ئارەقە دەکات...).[٦]

زۆرێك لەرەخنەگرانی نیچە پێیانوایە نیچە لەبەشێکی بیرۆکەکانیدا، بەتایبەتیش سەبارەت بەمرۆڤە لاوازەکان، دژی دیموکراتی و مرۆڤدۆستییە. لێ هزرەکانی لەمەڕ مرۆڤی نوێباوی ئەم رۆژگارە هەتا ئێستاش مایەی بایەخن. بەبڕوای نیچە، ئاستەنگی ئەو مرۆڤە نوێباوە بەخەونەکانی خۆیەوە دەتلێتەوە، کەچی لەبری ئەوەی روو بکاتە ویستی ئازاد بوون، هانا بۆ ئەوە دەبات، بەهەر شێوەیەك بێت، خۆی لەو ئازارە بدزێتەوە. بەدیدی نیچە ئایین یەکێکە لەو بیانوانەی کە مرۆڤ بۆ خۆ دزینەوە لەئازارەکانی پەنای بۆ بردووە. کەواتە ئایین خەونێکە تاوەکو مرۆڤ لەدوای مردنی ژیانێکی بەهەشتیی بۆ خۆی مەیسەر بکات و بەمەش خۆی لەو ژیانە راستییە بشارێتەوە. بۆیە نیچە گریکییە کۆنەکان پەسن دەدات. لەکن نیچەدا گریکییەکان چەشنە مرۆڤێکی جیاواز بوون. لەجڤاکی گریکی کۆندا بۆ یەکمجار کەلتوور رسکاو رەگی دێونیسی و ئەپۆلۆنی پێکڤە هاوئاهەنگییەکیان لەژیاندا سازاند. نیچە لەکتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا وەك بەرهەمێك باسی هونەر دەکات، لەوێدا هونەری دیۆنیسی رۆڵی هەست و نەست دەبینێت و هونەری ئەپۆلۆنیش رۆڵی ئاوەز. بەبڕوای نیچە هەر ئەو دوو هێزەش بوون کە کەلتووری گریکیان دەوڵەمەند کرد، بەرهەمە دانسقەکەی هۆمیرۆسیش یەکێکە لەو بەرهەمە مەزنانەی کە ئەو روحە تراژیدییە ئەفراندی.

نیچە رەوشت وەك دەربڕینێك بۆ (ئەسکێت/زاهیدێکی ئایدیال)ی فامدەکات. بەواتایەکیتر: نیچە وەك چەشنە میتافیزیکێکی ئایدیالی سەیری رەوشت دەکات. لەکن نیچەدا، ژیانی ئێمە لەسرووشتەوە رەگئاژۆیە، بەهاکان لەپەیوەندی لەگەڵ ژیانێکی تەواو جیاوازدا سڕ دەبن، ئەو ژیانە کاتێك رووبەڕووی ژیانێکی دەرەوەی خۆی دەبێتەوە، بەدژی خۆی دەبێتەوە. هەر ئەو ئایدیالەشە کە نیچە لەهەموو شێوەکانیدا وەك ئایدیالێکی دژە ژیان گەمارۆیان دەدات.

سپینۆزاش وەك نیچە رووبەڕووی ئەو هێزە دەرەکییانە دەبێتەوە کە تۆڵە لەژیانمان دەکەنەوە. بەمجۆرە ئەگەر هێزی ئێمە لەهێزی سرووشت سۆزی کەمتر بوو، ئەوکاتە هێزە دەرەکییەکان تووشی سۆزە کەهێلەکانمان دەکەن. لەدیدی سپینۆزاوە ئەوە ئاکامی

سۆزی جەستەکانە. کاتێك جەستەیەك کاریگەری لەسەر جەستەیەکی دیکە دادەنێت پەیوەندییە ناوەکییەکان لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن و بەمەش جەستەکان پەیوەندی تر دەسازێنن. سپینۆزا ئەو سۆزە بە(سۆزێکی شاد) ناودێر دەکات. شادی هێزی هەڵسوکەوتەکان بەرز دەکاتەوە. ئاکامی سۆزی شادییش دەبێتە ئەڤین، چونکە ئەڤین خەم نییە بەڵکو زایەڵەی ژیانە، بەتایبەتیش ئەوکاتەی کە هێزی ئێمە ترۆپکی ئەڤین دەپێکێت. بۆیە ئەڤیندارەکان گرنگترین مرۆڤن، بەکورتی ئەو مرۆڤانە تژین لەوزەو جووڵە، ویستگەرایی. ئەگەر ئێمە هێزی زەوی و رۆشنایی ژیان لەئامێز بگرین، پێویستە هەمیشە ئەڤیندار بین.

وێڕای ئەمەش کاتێك جەستەیەك کاریگەری لەسەر جەستەیەکی دیکە بکات، هێزە دەرەکییەکان ناتوانن یەکبگرن، لەوێدا هەردوو جەستەکە لەیەکتر دەترازێن. بەواتای سپینۆزا: (کاتێك روح بەشەپۆلی سۆز گەمارۆ دەدرێت، هاودەم جەستە لەسۆزدا بەردەوام دەبێت لەمیانەی ئەوەشدا هێزە کاراکان زۆرتر دەبن یانیش کەمتر دەبن. بەمجۆرە ئەو دژە سۆزە جەستەییە لەوزەی هۆکردەکەی دەبێتە بوونەکەی...)[٧].

چونکە هەردوو جەستە ناتوانن یەکتری چالاك بکەن. کاتێك دوو جەستە نابنە یەك، ئیتر ناتوانن یەکتر مشتومالّ بکەن. ئەمەش سۆزێك دەبەخشێت، کە سپینۆزا بە(سۆزە خەمبارەکان) ناودێری دەکات. سۆزە خەمبارەکان خەم بەرهەمدەهێنن و خەمیش کاکڵەی ژیان تێکدەشکێنێت. لەڕوانگەی سپینۆزاوە دەتوانین بێژین کە رق زادەی خودی رەوشتی کۆیلەیە. هەروەك دەزانین کە نیچە بەهەمان شێوەش دژی رەوشتی کۆیلە بوو. چونکە کۆیلە هەمیشە خەمگینە، لەبەرئەوەی کۆیلە پێیوایە دەچەوسێتەوە. لێرەوە کۆیلە دژی بەڵێیە بۆ ژیان. چونکە کۆیلە سۆزێکی خەمباری دژی ئەوانی ترو دژی خۆشی هەیە. پەیوەندی نێوان کۆیلەو دەسەڵاتدار بەو سۆزە خەمبارە دروستدەکرێت. رەوشتی باڵادەستیش پێویستی بەو هەستە نەخۆشە، واتا کۆیلە هەیە.

لە دواجاردا بەواتای نیچە رقی کۆیلەدارو رەوشتی کۆیلە دژی خودی ژیانە. باڵادەست یان کۆیلەدار تاوەکو دەسەڵاتەکەی زیاتر بکات دەخوازێت ئەو سۆزە خەمبارە پەرە پێبداو قووڵیبکاتەوە. لەدیدی نیچەوە (قەشەو پیاوانی زانست) رەوشتی خۆیان لەخاکی ژیاندا دەچێنن. نیچە لە(رەچەڵەکی رەوشت) دا پێماندەڵێت کە (ئایدیالی

ئەسکێت/زاهید) و (زانستوانەکان) ناخوازن ئێمە دڵخۆشبین و باوەشی خۆمان بۆ ژیان و ئەڤین ئاوەڵا بکەینەوە، بەڵکو ئەوان دەخوازن ئێمە خەمگین و کەهێل بین.

بەبڕوای سپینۆزاو نیچە رەوشتی کۆیلەدارو دامەزراوە فەرمییەکان هەمیشە دژی روحانییەتن. روحانییەت لەکرۆکدا واتای ئەڤین بۆ ژیان، بەڵێ بۆ ژیان دەگەیەنێت. سپینۆزاو نیچە، بەواتای فرێدریکا سپیندلەر: (لەفەلسەفە یەکاتییەکاندا ناسنامەیەکی نوێ بۆ مرۆڤ دەئافرێنن، هەناسەیەکی تر بەمرۆڤ دەبەخشن کە بتوانێت پەرە بەخۆی بداو وەك هێزێکی بیرکەرەوەی کارا خۆی پێناسە بکات کە بەرپرسیارە بەرانبەر ژیانەکەی... هەڵبەتە کتومت لەو خاڵەدا سپینۆزاو نیچە لەیەکتر جوودا دەبنەوە).(٨)

مرۆڤێك بەروحانییەتییەکەی تەواوی پەیامی ژیان لەڕوحی خۆیدا سەرمەست دەکات.

بەمجۆرە وەك دەبینین سپینۆزاو نیچە دژی سۆزە خەمبارەکانن، چونکە سۆزە خەمبارەکان ویستی ژیان و پەرۆشییەکانی مرۆڤ دەکوژن.

سەبارەت بەمە ژیل دولۆز پێماندەڵێت کە سپینۆزا دژی سێ کەسایەتی بوو، یەکەمیان مرۆڤێکی داهێزراو و دووەمیان ئەو مرۆڤەی کە سوود لەسۆز، لەدۆخێکی خەمناکی وەردەگرێت. سێیەمیشیان مرۆڤێك کە پێویستی بەو سۆزە خەمگینانەوە هەیە تاوەکو هێزەکەی زیاتر بکات، بۆ نموونە، کۆیلە، ستەمگەر و قەشە.(٩)

## کورتیلە رامانێک

جێگەی سەرنجە کە سپینۆزاو نیچە، وێڕای جیاوازی زۆری نێوان سەردەمەکەشیان، فرە رەهەندییەك بۆ ئازادیی تاکەکەسەکان ئاوەڵا دەکەنەوە. تاکەکەس لەکن سپینۆزا توانایی و وزەیە، چونکە تاکەکەس سۆزێکی کاراو کاریگەری هەیە. لێ هاوکاتیش تاکەکەس بەئازادیی لەدایك نابێت، بەڵکو خۆی ئازاد دەکات. لێرەدا دەبێت بێژین کە مەبەستمان لەئازادیی ئەو ئازادییە نییە، کە ئیدیۆلۆگییەکانی ئەم رۆژگار یان لەکوردستاندا پێناسەی دەکەن، چونکە لەو دیدانەوە ئەوانە ئێمەیان ئازادکردووە یان ئەو ئازادییەمان لەسرووشتی خۆمانەوە هەیە. ئەو تەرزە ئازادییە جۆرە روانینێکی هەڵبەستراوەو ئەو ئیدیۆلۆگیی و دەسەڵاتانەش بەمە مرۆڤ فریو دەدەن. دیارە نیچە ئەو تاکە فەیلەسووفە بوو کە بەڕووی ئەو ئازادییە هەڵبەستراوە وەستا. کەواتە ئێمە

تاکەکەس نین، بەڵکو دەبین بەتاکەکەس، هەروەك ئێمە ئازاد نین، بەڵکو خۆمان ئازاد دەکەین. بۆئەوەی ئازاد بین دەبێت هەمیشە کارا بین.

وێڕای ئەمەش سپینۆزا ئازادیی تاکەکەس وەك جۆرە پرۆسەیەك راڤە دەکات کە کردە کاراکان مشتومالْ دەکات. بەدیدی سپینۆزا تاکەکەس ئەوکاتە ئازاد دەبێت کە ئەو توانی وزەکەی، (کۆناتوس)ەکەی زیاتر بکات. ئەو وزەیەش تەنیا بەشادومانی و چالاکییە جەستەییەکانەوە زێدەتر دەبێت. شادومانی هەر تەنیا وزەی تاکەکەس زیادتر ناکات، بەڵکو ئازادییەکەشی فراوانتر دەکات.

لەکۆتاییدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە چاندنی تۆوی کۆیلەیی لەڕوحی کورد لەلایەن کۆیلەدارەکانییەوە، واتا داگیرکارانییەوە، هەمیشە لەچاوەڕوانی ئەوەدایە هێزە دەرەکییەکان ئازادی بکەن. بۆیە رەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە وای لەکورد کردووە هەتا ئەمڕۆش بەرانبەر ویستی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەرزۆك بێت. وێڕای ئەمەش رەنگە هەر کارایی ئەو (سۆزە خەمبار) و (روحە بوغزاوی) بێت لەڕوحی مرۆی سیاسی کورد کە لەچرکەساتە وەرچەرخێنەرەکاندا نەتوانێت بەبڕیارێکی ویستگەرایانە ئەو دابڕانە چاوەڕوانکراوە لەبوونی بندەست و کۆیلەیی کورد دروستبکات، بەڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بەڕووی کۆیلەدار، دەسەڵاتدارە بوغزاوییەکاندا راپەرمویْ.

٢٠٠٧/٦ ستۆکهۆلم

## ژێدەر:

1. Benedictus Spinoza، Etiken Antal sidor: 316 Utgivningsår: 2001 Förlag: Bokförlaget Thales،
del111، teori 7 و del 1V، Bvis av teori 26 :لاپەڕە

2. Fredrika Spindler، Nietzsche om Spinoza، tidskriften Värld och vetande، Nr1، 1993. ٢٠ :لاپەڕە

3. Spinoza، Etiken، teori 46، del، 11 و anmärkningen av teori 31، del V.

4. Jan Sjunnsesson، Radikala spinozister، Res Publica، Spinoza tema، ٢٤١ :لاپەڕە

5. Nietzsche، Om moralens härstamning، Övers. Jan Sjögren، Rabin Prisma، Stockholm، ٤٨ :لاپەڕە

6. هەمان سەرچاوە: لاپەڕە: ٤٩

7. Spinoza، Etiken ، del 1V، teori 7، bevis.

8. Fredrika Spindlar، Nietzsche om Spinoza، tidskriften Värld och vetande، ١٩ :لاپەڕە

9. Gilles Deleuze، Den etiska världsbilden، Res Publica، Spinoza tema،٢٦٦ :لاپەڕە ، Jan Sjunnesson، Radikala spinozister، .٢٤٣ :لاپەڕە

# بووکە بەبارانە ئیستاتیکای بەها مرۆییەکان

د.فوئاد رەشید*

(بووکــە بەبارانــە) ناونیــشانی یەکــەمین کۆمەڵــە شــیعری شــاعیری لاو (ئــارام شارباژێڕی)یە، کە لەدوو توێی (٢٤٧) لاپـەڕەدا بەقـەبارەی (١٤×٢١سـم) بەڕێوەبـەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بڵاویکردووەتـەوە، ئـەم کتێبـە (٨٨) دەقی شیعریی لەخۆگرتووە، کە لـەڕووی کـورتی و درێژییـەوە جیـاوازن و دەقێکـی وەك (هەموو شتێك دەسپێرم بەتۆ.. ئەی دۆست) حەڤدە لاپەڕەیەو دەقێکـی وەك (مـەڵێ ون بووی) تەنها حەوت پارچە دێڕە.

هەڵبەت تـاووتوێکردنی ئـەزموونی ئـەدەبی چـەند دەقێکـی شـیعری، قـسەی جیـاوازو دیدی جیاواز هەڵدەگرێت، لێرەدا هەوڵدەدەین قسە لەسـەر ئـەو سـتراتیژییەتە بکـەین کـە لەپشت ئەزموونی ئەدەبی دەقەکانەوەیە، چونکە خوێنەر لەکۆی خوێندنەوەی دەقـەکانی (بووکە بەبارانە)دا وا هەستدەکات شاعیر لەڕووی بنیاتی بابەتییەوە سـتراتیژییەتی خـۆی هەیـەو هەڵبـژاردن و داڕشـتنی پـەیڤ و دەسـتەواژەکان و وێنـاکردنی گرتـەو دیمەنـەکانی ژیـانیش بەشـێوەیەکن، لەخزمــەتی ئــەو ســتراتیژییەدان، کــە پێمانوایــە بریتییــە لەبەرجەستەکردنی (مرۆڤایەتیی مرۆڤ) بەجەستەکردنێك، بەهاو ئاکارە باڵاکـان، هەسـت و روانیینە جوانە مرۆییەکانی لەخۆگرتووە.

**ئیستاتیکای بەها مرۆییەکان:**

پێمانوایە، شاعیر بۆیە زیـاتر کـاری بـۆ بەرجەسـتەکردنی مرۆڤایـەتیی مـرۆڤ کـردووە، چـونکە درکـی بـەوە کـردووە کـە لەژینگەیەکدایـە، لەقۆناغێکدایـە مـرۆڤ تێیـدا دووچـاری قــەیرانێکی رۆحــی و فیکــری هــاتووە، قــەیرانێك بــۆ تــاکێکی کــورد، نیگــەرانیی و شپرزەییەکەی زیاترو دژوارترە.

تاکی کورد، وەك مرۆڤێك لەبەرامبەر بوونەوەرو ژیاندا پرس و پرسـیاری خـۆی هەیـەو وەکـو (کـوردێکیش) هێـشتا برینـەکانی سـاڕێژنەکراوەو ناهاوسـەنگیی هاوکێـشەی ژیـانی دوێــنێ و ئــەمڕۆی، چــەمکە سیاســی و کۆمەڵایــەتی و مرۆییەکانیــشی لا شــێواندووەو خستوویەتییە دڵەڕاوکێ و تەنانـەت جۆرێـك لـە ونبوونیـشەوە، لێـرەدا شـاعیر بـەزمانێکی

شاعیرانە هەولّیداوە، خەون و خولیاو خەمـەکانی تـاکی کۆمەڵگـە چ وەك (مـرۆڤ)و چ وەك (کوردێك) بخاتە نێو چوارچێوەی (ئەدەبیبون)ەوە، ئەمەش جارێك بەبردنەوەی مـرۆڤ بـۆ ئامێزی بەها جوان و بالاّکان و جارێکیش بەنمایشکردنی کەڤاڵی ژاکاویی چەمکە مرۆیـی و کۆمەلاّیەتی و نیشتمانییەکان.

جێگـای سـەرنجە لـەڕایکردنی ئـەم سـتراتیژییەتەدا چـەمکی (عەشـق، ئـەوین) ئامادەبوونێکی دیارو جۆراوجۆری هەیە، کە پێویستە هەلّوێستەیەك بەدیارییەوە بکەین:

*عەشق لە(بووکە بەبارانە)دا:

**عەشقێک، حیکمەتی لێدەچۆڕێت...**

**حیکمەتێک، لەجوانییەوە هەڵدەقوڵێت...**

ئەگەر سـەرنجی تێکستەکانی ئـەمڕۆی شـیعری کـوردی بـدەین، بەتایبـەتی بەرهـەمی گــەنجان، دەبیــنین زۆرن ئــەو دەقانــەی چــەمك و پەیڤــەکانی (عەشــق و ئــەوین و خۆشەویستی)یـان لـەخۆگرتووە، بـەلاّم ئـاخۆ لەچـەندیاندا نووسـینەوەی رازو نیازەکـانی عەشق، لەچوارچـێوەی پرۆسـەی (بەئـەدەبیکردنی عەشـقدا) بەرجەسـتەکراوە؟ ئەمـەیان جێگای رامان و وردبوونەوەیە،چونکە دواتـر هـەر ئـەم خاڵـە دەبێتـە هێڵـی جیاکـەرەوەی نێوان دەنگەکان و تایبەتمەندێتی ستایلەکان.

پێشتر لەکورتە نووسینێکدا، لەسەرووبەندی قسەکردن لەسەر پەیوەندیی نێوان (ئەوین و ئـەدەب) ئاماژەیـەکی کـورتم بـەوەداوە کـە لەهاوکێـشەی نێـوان (نووسـینی عەشـق)و (عەشـقی نووسـین)[1]دا، مەسـەلەی زمـانی نووسـین و چـۆنێتی روانـین لەچـەمکی عەشـق (بەناوی بەخشینی فرەمانایی بەم چەمکە) بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، چونکە راستەوخۆ کاریگەریی دەبێت بەسەر چۆنێتی و چەندایەتیی ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکانەوە.

لێرەدا دەتوانم بڵێم بەگـشتی لـە (بووکـە بەبارانـە)دا هاوسـەنگیی هاوکێـشەی نـاوبراو رەچاوکراوە، ئەوەی لەو کورتە نووسینەدا خوازیاری بـووم بینـیم (ئـارام شـارباژێڕیی) تـا رادەیاکی زۆر بەرجەستەی کردووە، چۆن؟

سەرەتا وەك (چەمکی عەشـق) زۆربـەی گـەنجان، بەشـێوەیەکی تاکڕەهەندانـە سـەرە دەرییان لەگەڵ چەمکەکە کردووەو لەسنووری پەیوەندیی سۆزداریی نێوان (کـوڕو کـچێك)

نەچووەتە دەرەوە[٢]، بەڵام لە (بووکە بەبەرانە)دا چەمکی عەشق فرەڕەهەندەو ئاوێتەی زۆربەی ڕواڵەتەکانی نێو گەردوون و ژیان و سروشت بووە.

بۆ نموونە ئەگەر لەدنیای دیارو نادیاری ئەم ڕستەو کۆپلە شیعرییانە وردبینەوە، ڕوویەکی ئەم تایبەتمەندییە بەدی دەکەین(*):

**ئەو چرکەیە.. عیشق لەخاچی بێوەفایی و گوناه دەدرێ و**

**پەیمانەکان هەڵدەوەرن.. ئاسان.. ئاسان..!**

**دەزانیت ئێمە لەنێوان ئاسمان و زەویداین،**

**ئێمە لەنێوان هەڵهاتن و ئاوابووونداین،**

**لەنێوان یەکترناسین و دابڕان و**

**غەم و شادی و**

**خراپی و چاکی و**

**عیشق و نیازو**

**منداڵ و گەورەبووونداین..!**

**بانێوانەکان پڕ پڕکەین لەڕەنگی جوانی،**

**پڕ پڕکەین لەدەنگی کامەرانی**

**تژی کەین لەئەوین و هاوڕێیەتی و میهرەبانی..،**

**لێوان لێوی کەین لەنەرمە بارانی وەفاو**

**ڕاستی پڕ لەزیندەگانی..![٣]**

نەك هەر لەڕێگای ئەم نموونەیەوە، بەڵکو لەکۆی خوێندنەوەی دەقەکانی (بووکە بەبارانە)وە، مرۆڤ زوو ئەو سەرنجەی لا دروست دەبێت، کە (جوانیی ژیان) لای شاعیر بناغەیەو تێکچوون و شێواندنی جوانییە، حاڵەتێکی نائاساییەو پێویستی بەچارەسەرکردنە، بۆیە (ئارام) لەزۆر کۆپلەو ڕستەی شیعرییدا، یا دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر ژاکاوبوون و شێواندنی (جوانیی ژیان، جوانیی بەهاکانی مرۆڤ) بڵندکردووەتەوەو مرۆڤی لەئاسەواری خراپیی ژاکاوبوون ئاگادارکردووەتەوە، یاخوێنەری بۆ پتر جوانکردنی جوانییەکان بانگکردووە.

**باخچەکانی پەپوولە پڕن لەگوڵ و ڕەیحانە..**

**باخچەکانی ئێرە پڕن لەخار..!**

**باخچەکانی پەپوولە پڕن لەهێمنی..**

**هێمنی ئێرە پێویستی بەواسیتەی فەوزایە..!**

**باخچەکانی پەپوولە پڕن لەنزای ڕۆح..**

**بۆ ئاسوودەگی.**

**نزاکانی ئێرە پڕن لەجەنگ بۆ فەنابوون..!**

**باخچەکانی پەپوولە پڕپڕن لەوەفا**

**وەفاکانی ئێرە بەبێوەفایی داخت دەکەن..!**

**باخچەکانی پەپوولە لێوان لێون لەخاڵی سەرەتای**

**خۆشەویستی..**

**باخچەکانی ئێرە لێوان لێون لەخاڵی کۆتایی ڕق..!**

**باخچەکانی پەپوولە پڕن لەخانۆچکەی جوان جوان..**

**لەباخچەکانی ئێرەدا ئەو خانۆچکانە قەدەغەو نامۆن..**[٤]

جارجارە شاعیر، ئۆباڵی نەهامەتییەکانی تاکی ئەم کۆمەڵگەیە، چ وەك (کوردێك) و چ وەك (مرۆڤێك) داخاتەوە ئەستۆی ژینگەو دەوروبەری چینگەیەك، نەك بەمانا جوگرافییەکەی، بەڵکو بەمانا فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، ژینگەیەك، دەسەڵاتێك، لایەنێك، هێندە دڵڕەق و ملهوڕانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم کائینە کردووە، هەوڵی زەوتکردنی ڕۆح و جەستەی داوەو تەنانەت بەخشینی هەناسەی ژیانیشی پێڕەوا نەبینیوە.

**من لەو دیو هەناسەکانی ئومێدەوە**

**بەرلەوەی گۆرانی ژین بڵێمەوە**

**ئاوازەکانیان لێ دزیم!**

**وشەکانیان بەگیر هێنام!،**

**دێڕەکانیان توڕەکردن!.**

**هەناسەکانیان شاردمەوە!.**

**نەبادا بۆنی عیشق و**

**بۆنی پووشکوتنی گوڵ و**

**بۆنی بارینی باران و**

**بۆنی گەڵای بەهاران و**

**بۆنی حەقیقەتیان لێ بێت..!!**

**من لەوێوە دەدوێم..** [5]

دەکرێت بەشێوەیەگی گشتی بڵێین، لەڕووی بنیاتی بابەتییەوە، (بووکە بەبەرانە) دوو خەم، دوو نیگەرانیی، دوو قەیرانی گەورە لەدووتوێی خۆیدا هەڵگرتووە، خەم و قەیرانێکی نیشتمانی و قەیرانێکی (مرۆیی — رۆحی) هەندێکجار هەریەك لەم خەمانە بەدەقی سەربەخۆ دەربڕاون و هەندێجاریش لەئەزموونی ئەدەبیی دەقێکدا ئاوێتەی یەکدی بوون و شاعیر لەبەجەستەکردنی قەوارەی مرۆڤایەتییانەی مرۆڤدا تێکهەڵکێشی یەکترییانی کردووە.

دەقی (هاوڕێکەم راستی وت) بەشێك لەخەمەکانی نیشتمانی لەخۆگرتووە:

**مەخابن.. وڵات،**

**وڵات.. مەخابن!**

**ئەو منداڵەی کە دوورە لەبۆنی باوک،**

**نازی لەدڵ تۆرێنراو بێ و**

**سۆزێک نەبێ بیبڕێتەوە**

**دایکێک چەندین ساڵە..**

**ئەشکی لەچاو نەگیرسابێتەوە..!،**

**دەستێک نەبێ بیسڕێتەوە**

**کەرکوکی کورد هەر بسوتێ و**

**بێ دەنگ،**

**بێ رەنگ،**

وەک وێرانە..

بێ دڵسۆزی بتوێتەوە.!

شارەززوورە خێر لەخۆ نەدیوەکەی (نالی)..

دەستی بەنێو چاوانییەوە گرتووەو

ماتی تەماشای هێمنی و

ئاسوودەیی بارانێکی ئاوەدانییە..

بەسەر رۆحی شەقاربوویدا داببارێ،

هەر ناباری...!!

توخوا.. لێمی دوور خەرەوە!

ئەو رادیۆیەی،

ئەو (TV)یەی،

کە باسی ئازادی دەکات

کە من هاتم یەکسەر لێمی بکوژێنەوە..!!

بەیانییەو کە دەرۆمە دەرەوە..

شێتانە عاشقی دەبم،

شێتانە پێ دەکەنم..،

ئەشک دەرێژم.. شێتانە!

شێتانە خوار دەبمەوە

بەرەو کۆڵانەکانی حیکمەت..!

بەرەو ئەو دێرەی کە دەمنوسێ،

بەرەو ئەو وتەی کە دەمڵێ

بەرەو ئەو بەیانییەی کەهێشتا

دەستی لەنووسینەوەم هەڵنەگرتووە..![٦]

لەدەقی (هەموو شتێك دەسپێرم بەتۆ.. ئەی دۆست) خەمێکی رۆحی بەدی دەکرێت، بەڵام نەك خەمێکی سۆفییانە بەمانا تەقلیدییەکەی، بەڵکو خەمێك تینوێتی رۆحی و

ئۆخـژنی دەروونـی و ئـۆقرەیی و ئـارامی و جـوانی و عیـشق و زەوی و ئاسمـان پێکـەوە گرێدەدات، هەموو ئەمانە لەپێناو ئەمڕۆو سبەی مرۆڤدا.

وەرن بمخوێننەوە..
چەندین شەیدای نمەی پاکیزەیی سوبح و
شەونمی بەرائەتی شەوم!
وەرن بزانن..
چەند گوڵی کەساسی
لەباخچەکانی دڵی عیشقما رواوە.!
هاوڕێم...
ئەدرەسێکم پێ بێژە
بمباتەوە بۆ ماڵی باران!
گرانە سیسبوونی گەڵاکان!!
توولەڕێیەکم نیشان بە
دڵنیایی لێ بڕژێ،
ڕێگەکانی گومان تەی کات و
ئاشنام کاتەوە بەگەمەی جاران![٧]

گەر بمەوێ هەڵکشێمەوە بۆ ئاسمان،
بفڕم بۆ لای فریشتەکان،
ئەمجارەیان.. ئاوێکی ترم پێویستە!
بۆ دەستنوێژ شۆردن.
دەستنوێژێکی تەڕ تەڕم بەئەوین
پێویستە بۆ نوێژی هەڵکشان!!
بیرێکی نوێ..
ئاراستەیەکی نوێ..
ئاکاری نوێم دەوێ تا ڕێ دەرکەم بۆ خۆشەویستی..!

ئاوێنەیەکی ترم گەرەکە بۆ بینینی ناسکی..!
دەبێ سینگم بەخشەرەوە بێت
بەخشەرەوەی هێمنی و مەحەبەت..
منالییەکی ترم دەوێ بۆ تۆزێ یاری تر..!

دەبێ بژین..
تا پارچەیەک زوهد لەخانەقای عاریفێکدا.
لەهەنگاوی عاشقێکدا..
لەتکەی دەستوێژێکدا هەبێت.
مەترسن ژیان هەر جوانە..
باران نمە نمە دەبارێ..!
تا دڵۆپێک نوور لەناو دڵی
پیرێکدا،
لەنێو دەستی نزایەکدا،
لەڕووخساری هەر لاوێکدا مابێتەوە
مەترسن ژیان هەر جوانە،
گیا سەوز دەبێ!
تا مشتێک ئەدەب..
لەهەڵوێستی ڕێبوارێکدا،
لەناو دڵی عاشقێ..، هونەرمەندێکدا،
لەناو چاوی شاشەیەکدا
مابێ و هەبێت
غەم و مەخۆن.. ژیان هەر جوانە..
بولبول هەر بەکوڵ دەخوێنێ!
تا چەپکێک ڕاستگۆیی و هاریکاری
لەوتنی کڕیارو فرۆشیارێکدا،

**لەسەر زاری ناو دەروونی پێشەنگێکدا،**

**لەجانتای رۆژنامەنووس و مامۆستاو دوکتۆرێکدا،**

**لەپێنووسی شاعیرێ**

**یا نووسەرێکدا،**

**لەنێو پەیمانی دوو دڵداردا..**

**مابێ و هەبێت**

رەنگە ئەم کردەی پێکڤەگرێدانە بەها رۆحی و کۆمەڵایەتییەکان، سیمایەکی نوێی دەقی عاریفانەو شیعری عیرفانی بێت، بەو مانایەی ئەگەر دوێنێ لەشیعری کلاسیکی کوردیدا شاعیرێك پێوەندی و کاریگەریی رۆحی تەنیا لەموناجاتێکی خودی و تاکەکەسیدا کورت دەکردەوەو لەسنووری هەست بەتاوانیاری و پەشیمانبوونەوە دەرنەچوو، ئەوا ئەمڕۆ لەدەقی هاوچەرخدا پێوەندی و کاریگەرییەکە فراوانتر کراوەو تەنیا لەپێناو ئاسوودەیی ناخی خودی شاعیر خۆی نییە، بەڵکو بۆنموونە لەدەقەکانی (ئارام) بۆ پتر جوانکردنی ژیان و چێکردنی ساباتێکە، مرۆڤ لەسایەیدا هەست بەئارامی دەروون و جوانیی ژیان بکات و لەحیکمەتی بوون رابمێنێت و خۆی بناسێت.

جێگای ئاماژەیە (ئارام) لەدەقەکانی (سەفەر) و (هەناسەی ئەوینە رۆح)یشدا بەزمانێکی ناسك و لیریکی قەیرانە رۆحی و کۆمەڵایەتییەکان ئاوێتەی یەکدی کردووەو دەیەوێت مرۆڤ بەئەدگارە مرۆڤایەتییەکانییەوە بژێت.. ئەو ئەدگارانەی کە بارودۆخێك یان ژینگەیەك شێواندوویەتی یان پەراوێزیکردووە....

## زمان و ئاخاوتنی شیعر:

بێگومان شانبەشانی هێزی ناوەرۆك، هێزی موگناتیسی زمان، دووەم جەمسەری سەرەکییە لەکارکردنەسەر خوێنەرو پتر کەمەندکێشکردنی بەرەو دنیای دەق. ئەو نێوەرۆکەی (بووکە بەبارانە) دەریبڕیوە، ئەگەر لەدووتوێی زمانێکی ئیستاتیکیدا نەبووایە، ئەوا نەدەبووە جێگای سەرنجدانی (خوێنەر)، هەڵبەتە ئشکردنیش لەنێو زماندا شێوازو ئامرازی جۆراوجۆری هەیە، ئامادەبوونی پتر جۆرێك یان شێوازێك لەشێوازو جۆرێکی دی پێوەندی بەجیهانبینی ئەدەبییانەی دەقنووس. دەکرێت لەچەند لایەنێکەوە

قسە لەسەر چۆنێتی و چەندایەتیی ئامادەبوونی (زمان، ئاخاوتن) بکرێت لەنێو دەقـەکانی (بووکە بەبارانە)دا، بەڵام ئێمە ئاماژەیەکی کورت بەدوو جۆر کارکردنی نێو زمان دەدەین:

### هێزی پرسیار:

پرسیارکردن، میکانزمێکی ئاخاوتنی نێوان مرۆڤەکانە، بەپێی ئاست و بوارو هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیان، کەرەستەو شێوازو ڕێبازی پرسیارکردنیش دەگۆڕێت.. دەکرێت لێرەوە ئاماژە بەچەند جۆرێك پرسیارکردن بکەین:

پرسیاری پۆلیسی، پرسیاری تاقیکردنـەوە، پرسـیاری ڕێبـواری، پرسـیاری فەلسەفی، پرسیاری پرسگەیی.

هەڵبەتە هەریەکە لەمجۆرانە ئەرك و کەرەستەی زمانەوانی خۆی هەیە، کاتێکیش ئـەم پرۆسەیە دەهێنرێتە نێو دنیای شیعرەوە، ئەوا نەك هـەر کەرەسـتەکەی، بـەڵکو ئامـانج و پەیامیشی دەگۆڕێت.

پرۆسـەی پرسـیارکردن، وروژانـدنی پرسـیار، لـەنێو شـیعردا، پرسـیارێکە لـەنێوان (ئیستاتیکا) و (ژیان) دایە، پرسیارێکە ڕوانـین و دنیـابینی لـەدووتوێی زمـانێکی شـیعریدا هەڵگرتووە.

(ئارام) هەندێجار لەدەربڕینی جیهـانبینی خۆیـداو لەچوارچـێوەی ڕاییکردنـی زمـانێکی شیعرییانەدا، سوودی لەمیکانیزمی پرسیارکردن بینیوە.

لەدەقی (شەوی سپی و بوونی من)دا (پرسیار) ئامادەییـەکی بەرچـاوی هەیـەو شـاعیر لەڕێگای وروژانـدنی چـەند پرسـیارێکەوە کـەڤاڵی جیاجیـای دنیـای خـۆی و دەورووبـەری نمایشدەکات و لەمیانیشیدا لایەنێکی ڕوانین و جیهانبینی خۆی دەخاتەڕوو:

**خۆ شەونمی سەر گەڵایەکت چاو پێ کەوتووە..**<br>
**چۆن دەخەنێ!**<br>
**کاتێ گەڵاکە بێ ڕوخسەت و زەرد زەرد دەبێ،**<br>
**ئازیزم ئەو کاتە شەونم چۆن نەگریەو چۆن بمێنێ!؟**<br>
**من بەم هەموو غوربەتەوە چۆن پێبکەنم؟**<br>
**من بەم هەموو پێکەنینەوە چۆن شین نەکەم؟**

من بەم هەموو تەمەوە چۆن ریٚ دەرکەم؟
من بەم هەموو غەمەوە بۆ غەم بخۆم؟
من بەم هەموو گڵەوە بۆ خاک نەبم؟
بەم هەموو گوڵەوە من بۆ باخچە نیم؟
من بەم هەموو عیشقەوە چۆن نەبمە دێوانە؟
من بەم هەموو نەرم و نیانییەوە..
کە بەشی گشت ژیان دەکات..
بۆ بەس تورەبوون دەبەخشمەوە؟
بەم هەموو رۆژە رەشەی ناخمەوە
بڵێی شەوێک سپیم نەکاتەوە؟
ئاخ...
بەم هەموو منداڵییەی نێو کەشتی دەروونمەوە..
بۆچی دەریای گەورەبوون نغرۆم دەکات،
ماڵۆچکەکانم دەرِوخێنیٚ و
ئاخر بۆچی یارییەکانم دەتۆرێنیٚ؟(8)

لێرە.. لەم مەملەکەتی زامەدا..
ئازادی گلەیی هەیە لەزیندانکردنی حەزەکانیی..!
بەم هەموو خیانەتەوە عیشق چۆن بکەوێتە حاڵ..!
بەم هەموو جەدەلەوە.. ژیار چۆن تۆخ دەبێتەوە..!
بەم هەموو خەزانی رووحەوە.. بەهاری بوونی چی؟
بەم هەموو بێنازییەی منداڵییەوە گەورەبوونی چی؟(9)

لێرە لەم مەملەکەتی شێواویەدا
کیٚ ناوچەوانێکی هێمنی بیٚ لۆچی لایە؟!
کیٚ دێرِێک راستی لەلایەو

**پیتێک نامۆیی لەئامێز نەگرتووە..؟!**

**کێ خەندەیەک شک دەبات**

**خۆی لەدەریای خلود شتبێت؟**

**من تەنهایی و**

**پاکیزەیی و**

**عیشق و**

**ملوانکەی هۆنراوەکانم و**

**گشت ئەشکەکانی خۆمی،**[10]

**هەندێجاریش، پرسیارە شیعرییەکان پتر لەزمانێکی ئاساییەوە نزیک دەبنەوە، بۆ** نموونە:

**دەرم بکەی.. واز ناهێنم!**

**خۆشمدەوێیت..**

**هەر دێمەوە..**

**ئۆقرە ناگرم دوور بم لەتۆ..**

**هەر لەدەرگات دەدەمەوە**

**بڕوام وایە تەنها هەر لەپەنای تۆدا**

**ئاسوودە سەر دەنێمەوە..!**

**کێی تر هەیە جگە لەتۆ**

**ئازیزانە دەستم بگرێ و**

**رەوانەم کات بۆ مەملەکەتی سکونەت؟**

**کێی تر هەیە هێمنانە گوێ بۆ رازەکانم بگرێ؟**

**بۆلای کێ هەنگاو هەڵبگرم؟**

**کێی تر هەیە جگە لەتۆ؟**

**ئاخر کێی تر..؟؟**[11]

## گەمەی زمان:

ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی بەهونەریکردنی زمان لەنێو شیعردا، پتر مەزراندنی هونەرەکانی رەوانبێژیی رایدەکرێت و دروستکردنی وێنە شیعرییەکان لەڕێگای

(درکـه)و (خـوازه)و (مـهجان)ەوه دەبـن و هـەر لێرەیـشەوه لاوانـی سـیمانتیکی دروسـت دەکرێت و زمانێکی تایبەتی دێته ئاراوه، بەڵام لەگەڵ ئەم ئـەدگارو خەسـڵەته گـشتییەدا، دەکرێت شاعیر لەڕێگای زمانی ئاخاوتنیشەوه زمانێکی شیعریی بەرجەسته بکات، ئەمەش بەهەڵبژاردنی ئەو پەیڤ و دەربڕین و دەستەواژه جوان و ناسك و مۆسیقییانەی نێو زمـان کـه لەبـەر هۆکارێـك لـەهۆکارەکان تـام و چـێژ و دەنـگ و رەنگیـان لـەئاخاوتنی رۆژانـەدا پشتگوێ خراوه، فەرامۆشکراوه، بزرکراوه،....

ئەمجۆره زمانه له (بووکه بەبارانه)دا بەئاشکرا دیاره، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا (ئـارام) لەچەندین دێڕ و کۆپلەی شیعرییدا، بەکەڵك وەرگرتن لەهونـەرەکانی رەوانبێـژیی، زمـان و وێنـەی هونـەریی سەرنجڕاکێـشی خوڵقانـدووه، تـەنها بـۆ نموونـه ئەگـەر لـەم دوو دێـڕه وردبینەوه:

**لەم گرانی کۆکردنەوەی نەزاکەت و**

**هەرزانی تیاچوونەدا**

**چاوی دەریا لێڵ کراوه..!**[١٣]

شـاعیر لەچوارچـێوەی بەرجەسـتەکردنی قەیرانـه رۆحـی و فیکـرو کۆمەڵایەتییـەکانی دەورووبەرەکەیـدا، ئامـاژه بـۆ روویـەکی تراژیـدیای ئـەم قەیرانانـه دەکـات، بـەوەی کـه (زەمەنێکه، ژینگەیەکه، قۆناغێکه) پاکی و جوانی و ناسکی و ئاکاری جـوان تێیـدا بـزرەو رووخان و دۆڕان و هەڵخلیسکان تێیدا بەربڵاوه...

وردەکاریی زمان لێرەدا بەم شێوەیەیه:

**گرانی:**

**زەحمەت و ئەستەم**

**کەمی و قات و قڕی**

**کۆکردنەوەی نەزاکەت:**

**ناسکی و ئاکاری پەسەندی جوان**

**بەهاو ئاکاری باڵای مرۆڤایەتی**

هەڵبەته (نەزاکەت) لەمانا فەرهەنگییەکەیدا، قـابیلی کۆکردنـەوه نییـه وەکـو شـتێکی ماددیی، بەڵام شاعیر بەشێوەیەکی مەجازی بەکاریهێناوەو ناڕاستەوخۆ گرتووەیەتی:

لەبەر ئاوەژووبوونەوەی پێوەرەکان، بەهاو ئاکارە مرۆڤایەتییەکان، دەگمەن بەرچاو دەکەوێت، ئیدی پشتگوێخراوە یان لەیادکراوە، هەر بۆیە ئەستەم و زەحمەتە بەژیانی تاك و کۆمەڵەوە بیانبینی.

**لەم هەرزانی تیاچوونەدا:**

**هەرزانی**

**زۆریی**

**سانایی**

**تیاچوون:**

**تیاچوونی:**

**کۆمەڵایەتی**

**سایکۆلۆژی**

**خود (تاک)**

**کۆ**

**رووخانی هیواو ئامانج**

زەمەنێکە، رووخان و دۆڕان و هەرەس و بێئومێدی و ژاکاویبوون تێیدا باڵادەستە، ئەمەش لەئەنجامی بەربڵاوییەکەی، بەکورتی وردبوونەوە لەکێڵگە سیمانتییەکانی پەیڤی (گران)، (نەزاکەت)، (هەرزانی) (تیاچوون) دەمانباتە سەر ئەو رایەی کە بڵێین (ئارام) چەند روویەکی تراژیدیای تاك و کۆی کەمەڵگەی خۆمانی، لەرێگەی چەند پەیڤێکەوە بەرجەستەکردووە، ئەمەش نموونەیەکە لەهونەری کورتبڕی و گەمەی هونەرییانەی ژیان.

**لەکۆتاییدا:**

خستنەڕووی ئەم سەرنج و سیمایانەی دەقەکانی (بووکە بەبارانە) مانای ئەوە نییە، بەرهەمی ناوبراو خاڵییە لەکەموکوڕی، شاعیر هەر خۆیشی سەرنجی خوێنەری بۆ ئەو لایەنە راکێشاوەو دانی بەوەدا ناوە کە بەرهەمەکەی (لەکەموکوڕی بەدەر نییە)، ئێمەش لەم نووسینەدا ئەم لایەنەمان لەبەرچاو بووەو پێمانوایە:

١.ناونیشانی کتێبەکە زۆر گونجاو نییە لەگەڵ پەیامی دەقەکان.

٢.زێدەڕۆییکردن لەهەڵبـژاردنی پـەیڤ و دەربـڕینی سـادەو نزیـك لـەزمانی ئاخـاوتنی ڕۆژانەوە، هەندێك لەتێکستەکانی لەقسەکردنێکی ئاساییەوە نزیککردووەتەوە.

٣.زۆر بەکارهێنـانی دەستەواژەی (ئەم دەقـە پێـشکەشە بـەفلان و فـلان..) یـان (بـۆ فلانە هاوڕێم نووسراوە).

غەدرێکی لەتێکستەکان و لەخوێنەریشی کردووەو خوێنـەر تووشـی واهیمـەی شـیعری موناسەبات دەکات، کە ئەمە لەپێکهاتەی هونەریی و زمانی دەقەکاندا وجودی نییە.

دوا سـەرنجم لەسـەر (بووکـە بەبارانـە) بـەوە کۆتـایی پێـدێنم کـە بڵـێم: ئـەو ئـەدگارو سیمایانەی دەقەکانی ئارام کە لەم نووسینەدا ئاماژەیان پێدرا، مەرج نییە بـەر لـە(ئـارام) کەس ئەمەی نەکردبێت و ناشڵێم (ئارام) یەکەم کەس و دواکەسە، نـەخێر لەخوێندنـەوەی دەقەکاندا بەئاسـانی دەنگـوڕەنگی شـاعیرانی وەك (فـاروق ڕەفیـق و دلاوەر قـەرەداغی و قوبادی جەلی زادە)و هەندێك لەگۆرانییەکانی (بەهجەت یەحیا) دەبیـسترێت و دەبینرێـت، بەڵام بەقەناعەتەوە دەڵێم (ئارام) خاوەنی جیهانبینیی خۆیەتی و فۆتۆکۆپی کەسـانی دی نییە، بەتایبەت لەڕوانینی بۆ چەمکی عەشق و ژیانی سەرگۆی زەوی.

* کۆلێژی پەروەردەی ب ـ هەولێر

**پەراوێزەکان:**

(١)بڕوانە: گۆڤاری (رامان)، ژ (١١٧)، شوباتی ٢٠٠٧، ل٢٠٠.

(٢)لەڕامان، ژ(١١٧) ئاماژەم بەهەندێ بەرهەمی گەنجان لەم بوارەدا داوە.

(*)هەڵبەتە قسەکردنێکی وردترو دروستتر لەسەر ئەم نموونە شیعرییانە، زیاتر لەنێو چوارچێوەی ناونیشان و تەواوی دەقەکانی خۆیاندا دەبێت، بەڵام ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی ستراتیژییەتی پەیامی دەقەکان بەجیاو بەدابڕاویی قسەمان لەسەر کردوون.

(٣)بووکە بەبارانە، ل١٦،١٧.

(٤) بووکە بەبارانە، ل٧٨.

(٥) بووکە بەبارانە، ل٦٧.

(٦) بووکە بەبارانە، ل٥٣، ٥٤، ٥٥.

(٧) بووکە بەبارانە، ل١٠٠.

(٨) بووکە بەبارانە، ل١٤.

(٩) بووکە بەبارانە، ل١٥.

(١٠) بووکە بەبارانە، ل٢٧.

(١١) بووکە بەبارانە، ل١٢٠.

(١٢) بووکە بەبارانە، ل٨٣.

# ئاوابوونی ڕەخنە

سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئەمڕۆ بەهۆی سەرهەڵدانی شێوەیەك لەئاشوبی نووسین مەسەلەی ڕەخنەو بوونی مەرگی ڕەخنە هاتووەتە ئاراوە، ونبوونی ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنێت، لەگەڵ قەیرانەکانی خۆیدا چرۆی ئەو قەیرانانە سەرهەڵدەن کە لەکەمبوودی ئەوا دەژێنەوە، ئەو باسانە تەشەنەدەکەن کە باسی چارەنووسسازن بۆ هەر ڕۆشنبیرییەك و کەلتوورێك. مەرگی ڕەخنە وەك هەموو مەرگەکانی دیکە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها کۆتایی هاتنی ژیانی ڕەخنەیی هەر ڕێچکەیەکی ڕۆشنبیری پابەندە بەهۆکارەکانی زیندوێتی و نەمری تێکستە ڕۆشنبیرییەکان، مەرگی ڕەخنە هاوشانە لەگەڵ مەرگەکانی تردا، یان هاوشانە لەگەڵ تێکشکاندنی تێگەیشتنەکانمان بۆ داهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمە داهێنراوەکاندا. کەمبوودی ڕەخنەو نەمانی ڕەخنە هاوشانە لەگەڵ نەمانی تێگەیشتن و بۆچوونمان بۆ ڕەخنە، لەدنیای داهێنان و نووسین و کاری هونەرییدا شتێك نییە پێی بووترێت کۆتایی، شتێك نییە سنووری دیاریکراوی هەبێت، واتە سنوور بۆ تەواوبوونی تێکست نییە، سنووری کۆتایی بۆ تەواوبوونی بیرۆکەی هونەریی و ئەدەبی نییە، لەچاڵانی ڕێچکەی ئەدەبی واتە بڕوابوون بەکۆتایی ، مەسەلەی دەقئامێزانبوون (التناس) لەمومارەسەی ئەدەبیدا پێمان دەڵێت هەموو داهێنانێکی نوێ، لەنێو خودی خۆیدا ئەو تێکستانەی هەڵگرتووە، کەپێشتر هەبوون و لەپاشانیشدا دێن، بۆیە مەحاڵە شتێك هەبێت پێی بووترێت کۆتایی دەقی ئەدەبی، بەڵام ڕەنگە شتێك هەبێت پێی بووترێت مەرگی دەقی ئەدەبی، مەرگ بەمانای بوونی فیعلی دەق، بەڵام نەبوونی ژیان و چووست و چالاکی و زیندوێتی ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە لەمەڕ ڕەخنە، کە لەخوارەوە بەووردی لێی دەکۆڵینەوە.

مومارەسەی هەر کارێك واتە درێژبوونەوەو بەردەوامی ئەو کارە، مومارەسە لەگەڵ خۆیدا زێدەبوونێك بیرۆکەیەك پێشکەشدەکات و لەگەڵ خۆشیدا چالاکییەك دەنوێنێت، مومارەسەی کاری ڕۆشنبیریش بەش بەحاڵی خۆی مامەڵەکردنە لەگەڵ دوو حاڵەت

کەئەویش حاڵەتی ناخ و ویژدان لەلایەك و دووەم حاڵەتی دەوروبەرو کارلێکردن، چالاکی رۆشنبیری وەکو مومارەسەیەك ناتوانێت لەو دنیایەدا بمێنێتەوە کە تا ئەو ساتە بۆ خۆی دروستیکردووە، بەڵکو زیاتر بەدووی پرسیاردا دەگەڕێت. لەو رۆژەوەی کەمرۆڤە دێرینەکان یەکەمین نیشانەیان بۆ لەیەکگەیشتن داناو یەکەمین سیمبولیان کرد بەماناو گۆڕینەوە، هەر ئەو ساتە هەستی چێژ دەرکەوت، کە ئەمەش بەمانای دەرکەوتنی هێزی نووسین و بیرکردنەوە بوو، ئەو روانینانەی ئەو کاتەو تا ئەم ساتەش درێژبوونەوەیەکە تا ئەمڕۆی مۆدێرن و گەشەکردوو. بەردەوامە، بەڵام کێشەکە لەو بەردەوامیەدا نییە، بەڵکو کێشەکە لەنابەردەوامی تێکستە نووسراوەکاندایە، یان مەسەلەکە شەڕی نێوان تێکستی کراوەو تێکستی داخراوە، ململانێی نێوان رەش و سپی نییە، هەرچەندە دەق هەبووبێت پانتاییەکی رەش لەسەر گۆڕەپانی نووسیندا هەبووە، بەڵام رۆڵان بارت وتەنی ئێمە مەبەستمان لەتێکستی زیندوو ئەو تێکستانەن بەرووی هەموو خوێندنەوەیەکدا دەکرێنەوە، کردنەوەیەك هەموو ساتێك ئامادەبێت، واتە هەڵهاتن نەبێت لەماناکان و ناوەرۆکەکان، مەبەستیش لەهەڵهاتن مەبەست لەئینکارکردنی ئەو پەیوەندییە نییە، ئەو پەیوندییە مەزنەی لەنێوان تێکست و بوون و وەرگرو رەخنەگرتندا هەیە.

ئەم چوارگۆشەیە(واتە تێکست و بوون و وەرگرو رەخنەگرتن) جێگەیەکی تایبەتە بۆ بڕیاردان لەچارەنووسی هەر تێکستێکدا، بڕیاردان لەزیندوێتی و مەزنی و دەوڵەمەندی کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا تێکستەکان لەدایکدەبن، بەڵام مردنی رەخنەو مردنی تێکست واتە مەرگی وەرگرو بوونیشە.

بۆیە ئێمە لێرەدا دەمانەوێت باس لەچەمکێکی زۆر گرنگ بکەین کە ئەویش رەخنەیە، نامەوێت لێرەدا بەشێوەیەکی تەقلیدی باس لەم وشەیەو ماناکانی و رۆڵەکانی لەبواری پراکتیزەکردندا بکەم، نەخێر مەبەستی من لەرەخنە مەبەستێکی دیکەیە، مەبەستە لەبەراوردکردن و رووبەڕوکردنەوەی لەگەڵ تێکستەکان، هەروەها کاتێك دەڵێم تێکست مەبەستم لەتێکست ئەو رەش و سپیە نییە کە بەپێش چاوماندا دێت و دەچێت و بەردەوامە، مەبەستم لەتێکست ئەو دوو تێرمەیە کە بەئینگلیزی پێی دەوترێت لیسبڵ و سکریپتیبڵ واتە تێکستی نووسراو و تێکستی خوێندراو، ئەم دوو چەمکە لەپاش مۆدێرنیزمەبوونی زمان بەبەرفراوانی خۆیان خزاندە نێو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان،

بەتایبـەت لەنووسـینەکانی جـاك دریـداو ڕۆلان بـارت و ئیمبرتـۆ ئیکـۆدا. زاراوەی یەکـەم لەڕووی گرنگییەوە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی پەیامێك بگوێزرێتەوە، لەهەموو بابەتێکدا ئـەم جـۆرە شـێوازە ئامادەیـە، هـەر لەتێکستە کلاسـیکییەکانەوە، تـا دەگاتـە تێکستە مۆدێرنەکان، ئەم شێوەیە جێ پێهەلگریی داوا رەخنەییەکانە، بـەلام دەقـی نووسـراو ئـەو دەقەیە بەبڕێکی هێجگار گەورە جیاوازی هەیـە لەگـەڵ ئـەوەی سـەرەوە، ئـەمیان بـەپێی لێکدانەوە زمانەوانییەکان ئەو دەقانـە دەگرنـەوە کـە لێکدانـەوەی زۆر هەڵـدەگرن، بگـرە سنوورێك لەنێوان من و ئەودا ناهێڵن، نووسەر لێرەدا کەسـی مامناوەندییـە، ئـەو ئەرکـەی لەسـەر شـانی بـوو بەشـێوەیەك لەشـێوەکان بـەجێی گەیانـد، پرۆسـەکەی بریتیـی بـوو لەبەرهەمهێنان، هەروەها ئەو یاسا باوەی کە لەنێو نووسینەکاندا هەیـە پـەیڕەوی ناکـات، بەڵکو خاوەنی یاسای تایبەت بەخۆیەتی و زیاتر پشت بەلێکچواندنەکان دەبەستێت.

بەهـەرحاڵ دەتـوانین بڵـێین ئـەم دوو شـێوە تێکستە وەکـو دوو شـێوەیەی رەخنـە، هۆکـارێکی گـرنگن بـۆ ئـەوەی بتـوانین، بـەو بڕیـارە بگـەین کـە ئایـا تێکستەکانمان لـەچ پەیوەندیەکی رەخنەیدان، ئایا بۆچی رەخنە دەگاتە بنبەست و ڕاگەیاندنی مەرگی رەخنە سـەرهەڵدەدات، ئایـا مـەرگی رەخنـە دەرئـەنجامی مـەرگی یـەکێك لـەو تێکستانەیە یـان دەرئەنجانی کەش و هەواو بارودۆخی پەیوەندیەکانە.

بەڕاسـتی ئاسـان نییـە بتـوانین ناویژدانانـە بڕیـار لەسـەر ئـەوە بـدەین، ئـاخۆ تێکستەکانمان مـردوون و کۆتـایی ژیانیانـە، یـاخود رەخنـەمان مـردووەو جەسـتەیەکی بێجووڵەیە، من پێموایە لەهەموو کەلتوورێکدا جۆرێك لەدەقی نووسراو و دەقـی خوێنـدراو دەبینرێت، بەلام لەکەلتووری کوردیدا بڕەکانی دەقی نووسراو فرەترن، ئەو زۆرایەتیە وای کـردووە، رەخنـە لەئاسـتێکی دیـاریکراوا بووەسـتێت و نـەك ئـەوەش لەهەناسـەنەدانی بەردەوامدا شێوەیەك لەمەرگی کتوپڕی تووش ببێت.

بۆ ئەوەی خاڵێکی دیکەش لەمـەڕ ئـەم دوو شـێوە دەقـە روونبکەینـەوە، ئـەم دووانـە لەیەك ساتدا دەتوانن لەدەقێکدا هەبن، ئەو کاتە بەشێوەیەکی گشتی بـاس لەمـەزنی ئـەو دەقە ناکرێت، بەڵکو باس لەلایەنـە بـاش و خراپـەکانی دەکرێـت، بـەلام دەقـی خوێنـدراو لەنێو کەلتوورو ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەندە ئەرکێکی گـران دەخاتـە بـەردەم رەخنـەگر، کـە زۆرجار کەسی رەخنەگر روبەڕوی دوودڵییەکی بەردەوام دەبێتەوە.

هەندێکجار لەبڕیاردانە سەرپێیەکانی رەخنەگری ئێمە ئەو خاڵە سستانە دەردەکەون کە لەکارە رەخنەیەکاندا رەنگدەدەنەوە، ئەویش بڕیاردانی رەخنەگرانە بەسەر تێکستی نووسراو و خوێندراودا لەڕوانگەی تیۆری خوێنەرەوە، واتە ئەگەر ئەو شتەی خوێنەر وەریگرت و پێی باشبوو ئەوە تێکستێکی گرنگەو مێژوویەکی گرنگی هەیە، بەڵام ئەو خۆی (واتە رەخنەگریش) چاك دەزانێت کە خودی وەرگریش لەهەر سەردەم و سات و ئانێکدا مەرج نییە لەمیانەی میزاجێکی تەواودا بڕیار لەسەر شتێك بدات، بەڵکو زۆرکات هۆکارە دەروونی و سۆسیۆلۆژیەکانیش رۆڵێکی گەورە لەم جۆرە بڕیاردانەدا دەبینن، ساتی وا هەیە رەخنەگر لەسەر بناغەی ئەوەی کە چۆن خوێنەرو بەچ نەزمێك پێشوازی لەتێکستێك دەکات، ئەویش بڕیاری خۆی دەدات، بەم کارەشی دەگاتە بنبەستێك کە ناتوانێت رێگەی دەرچوونی تیۆری خۆی بدۆزێتەوەو رەخنەکەشی دەگاتە بنبەست، ئەم حاڵەتەش لەنێو رەخنەی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، ئەو رەخنەیەی کە تا ئەم ساتەش لەسڕبوونێکەو سڕبوونەکەشی بۆ زەمەنێکی دوورو درێژ دەگەڕێتەوە کە زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا راگەیاندنی مەرگی رەخنەیی یاخود سەرهەڵدانی مەرگی رەخنەیی لای ئێمە هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ لایەنە ئیجابیەکەی بەوەی کە هەموو تێکستەکانمان بەدوا ترۆپکی داهێنان گەیشتوون و چیتر پێویست بەوە ناکات شیبکرێنەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، نەك ئەمەش بگرە بەپێچەوانەوەی ئەو برە تێکستانەی کە خاوەنی داهێنان و رۆحێکی مەزنن، لەنێو بازنەی دوو دڵی خۆیاندا دەسوڕێنەوەو چاوەڕوانی بڕیارێکن لەمەڕ ئەو توانایەی کە لەناخی خۆیاندا حەشاریانداوە.کاتێك لای ئێمە رەخنەگر بەپێی تیۆری پێشوازی خوێنەر هەڵدەستێت بەلێکدانەوەو شیکردنەوەکانی. هەروەها لەسەر ئەو تێکستانە کاردەکات کە میزاجی تاکە کەسی رێنوێنی دەکات و خۆشی نازانێت لەچ روانگەیەکەوە کاریان لەسەر دەکات، رەخنەگر ئەوەی لەبیرچووەتەوە لەهەردوو شێوە خوێنەرەکەی تێکستدا خوێنەری دانراو و خوێنەری راستەقینە ئامادەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە لەسەر زەمینەی واقیعدا ئامادە نییە، بەڵکو رەخنەگر وەکو کارێکی سیحرئامێز هەڵدەستێت بەدروستکردن و خوڵقاندنی، بەڵام ئەوی دیکە (واتە خوێنەری راستەقینە) ئامادەیەو بەردەوام لەگەڵ رەخنەدا لەپەیوەندیەکی زیندوودایە.

زۆرجـار خوێنـەری ئامـادە ئەوانـەن لـەنێو رۆشـنبیری ئێمـەدا بـوار بـۆ بڕیاردانـەکانی رەخنەگر دەرەخسێنن، زەمینـەش خۆشـدەکەن بـۆ لێکدانـەوەی بـەردەوام و خولقانـدنی شـێوەکانی بیرکردنـەوەو وردبوونـەوەو هـەروەها خۆشـەکردنی ئـەو زەویانـەی کـە ئـەو دەیەوێت رووەکەکانی لەسەر بچێنێت.

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر خاڵە سەرەکییەکەی خۆمان و وردبوونـەوە لـەو باوەڕانـەی کـە حوکمیـان بەسـەر رەخنـەدا داوەو حوکمیـشی بەسـەرا دەدەن، وردبوونـەوە لـەو بۆچوونانەی کە دوو دڵن لەوەی ئـاخۆ رەخنـە هـەن یـاخود تووشـی پەتایـەکی کووشـندە بووەو لەسەر سـەرینی گیانەڵایـەو چـاوەڕوانی مـەرگ دەکـات؟ یـان تووشـی سـڕبوونێکی درێژخایەن بوەو شۆکێکی گەورەی پێویستە تا هەستێتەوە؟.

ئایا ئەو دەردەی رەخنەو رەخنەگری ئێمە پێوەی دەناڵێت تەنیا دەردێکە رۆشنبیری ئێمەی گرتووەتەوە یاخود دەردێکـی نێونەتەوەییـە؟ بـەپێی لێکدانـەوەو لێکۆڵینـەوەکان زۆربەی زۆری رۆشنبیرییەکان تا رادەیەك و بەشێوەیەك لەشێوەکان سستی رەخنە لـەنێو بوونیاندا ئامادەیە، چونکە ئەم دەردە، دەردێکە درێژبوونەوەی درمەکانی تری ژیانـە کـە لەگەڵ خۆشیدا تێکستیشی گرتووەتەوە، ئەو قەیرانە داوامان لێدەکات بەچـاوێکی دیکـەو بـەڕوانینێکی سـەرپێیانەی دیکـەوە بڕوانینـە هـەر داهێنانێـك.بـەڵام پـێش ئـەوەی بـەم شمولیەتە بگەین ـ دەتوانین لەبەراوردکاریەکی بەپەلەدا ئەو بڕیارە بـدەین ئایـا دەردەکـە لای ئێمە ئەگەر هاتوو خۆمان لەگەڵ دەوروبەردا بەراورد بکەین فراوانترە؟، ئایا تێکست و کەلتوورو مێژوومان لەنەهامەتیەکی کوشندەدایە؟ نەهامەتی و کەمبوودیەکانی داهێنانمان زۆر لەبوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە؟ بێگومـان بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە دەتـوانین بڵـێین بەڵێ، زۆر لەو دیاردانە راستییەو ناکرێت ئینکار بکرێن و بڕیاردانێکی وەها بوێرانە هێـشتا نەیتوانیوە جـێ پێـی ئـەو پرسـیارانە لـەنێو بونیـادی مێـژووی رۆشـنبیری ئێمـەدا بێنێتـە وەڵام.

بـەو هـەموو هۆکـارو بـەو هـەموو گۆڕانکاریانەشـی کـە لەسـەر گۆڕەپـانی ژیانـدا روو دەدەن، ئاسـاییە ئەگـەر رەخنـە تووشـی سـستی و کـەمبوودی بێـت، ئاسـاییە گـەر سەردەمێکی بەسەردا تێپەڕێت و نەتوانێت بەڕاستی پەیامـەکانی خـۆی بگەیـەنێت، بـەڵام ئەوەی لای ئێمە دەبینرێت نەك بریتییـە لەسـڕبوون بـۆ سـاتەوەختێك، بـەڵکو نـەبوونێکی

کوشندەیە، ئامادەنەبوونی زەمینەکانی داهێنانە، ڕەخنە لەزەوی هیچێتیدا دەخولێتەوە، نـەك ئـەوەش بەنـەبوونی خۆشـی قـەیرانێکی مـەزنی لەپاشـاگەردانی و بێـسەروبەری خولقاندووە تا گەیشتووەتە ئەوەی دەقی ئیفلیج و کەمئەنـدام سـەرتاپای ڕۆشـنبیریمانی گرتۆتەوە، هەرچەند هەندێك ئەو هەموو زۆری و بۆریە بۆ بوونی ڕەهـایی دەنگوڕەنگـەکان دەگەڕێننەوە، ئـەو هـەموو تێکستانە بەپاسـاودانێك دەزانـن بـۆ ئەزموونگـەریی و هـەوڵی داهێنـان، هـەروەها بەهـەوڵێکی دەزانـن بـۆ دەرچـوون لـەبێهوودەیی و تێکۆشـانە بـۆ ڕەوانکردنی قەڵەمـەکان، لـەم هـەموو پاشاگەردانەیەشـدا ڕەخنـە تووشـی سەرسـوڕمان و ونبوون بووە، لەبەرئەوەی ڕەخنە دەبێت بەکەسانێك بسپێردرێت کارامەو زەحمەتکێش و زانـاو دانـابن کەچـی ڕەخنـەمان بەکەسـانێك سـپێردراون کـە میراتگرێکـی نمـەك حـەرامی ڕەخنەن.

پەتای نەبوونی ڕەخنە یاخود مەرگی ڕەخنە ڕەگێکی قوڵی لەنێو پرۆسـەی فیکـری و ڕۆشـنبیریماندا داکوتـاوە، هۆکارەکـانی ئـەو بزربوونـە تاڕادەیـەك لەهەنـدێك حاڵـدا بەدەردەکەوێت ، بەڵام لەهەندێك رووی ترەوە نازانرێت هۆکـانی چیە. بۆچـی ڕەخنـەمان لەم حاڵەدا دەژی و بۆچـی ئـەم چارەنووسـەی بەنـسیب بـووە. خـۆی ئەمـە پرسـیارێکەو لەدوو توێی وتارێکی ئاوەها کورتدا وەڵام نادرێتـەوە، بـەڵام دەکرێـت بووترێـت نـەبوون و کەمبوودی ڕەخنەییمان وەکو کەمبوودییەکانی دیکـە، دیاردەیەکـە ڕۆشـنبیرو ڕۆشـنبیری کوردی پێوەی دەناڵێت، ناڵێم بەهیچ شێوەیەك و بەهیچ پیودانگێك ڕەخنـە ئامـادە نییـە، بەڵام بەپێی گۆڕانکاریەکانی دەق نین، ئەگەر هەندێك ڕەخنەش هەبن هێشتا ئەو ڕەخنانە لەنێو تێگەیشتنە ئەغریقیەکەی خۆیاندا دەسوڕێنەوە کە بـریتین لەحوکمـدانی دادگائـامێز بەسەر تێکست و نووسینەکاندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کـە ژمارەیـەکی زۆر لـەو تێکستە ڕەخنەیانەی هەمانن، کەم تـا زۆر شـێوەیەکن و ڕۆحیـان تێـدا نـەماوە، بـوونی ڕەخنـەیی لەلای هەندێك هێشتا لەبۆچوونەکانی (بایل)* دەرنەچـووە، نـەك ئەمـەش برێکـی زۆر لـەو تێکـستانەی ئێمـە بەدرێـژایی مێـژوو بـەهۆی دەرەتـانی و کـەمبوودی لێکدانـەوە ڕەخنەییەکانەوە، سەردەمی بەسەردا دەڕوات و هێشتا کەس نازانێـت لـەچ خانەیەکدایـە، خانەی داهێنان، یاخود خانەی دووبارەبوونەوەو وڕێنەکردن .

گەر لەرەخنەی کۆمەڵایەتیدا لەسەر دەستی چەند مامۆستایەك برێك وتـاری رەخنـەیی ئـەدەبی سەرچـاوەیەك بێـت بـۆ دەوڵەمەنـدی کەلـەپووری رەخنـەییمان یـاخود لـەکارە رەخنەییە مێژوویـەکانی هەنـدێکیان سەرچـاوەیەك بـۆ دەوڵەمەنـدی دەرکـەوێت، ئەمـەش لەگەڵ ئەو دەریـا تێکستانەی کـە لـەپانتایی رۆشـنبیری کوردیـدا گەردشـدەکەن بـەراورد ناکرێـت - هـەموو بەشـەکانی رەخنـە لـەبونیادی فیکـری و رۆشـنبیری و کولتوورییمانـدا بەدەسـت کـەمبوودی رەخنــەوە دەنـاڵێنن، نـەك تـەنیا بوارێـك بـەڵکو لـەزۆر بـواردا هــەر لەرەخنــەی رۆشــنبیری و رەخنــەی نــوێ و رەخنــەی دیــالۆگی تــا دەگاتــە رەخنــەیی کۆنتێکستی و فینۆمینۆلۆجیش ئەرشیفێکی هەژارمان هەیە، لـەو هەژارانـە دەچـێت تـەنیا لەتە نانێك بۆ رۆژێك شکدەبەن.

ئەگەر لەنێو ئەرشیفی رەخنەیماندا لەبوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری چەند ناوێك هەبن، ئەوە لەبوارەکانی دیکـەی رەخنـەدا لەحاڵـەتی مـەرگێکی تەواودایـە، ئـەو مەرگـەی بـەبێ دوودڵی دەتوانین بەچاوی خۆمان جەستەکەی ببینین.

لەگەڵ مێژووی گۆڕانکاری تێکستەکان و مێژووی ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر بوونیادی داهێنان و کۆمەڵگەکەدا هاتوون، لـەنێو مێـژووی رەخنـەییمان برێـك نـاو ئەگـەر هەشــبووبن، چــیتر کــەڵکیان نــەماوە بــۆ ئــەوەی وەکــو شــێوازێك بــۆ درێژبوونــەوەی رەخنەییمان سوودیان لێوەربگرین، ئـەو هـەموو تێکستانەی وەك شـەپۆل بەکـەنارەکانی وەرگردا گوزەردەکەن، بێگرفت بەسەر بەربەستەکاندا دەڕۆن و هەندێکیشیان بەوەهمێکی درێژخایەن لەنێو دڵ و چاوی وەرگردا دەمێننەوە.

هەندێك ئـەم گۆڕانکارییانـەی بـواری تێکسـت و گەشـەکردنی تێکسـت بـەهۆکارەکانی دیکەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە هەندێك هەن دەڵێن ئەمە مۆدەی بەجیهانیبوونەو هـەموو تێکستێك بێ گوێدانە رەخنە خۆی بەهەموو جێگەیەکدا دەکات، بەڵام ئەوەیان لەیادچووە کە خودی بەجیهانیبوونیش هەوڵێکـە بـۆ بـرەودان بەڕەخنـەو بەگـشتیکردنی هـەموو ئـەو چالاکییە زیندووانەی کە دەستیان بەسەر جیهاندا کێـشاوە، هەوڵـە لـەپێناوی گۆڕانکـاری بنەڕەتیدا، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکارییانەی لەنێو دنیای تەکنەلۆژیاو سیاسەتدا دەبینرێت.

## هەناسەکانی تێکست

هەروەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد مێژووی نووسینی رەخنەییمان، مێژوویەکی هەژارە، هۆکارەکانیشی لەهەندێك خاڵدا ئاشکرایەوەو هەندێکی دیکەشی نەزانراوە، بێگومان هەندێك هۆکاری مامنەوەندی هەن کە هۆکاری کەمبودی رەخنەیین، وەکو نەبوونی دەزگاو گروپە تایبەتییەکانی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی رەخنەیی و تیۆریزەنەکردنی زۆر لەبوارەکانی فیکری رەخنەییی و نەبوونی ئینستیتووی تایبەت بەرەخنەو لێکۆڵینەوە، ئەمە سەرەڕای نەبوونی کەمبوودی وەرگێڕان لەبارەی قوتابخانە رەخنەییەکان و هەروەها کارکردن لەژێر کاریگەریی یەك قوتابخانەی ئایدیۆلۆژی. هەروەها پێوانەکردنی هەندێك لەپرنسیپەکان بەپێوانەی سیاسی و هۆکارە سیاسییەکان و دوورکەوتنەوە لەمەسەلەکانی گەڕان بەدووی مێژویەکی تایبەت بەمەسەلەی رەخنەیی لەبوارەکانی بیری فۆلکلۆری و ئەفسانەو کۆمەڵایەتییدا.

نابێت ئینکاری ئەوەش بکەین کە بڕی ئەو رەخنانەی بەپێودانگی ناتیۆری و ناپرۆگرامانە هەن زۆر زیاترن لەچاو ئەو رەخنانەی بەشێوەیەکی تیۆری مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن، هەر بۆنموونە بڕێکی زۆر لەشێوازی رەخنەییی ئەدەبی ناراستەوخۆ هەن، لەشێوەی جیاجیاو بەشێوازی ناهۆشمەندانە بوون بەبەشێك لەمێژووی رەخنەیمان، داستانە شیعرییەکانی مەم و زین—ی ئەحمەدی خانی و خەج و سیامەند و هەندێك لەقەسیدەکانی نالی و مەحوی و شێخ رەزاو..هتد، شێوەیەك لەرەخنەی شیعری بەدیدەکەین، کە زیاتر بەدەوری مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسییەکاندا دەسوڕێنەوە، بەڵام وەکو شێوەیەك لەلێکدانەوەی تیۆری رەخنەیی هیچی وا بەدی ناکەین کە ئاماژە بێت بۆ مەسەلەی رەخنەی رۆشنبیری و خاوەن پێگەیەکی تیۆری قووڵ، زۆربەی زۆری ئەو شێوازانەش کە باس لەهەوڵە رەخنەییەکان دەکەن، زۆر بەکەمی لەمێژووی رەخنەییماندا تیۆریزەکردنێکی ئاسایی بەرچاو دەکەوێت، ئەو هەوڵانەشی لەمێژووی رەخنەییماندا لەلای زۆر لەرەخنەگرانەوە دراون نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ببنە پایەگەیەکی بەهێز بۆ مێژووی رەخنەییمان. پێموایە ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە، بۆ ئەوەی زۆربەی تێکستەکانمان لەهەناسە کورتیەکی بەردەوامدا بژین، مێژوویەکی پڕ تێکست لەپاڵ رەخنەیەکی سڕبوو چاوەڕەوانی چی لێدەکرێت.

دەكرێت بڵێین لەبواری ئەدەبیدا زیاتر لەهەموو بوارەكانی تری چالاكی فیكری خاوەن داهێنانین، كەچی تا ئەم ساتەش لەقەیرانێكی تەواوی رەخنەی ئەدەبیدا دەژین، ئەو وتارو لێكۆڵینەوانەشی كە لەسەر موڵكی رەخنەی ئەدەبی حیسابكراون، بەزەحمەت دەتوانرێت لەو بوارەدا پۆلێن بكرێت، جار ناجارێك ئەو كاری رەخنەو لێكۆڵینەوانەی دەربارەی شیعرو چیرۆك و رۆمان و تێكستەكانی بواری فۆلكلۆر كراون... هتد، بەڵام لەچاو خۆی و لەچاو پێویستییەكان، هێشتا زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بزانین، چ یەكێك لەو هەوڵانە توانیویەتی بونیادی راستەقینەی رەخنەی كوردی پێكبێنێت، هەروەها ئەو هەوڵانەشی كە دراون زیاتر لەمەودای خوێندنەوەی كلاسیكی تێكستە ئەدەبیەكان تێناپەڕن، واتە خوێندنەوەی دانەر وەكو پێویست نەخوێندراوەتەوەو دەقیش هەر لەكایەكەی خۆیدا هێڵراوەتەوەو زۆر بەكەمیش چوونەتە وێزەی دەقەكانەوە، واتە كاركردن بەپرنسیپی مەرگی دانەر زۆر بەكەمی لەو كارە رەخنەییانەدا دەبینرێت كە بەمەبەستی لێكدانەوەی رەخنەییدا كراون، سەرەڕای ئەمەش كەم تا زۆر خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی باڵی بەسەر لێكۆڵینەوەو كارە رەخنەییەكاندا كێشاوە، بەكەمی كەسێك بەرچاو دەكەوێت بەهەموو توانایەوە توانیبێتی زۆر لەتێكستە رەخنەییەكان بەبێ تێهەڵكێشكردنی لەگەڵ لایەنی ئایدیۆلۆژی تێبینی بكات.

سەرەڕای ئەمانەش بەبێ راوەستان هەمیشە دەقەكانمان بەرهەمهاتوون. بەبێ راوەستان چوونەتە حزوری خوێنەر، مێژووی دەقمان كولتوورێكی چالاكە لەبەرهەمهێنان، بەڵام بەرهەمهێنانی ئەو تێكستانە كەم تا زۆر بەهەموو سلبی و ئیجابەیاتەكانییەوە بریتی بوون لەتێكستی ئامادە بۆ سەرهەڵدانی شتی نوێ، داهێنانی نوێ، لەهەوڵی ئەوەدابوون تا جێگەی خۆیان لەنێو كاروانی داهێناندا بكەنەوە، بۆیە هەناسەی تێكستەكانمان هەناسەیەكی دوورو درێژ بووە لەهێنانەكایەو بەرهەمهێنان، بەڵام ئەو هەناسەیە لەپاڵ هەناسەكورتی رەخنەدا تووشی شێوەیەك لەسەرسوڕمان بوبوو، سەرسوڕمانی ئەوەی ئایا بەردەوام بێت یان نا، گرنگی بەداهێنان بدات، یان راوەستێت و چاوەڕوانی گۆڕانكارییەكانی رەخنە بكات، راستە ئەو بەردەوامی بەخودی خۆیداو تا ئێستا لەهەوڵی تێكۆشانە، بەڵام هەمیشە لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووە شتێكی پێبووترێت، ئاگادار بكرێتەوە، دووربخرێتەوە لەو شتانەی كە خۆی بەهێزو تواناكانی تەسلیمكردووە.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت دەبێت دەق بەنیازو ئارەزووی رەخنە هەڵبسورێت و لەوەوە سەرچاوە بگرێت و کارەکانی ئەنجامبدات، نەخێر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەرەخنە سەردەستە بێت و دەقەکانیش کاروان بن و بەدووی ئەودا رەوبکەن و لەچاوەڕوانی بڕیاری ئەودا بن، نەخێر ئەمە مەبەستەکە نییە، مەبەستەکە لەوەدایە ـ ئایا تا چ رادەیەك دەتوانن پێکەوە بن، گەر پێکەوە بەردەوامی بەکاروانەکەیان بدەن، باشترەو چاوەڕەانی باشتری لێدەکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو رەخنە لەمیانەی هەوڵەکانیدا هەوڵی دۆزینەوەی نهێنیەکانی ئەو تێکستانەی دا ئەوە هیچ نەبێت، ئەرکێك و شتێك پێشکەش بەتێکستەکان دەکات، کەواتە گرنگی نووسینی رەخنەیی یاریدەدەرو تەواوکەری پرۆژەی داهێنانەو تەواوکەری ئەو هێزانەیە کە هەموویان پێکەوە مەودا رۆشنبیریەکە دەوڵەمەند دەکەن، واتە پێکەوە لەمەیدانێکدا کار دەکەن بۆ ئەوەی جوانکارییەك ببەخشنە ساختمانی رۆشنبیری و داهێنان.

## چرکەکەکانی رەخنە

بڕێکی زۆر لەداهێنەران بێگوێدانە رێچکەی رەخنەیی و بێگوێدانە هەر وەڵامدانەوەیەکی رەخنەیی کاری خۆیان دەکەن و بەردەوام دەبن لەداهێنان و نوسین و دۆزینەوەی نوێتر، بەڵام هەر خودی ئەو نووسەرو داهێنەرانە لەوە بێئاگان کە هەندێك لەنهێنی داهێنانەکانیان، خۆشیان بەئاسانی پەی پێنابەن و درك بەهەندێك لەکەین و بەینی جوگرافیای تێکستەکانی خۆیان ناکەن، هەروەها ئەو هاوکێشە کیمیایانەی نێو دەقەکانیان تەنیا بەوەڵامدانەوەی داهێنەرانەی رەخنەگر لەگەڵ وەرگرو خوێنەرو گوێگردا کارلێکردن دەکەن و دەرئەنجامێکی زیندوو بەدەستەوە دەدەن.

ئەو پانتاییە مێژووییەی خاوەنی دەق کاری لەسەردەکات مەودایەکە لەگەڵ خۆیدا هەموو ئەو مێژوە بەدووی خۆدا دەبات کە پێی دەوترێت (دانەر لەپشتەوەی دەق)، ئەو لەنێو مەرگی خۆیدا زیندوێتی دەقێك دێنێتە ئاراوە کە کەم تا زۆر پێویستی بەدۆزەرەوەیەك هەیە، ئەو دۆزەرەوەی کە بینی بەهێز بێت و بتوانێت لەقوڵاییترین بەشەکانی ئەو رووبارەی دەقدا مەلە بکات و بگەڕێت و ئەو یاقووتانە بدۆزێتەوە، کە لەپشتی گوێچکە ماسیەکانی رۆحی دەقەکەدا خۆیان حەشارداوە، بۆیە رەخنە پێویستە

وەکـو زەرورەتێـك بـۆ دووبـارە دۆزینـەوەی یاقووتـەکانی داهێنـان و ئاشـکراکردنی ئـەو درمانەی کەوتوونەتە نێو ئازای تێکستەکانەوە.

کەواتـە ئـەوەی رەخنـەگر دەیبینێـت جیـاوازە لـەو شـتەی کـە تێکـستەکە خـۆی دەیبینێت.

ئەگەر رەخنەگرتن و رەخنە بەهەموو شێوازو قوتابخانەو رێچکەکانییەوە هەوڵێك بێت بـۆ دووبـارە خوێندنـەوەی نهێنیـەکانی دەق و سـیحرەکانی دەق ئـەوا لەهەریـەك لەشێوازەکانی رەخنەدا مامەڵەکردنێکی تایبەت، هەیە، هەریەکەو بەشێوەیەك لەشێوەکان کاری خۆیان ئەنجامدەدەن بەمەبەستی داهێنان و دووبارە نووسینەوەی ئەو هێزانـەی کـە لەنێو دەقەکەدا خۆیان حەشارداوە.

کەواتـە بونیـادی دەق و توانـای نووسـەرو هێـزی داهێنـان و گرنگـی تێکـست و هەڵوەشـاندنەوەکان و دەقـی خوێنـدراو و بیـستراو کۆمـەڵێك ئـەرکن لەمیانـەی رەخنـەو رەخنەگرتندا، دەبینێرێت و دەدۆزرێتـەوەو بەدیـدەکرێت، ئەمـەش لـەبونیادی رۆشـنبیری ئێمـەدا ئیفلیجییـەکی دروسـتکردووە، کـە پێـی دەوترێـت ئیفلیجـی نـەبوونی روونیـەك و تێگەیشتنێك لەمەڕ ئەو هەموو چەمکانەی کە رەخنـە پێـشکەشیدەکات، نـەبوونی رەخنـە بەهەموو شێوەکانییەوە جۆرێك لەناهاوسەنگی دروستکردووە.

پێویستە ئەوەش بوترێت کە هەموو رێچکە جۆراوجۆرەکانی رەخنە بەو مەبەستە هەن تا زەمینەیەکی لـەبار پێکبێـنن بـۆ تێگەیـشتن لـەبارەی دەقەکانـەوە. بـۆ ئـەوەی بـواری گۆڕانکـاری دەق برەخـسێنن و ببنــە هــۆی بــرەودان بەدەوڵەمەنــدکردنی بوارەکــانی جوڵانـەوەی دەق. رەخنـە ئـەو شـێوازەیە کـە رووکەشـیەکان دادەپۆشـێت و نهێنیـەکان دادەماڵێت.

زۆر لەڕەخنە سـادەکان لـەنێو رۆشـنبیرە رووکەشـییەکاندا تێبـینی ئـەوە دەکـەن کـە رەخنە تەنیا کارێکی سلبی ئەنجامدەدات نـەك ئیجـابی و لەهەنـدێك رۆشـنبیریی دیکەشـدا رەخنە دووبـارە نووسـینەوەی تێکستە، دووبـارە وێنەکێـشانی جوگرافیـای دەقـە. بۆیـە گرنگ لەوەدایە کە دەق بەتەنیاو رەخنەش بەتەنیا هەریەکەیان پەیامێکی هەیە، بەڵام کـە رەخنە لەگەڵ دەقـدا پێکـەوە دەکەونـە ململانێـوە دەبنـە خـاوەنی پرۆژەیـەکی تایبـەت، پرۆژەیەك نە پەیوەندی بەناخی دەقەوە دەبێت نە بەناخی دانەرەوە. رەخنەگرتن لەدەق

و یاخود دەقی رەخنەگر هەردووکیان وەکو تێکستێك لەواقیعدا ئامادە دەبن، بەڵام ئەو دوو واقیعە بەهەموو مەوداکانیانەوە لەهەوڵی ئەوەدان خۆیان بسەپێنن، واتە پەیوەندیەك لەگەڵ بووندا بەرپا بکەن، وا بکەن تا راستییەکان ئاشکرا بن و هیچ ناکۆکییەك لەمەڕ تێکستەکان دروست نەبێت و دابڕان نەبێتە نسیبیان.

گرفتە گەورەکە لای ئێمە ئەوەیە کە دابڕان دروستبووە، دابڕانێکی کوشندە، دابڕانێکی جەرگبڕ لەنێوان خودی وەرگر (جا چ خوێنەر بێت یان گوێگر یان تەماشاکەر) و ئەو تێکستانەی دێنە بەرهەم، دابڕان بەمانای دروست نەبوونی پردی راستەقینە لەنێوان راستییەکان و دروستنەبوونی پردی پتەو لەنێوان دەق و حەزەکانی وەرگر، لەنێوان ناخی دەق و ناخی وەرگر، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە پردێك لەنێوان رەخنەو دەقدا دروست نەبێت. هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان کرد رەخنە بەهەموو تێگەیشتن و شێوەکانییەوە بەدووی حەقیقەتێکدا دەگەڕێت، بێگومان هەر شێوە رەخنەیەك لەگەڵ ئەوی تردا جیاوازیەکی هەیە، چۆنیش پەیوەندی لەگەڵ رەخنەدا بەرپا دەکات، ئەوەیان جیاوازە، بۆیە جێگەی خۆیەتی بزانین ئەو پردەی کە لەنێوان رەخنەو دەقی کوردیدا نییە هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەبناغەوە رۆشنبیری ئێمە گرفتێکی هەیە گرفتێك لەشێوە کوشندەکان، گرفتی هەیە لەشێوەی دۆزینەوەی یەکەکانی بەرپاکردنی پەیوەندی. بۆ ئەمەش رەخنە لەسەر رۆشنایی ئەو پەیوەندیانەی دەق دەتوانێت ئامادە بێت، ئامادەبوونێك کە هێزو تواناکەی لەهێزو توانای ئەو پەیوەندیانەیە کە دەق بەرپادەکات.

دەق بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێك رێورەسم و کارو کردەوەو فێڵ و تەڵەکەبازیە، خاوەنی چەکێکە ئەو هێزانەی پێ رێکدەخات کە هەر یەکەو بەرنامەیەکی هەیە، هەر بۆ نموونە شیعرێکی سیاسی لەگەڵ شیعرێکی رۆمانسیدا جیاوازیان لەوەدایە هەردوکیان ستراتیژیەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەردووکیان پەیامیان پێیەو هەردووکیان هێز بەکاردەهێنن بۆ کارکردنە سەر وەرگرو وروژاندنی ناخ و بەجێهێشتنی مەبەست و شێوازێك لەرەنگدانەوە. بێگومان ئەمەش لەهەمان کاتدا لەبواری رەخنەشدا دەکرێت راست بێت، ئەو دوو شیعرە هیچیان ئەوی تر نەفی ناکەنەوە بۆ ئەوەی یەکێکیان رۆڵی ئەوی تر ببینێت، هەروەها هیچیان جێگای ئەوی تر ناگرنەوە، لەحاڵەتی رەخنەشدا رەخنە

دەیەوێت پرسیارێك لای وەرگر دروست بكات، گرنگ نییە ئەو پرسیارە لەسەر چییەو چۆن كاردەكات، مەبەستی سەرەكی لای ئەو دروستكردنی پرسیاری بێكۆتاییە، بۆ ئەوەی ببێ بەكێڵگەیەك بۆ روانین و مانا هەڵهێنجان، بۆیە مەرجی رەخنە لەگەڵ مەرجی دەقدا جیاوازە، دەق لەدەرەوەی پەیوەندییەكان دەبێتە پرسیار، بەلام رەخنە لەدەرەوەی پەیوەندییەكان وەلامێكی بێ پرسیارە، بۆیە رۆڵان پارت كاتێك باس لەئاستەكانی خوێندنەوە دەكات، چاك دەزانێت سەرچاوەی ئاستەكان لەلای ئەو بریتییە لەشێوە جۆرجۆرەكانی لێكدانەوەو خوێندنەوە، هیچ دەقێك ناتوانێت دەقێك بێت تەنیا لەنێو بازنەی تایبەت بەخۆیدا بسوڕێتەوە.

بەمجۆرە ئەگەر بمانەوێت هەمەلایەنی ببەخشینە ماناو حەقیقەتی دەق، دەبێت لەدەرەوەی پەیوەندی لەگەڵ دانەردا تەماشای بكەین، بەلام بۆ بەخشینی هەمەلایەنی بەرەخنە پێویستمان بەكۆمەڵێك پەیوەندییە، لەحاڵەتی دەقدا هەموو شتەكان یەكسانن، هەر بۆ نموونە لای رەخنەگری بونیادگەریی و بونیادشكێن هیچ جیاوازیەك لەنێوان دەقی شیعری یاخود دەقی چیرۆك یان وتاری سیاسی یان لێكدانەوەی كۆمەڵایەتیدا نییە، ئەوان مانا نابینن و لەنێو دێرەكانەوە بەدووی وەلامدا ناگەرێن، بەڵكو ئەوان گرنگی بەبونیادنانی رستەو وشەو پێكهاتنی پەیوەندی نێوان بەشەكانی دەقەكە پێكەوە دەدەن، واتە بەپێی لێكدانەوەی بونیادگەری و بونیادشكێنەری شیعرێكی بۆدلێرو وتارێكی جۆرج بۆش بۆ ئەوەیە كە هەر بۆیە لەپەیوەندی نێوان رستەو وشەكاندا ئەو بەدووی مانادا دەگەرێت، ئەمە بۆ رەخنەگری بونیادگەری ئاوەهایە، بەلام لەنێو دەقدا گرنگ نییە ئەو دەقە لەچ بوارێكدا رۆڵی خۆی دەگێرێت و لەچ مەودایەكەوە بازدانی تایبەتی خۆی دەدات.

ئەمەش دووبارە دەمانباتەوە بۆ پرسیارە بنەرەتییەكەی لەمەر سڕبوون و مەرگی رەخنە لەنێو بونیادی رۆشنبیری كوردیدا، ئایا هۆكارەكە لەنەبوونی دەقدایە (ئەمەیان بڕوا ناكەم، لەبەرئەوەی لەسەرەوە ئاماژەم بەو جیاوازییە لەنێوان لێشاوی دەق و كەمبوودی رەخنە كرد)یان لەنەبوونی ئەو هۆشمەندییەیە كە وەكو پێویستییەك بۆ داهێنان و نووسین و بڕیاردان رەهبەری دەق دەكات، هۆی سەرەكی بۆ دووەم

دەگەڕێتــەوە (واتــە نــەبوونی هۆشمەنــدی)، واتــە نــەبوونی ڕەهبەرییــەکی هۆشمەنــد لەبەڕێوەبردنی ڕەخنەو دابینکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوە.


بەدرێــژایی چــالاکی ڕۆشــنبیری و ئــەدەبیمان شــێوەیەك لەســستی و ناکــامڵبوون، لەڕووکەشــی و قوڵنەبوونــەوە بەدیــدەکرێت، هەنــدێك ئــەم هۆکــارە بــۆ پەیوەندییــە سیاسییەکان دەگەڕێننەوە، یاخود بۆ ئەو پەیوەندییــە مێژووییــەی نێـوان دەق و بـوونی نەتــەوەیی دەگەڕێننــەوە، ڕەنگــە ئەمانــە تاڕادەیــەك لەهەنــدێك لایەنــەوە ڕاستبن، بــەڵام پاشەکشێ و سستبوونی تەواوی ڕەخنەو لەبیرچوونەوەی ڕەخنە کەم تا زۆر لــەبونیادێکی دیکەدایە لەهۆکارێکی دیکەدایە کە مەزنترە لەهەموو ئەو هۆکارانە.

کەواتە هۆکاری سەرەکی پەیوەستە بەتواناکانی داهێنان و پشکنین و گەڕان، هۆکاری سەرەکی نــەبوونی توێژینەوەیــەکی قووڵــە لەمــەڕ چــەمکەکانی نوێبوونــەوەو مــۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزم قوڵبوونەوە لەزنجیرەی گۆڕانکارییەکانی مێژووی ڕۆشنبیریمان، سەرەڕای ئەوانەش ڕۆشنبیری کورد لەبەستەڵەکێکی ڕۆشنبیری قوڵدا دەخولێتەوە بوار بەخۆی نـادا ئەو بونیادانە هەڵوەشێنێتەوە کە بیری داهێنانیانی تێدایەو ئەو نهێنیانە ئاشـکرابکات کـە سەردەمێکە بەشاراوەیی ماون، ئەو سیمبولانە بکاتــەوە کــە گــوزارش لەئەفسانەیی بـیرو کــەلتوورمان دەکــەن و نیــشانەکانی زمــان و کــەلتوور لەســەر ڕووی دووەمــی نووســین بهۆنێتەوە.

واتــە شــێوەی مامەڵەکردنــە ڕۆشــنبیرییەکانی بگۆڕێــت و چــاوێك بــەو نهێنیانــەدا بخشێنێتەوە، ئەوانەی کەم تا زۆر لەمێژوویەکدا هۆکاری سەرەکی دواخستنی گەشەکردنە کەلتوورییەکانمان بوون. کەواتە ڕەخنــە تــەنیا پێویــستی بــەدەق نییــە، بــەڵکو پێویــستی بەوەش هەیە دووبارە بونیادی بیرکردنەوەی ڕەخنەگران بگۆڕێت و خۆشـیان لـەو قاوغـە بێننە دەرێ کە سەردەمێکە قەدیان پێوە گرتووە.

**پەراوێز:**


*بایل لە ساڵی ١٦٩٧ی کۆچی فەرهــەنگی مێـژووی ڕەخنــەیی دانـا ، کـە بـڕوای وایـە ڕەخنە جیاکردنەوەیەکی ئاشکرایە لە نێوان عەقڵ و دۆزینەوە باڵاییەکان.




**چوار شیعری کورت**
**زەینەب یوسفی**

**من و ململانێی رەنگەکان**
**هوشیار شێخ ئەنوەر**

**دوعا**
**حەسەن هەڵەبجەیی**



**دەزگیرانە قورینکەم**
**یان ژووری ژمارە (508)**
**کازیوە ساڵح**



**ئەوساتەی گوڵاوفرۆشەکەی تێدامرد**
**ئامانج هێمن**

**تابلۆیەک بەڕەنگی بەیانی**
**محەمەد ئاکام**

**سناریۆی کورتە فیلمی سایکۆبات**
**تەحسین فائق**

# دەق



**دیدار لەگەڵ کامبێزی کەریمی**
**سازدانی: ئارام سدیق**

# چوار شیعری کورت

زەینەب یوسفی

## حەز

بۆچی نامبەیتە نێوان مانگەشەو؟
بەڵکو ون ببین لەچاوی حەز
لەو مانگەشەوە
لەنیگای مانگدا
تۆ ئاسمانی و
من تریفەو
شیباو
شەو



## شەڕ

ئەمن چیم گوت
ئاخر چلۆن داری زستانم
لەوەرزی بەهاری تۆدا چاند
تۆ بۆ لەپڕ دەستت بردو
میوەی ساردی ئەو دارەت خوارد
ئاخر چیم کرد
وا دووچاوت لەمن داخست
خۆرو مانگ و ئەستێرەشت
لەمن وەشارد



## چەک

هاوار چ قەوماوە

وائاسمان

ئەستێرەکانی خۆی

بەمجۆرە دەکوژێت؟

بۆ وا بێڕەحمانە

ڕێگە سپییەکانمان لێدەداخات؟

نەکا دیسان

خەڵکە درۆزنەکان


بەدزە دزە

باسی چەکهەڵگرتن

لەبالاَ نادیارەکان و


جەستە شووشەییەکانی

من و تۆ دەکەن



## مۆسیقای تۆ

ئەو پەنجانەت خەڵکی کوێنەن؟
پەروەردەی مۆسیقای کامە وڵاتێکن؟
وا لەهەر شوێنێکدا
ئارام و بێدەنگ
دابنیشم
بەئاماژەیەک
ئەمهێننە چریکەو سەما؟!
فرمێسک
فرمێسک بۆنی هەیە
هەندێجار بۆنی خاک دەدات
هەندێجار بۆنی ئەستێرە
هەندێجاریش بۆنی تۆی لێوەدێت
رقم لەو فرمێسکەیە وا
بۆنی تۆ دەدات



# من و ململانێی ڕەنگەکان

هوشیار شێخ ئەنوەر

هەموو ڕۆژێک دەبێ ڕەنگەکانم بگۆڕم.!
هەموو ساتێک دەبێ درۆ بکەم و درۆ بکەم و درۆ.!
ببمە ڕەنگێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو
ڕەنگێکی دی بۆ گوزەران لەگەڵ تۆ
چەند ڕەنگێکیش لەبەرخاتری خاتران
ئای خودا..!
من دەمەوێ بچمە دەرەوەی گەمەی کاڵ و تۆخی ئەم ڕەنگانە، کە بەردەوام تیایاندا خۆم ئەدۆڕێنم
دەمەوێ لەجوگرافیای ئەم ڕەنگانە دوورکەومەوە تا پێناسەی ڕاستەقینەی خۆم ئەدۆزمەوە
من حەز دەکەم کاتێک کە دەترسم ڕەنگم زەرد نەبێت، یان لەکاتی شەرمدا ڕەنگم سوور نەبێت، کە درۆ دەکەم، هەچ درۆیەک، ڕووم ڕەش نەبێت
کاتێک، کاتێک، کاتێک...
خودایە گەر ئەم داخوازییانەی من مەحاڵن، ئەوا تەنها یەک ڕەنگم پێ ببەخشە... ڕەنگی ڕاستەقینە...
ڕەنگێک بێت، کە پێش ئەوەی بترسم زەردم بکات، کە پێش ئەوەی شەرم بکەم سوورم بکات، کە پێش ئەوەی درۆ بکەم ڕووم ڕەش بکات...

بـــەڵێ، خودایـــە ڕەنگێکـــی ڕاســـتەقینەم دەوێ... ڕەنگـــی حەقیقـەت... ڕەنگـی ئـازادی... ڕەنگـی مرۆڤبـوونی خـۆمم دەوێ.

خودایە، گەر ئەمەش هەر مەحاڵە؟

ئیدی دەمەوێ خۆم بکوژێنمەوە، خۆم بێڕەنگ بکەم

چ ڕێگەیەک بگرمە بەر... بەرەو پاکی دەمبات؟

چ زەمەنێک میهرەبانم دەکات؟

بۆ دەبێ هەمیشە بڵێم ئا... یان... نا.!

هەمیـشە بـەبێ ویـستی خـۆم ڕەنـگ بگـۆڕم و قـسە بکـەم و درۆ بکـەم، درۆ بکـەم و قـسە بکـەم، کـە هـەموویان مردنـی من بەهێزتر دەکەن!؟

گەنجینەکانی حەقیقەت کوان خودایە؟

خودایە دەبێ مەرگ چی بێت؟

بــۆ هەمیــشە مــەرگ وەدووم دەکــەوێت و مــن ڕابکــەم، هەمیشە مەرگ ڕابکات و وەدووی کەوم!؟

ئایا مەرگ ئەو کەسەیە کە هەرگیز ناتوانێت عاشق بێت؟

یان ئەو دۆستەیە کە لەپڕ پشتت لێ دەکات؟

یان خۆم بم کە هەمیشە ڕەنگم دەگۆڕم و قسە دەکەم و درۆ دەکەم!؟

یــان ئــەو خەڵاتەیــە، کــە هــەموومان دەبــێ وەریبگــرین، تابێتاوانی خۆمان ڕابگەیەنین... تاوانی ژیان!؟

ئاخۆ مەرگ، دوورکەوتنەوەیە لەمناڵی...

بەڵام، ئەفسوس، تازە مەحاڵە مناڵ ببمەوە!

مناڵ ببمەوەو بێتاوان ببمەوە!

ئیــدی نــاکرێ داواکارییــە ســاویلکەو بــچووکەکانی خــۆم بەسکاڵای گریانەوە دەرببڕم

مەحاڵـە جارێکی دی بـەدەروونێکی بێگـەردەوە یاری لەگـەڵ پەپولەکاندا بکەم

چــیتر نــاتوانم لەگــەڵ هاوڕێکانمــا بەپێکەنینــەوە رۆژگــار بەرمەسەر

یــان شــەو کــاتی خــەو، بــەدەم زەردەخەنــەوە، بنــووم و لەخەونەکانما بەهەشت و پەرییەکان ببینم

تاوانی من چییە خودا، گوناهی من چییە؟

تۆ بڵێی ئەوەی تاوانبارم دەکات خودی خۆم بێت؟

ئەوەی تاوانبارترم دەکات ژیان خۆی بێت؟

ئەوەی تاوانبارترینم دەکات تۆ بیت خودایە؟

بۆ دەبێ قەدەری من ئەوە بێت؟

کە رۆح جەستەم بەمنەتی مەرگەوە جێ بهێڵێ و مـەرگیش بەمنەتی رزگارکەرەوە بێت؟

ئێـستاش، دەبـێ بـچمەوە دنیـای ئـەو ئادەمیانـەی کـە رۆژ بەرۆژ خەمسارد دەبنەوە لەژیان، لەیەکتری

کەسات بەسات یەکتر لەبیر دەکەن، یـەکتر لـەبیر دەکـەن و خۆشیان لەبیر دەکەن!

ئەو دنیایەی کە تیایدا

من بەتاوانێک لەدایکبووم

بەچەندین خەتاوە گەورەبووم و بەکۆڵێ سزاوە پیر دەبم!

وای لەو کاتەی کەدەمرم.. چەند بێ گوناهم خودایە!

تازە مەحاڵە منالٚ ببمەوە!

ئەفسوس، چیتر بەهرەی بێگەردیم لەژیاندا نەماوە.

# دوعا

حەسەن هەڵەبجەیی

سەبەتەیەک

ئاخ و خۆزگە کەوتنە زەوی

شەقامەکە پڕبوو لەماچ

زریکەیەکی زۆر بەهێز هاتە بەرگوێم

ئەڵێن دڵی پێغەمبەرێک

لەسەر ئەوەی عاشقبووە

ئەدرێ لەخاچ

***




ڕەشەبایەک

گوڵێکی پەڕەپەڕەکرد

وەک گاڵی نێودڕکی لێهات

ئەو گوڵە رۆحی دووعا بوو

لەمەرگیشا

دامێنی خۆی دائەپۆشی

لەتاو پیاوی کەللە بەردو

بیرگرگنی سوکی وڵات



**چیرۆک**

# دەزگیرانە قوڕپینەکەم یان ژووری ژمارە (٥٠٨)

کازیوە ساڵح

هەموو کێشەکان لەو ساتەوە دەستیپێکرد کە بڕیارم دا بەقاچی خۆم بڕۆم و چیدی کراسەکەی دایکم لەبەر نەکەم، گلەییم لێ مەکە، دەزانم زۆر گرانە بەیەك قاچەوەو لەدەڤەرێکدا بەقاچی خۆت بڕۆیت لەبوونیەوە دایکان کراسەکانیان بەنیوداشتی دەهێڵنەوەو تەواو نایدڕن بۆ ئەوەی بەشی لاوێتی کچەکانیان بکات، بەڵام ئەو کراسەی دایکم بۆ من گەورە بوو، ئێجگار گەورە بوو، فەقیانە درێژەکانی وەکو منداڵی دەستی دەسرازە دەکردم، چەمکە درێژەکانی خوارەوەی هەنگاوێکی دەکردم بەسەد. من چیدی قاچە بچووکەکانی منداڵیم نەبوو، ئەو قاچانەی لەبچووکیدا نیوە ڕۆژێکی دەویست تا بگەم بەو سەری کۆڵانە دریژەکەو خۆڵەپەتانێ لەگەڵ سروە بکەم، چاوەکانی منداڵیش کوورت بین بوون ئەو کۆڵانەم هێندە لا درێژ بوو، وامدەزنی درێژترین ڕێگەی دنیایە. ئێستا کۆڵانەکەی منداڵیمان یەك چرکەی لەمن دەوێت بۆ تەیکردن و هەموو ساتەکانی دیم دەداتەوە دەست بۆ بینینی کۆڵانە نادیارو نەبینراوەکان، ئەو کۆلانانەی سەرێکی لەمنەوە دیارەو سەرەکەی دی لەوانەیە هێشتا خواوەندیش نەیدۆزیبێتەوە. باوکم ئەوسا چەند سەغڵەت دەبوو بەو هەنگاوە بچووك و سستانەم و بەدوای خۆیدا پەلکێشی دەکردم، ئێستا دە هێندە سەرسامی ئەو هەنگاوە خاوانەیە، هەمیشە بەبیرم دەهێنێتەوە چەند

ژیکەڵانەیە کچی بابەی خۆی بەگەورەی لەگەڵ هەنگاوە بچووك و سستەکانی منداڵی بژی، بەڵام من چیدی حەزم لەو جۆرە ژیکەڵەیەو کچی بابەی خۆم نەبوو، ئەو ژیکەلەیەم وەکو ژیکەڵەیی سەبری دراوسێمان دەهاتە پێش چاو، ئەویش هێشتا هەر خۆڵەپەتانێی دەکرد لەکۆڵان، بەڵام لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی، من حەوت ساڵ بووم، ئەویش یازدە، لەوەتەی دایك و بابی بەکارەساتی ئۆتۆمبیل مردبوون لای داپیرەی دەژیا، بەڵام وەکو دایکم بۆ باوکمی دەگێڕایەوە، خاڵی سەبری رۆژانە داپیرەی سەغڵەت کردووە، کە کچە خەریکە گەورە دەبێت و جوانیشە با سەری بکەن بەپەتەوە، تۆ پیریت گەورەتربیت ئەم کچەت بۆ نابەسترێتەوەو حەیامان دەبات:

– دایکە حەیا چییە؟

–حەیا ئەوەیە تۆ لەقسەی دایکی خۆت دەرنەچیت وچیم وت بەقسەم بکەیت.

– دە وەڵا من رقم لەحەیا و پەتیشە.

– هەی هەی ئێستا ئەمە حاڵتە کە گەورە boویت چی دەردەچێت.

من رقم لەهەموو پەتەکان بوو، پەتی تەنافەکەمان، ئەو پەتەی گیسکە دابەستەکەی پێ بەسترابووە، ئەو پەتەی باڵای لاولاوی حەوشەکەمانی بردبووە سەر خانووەکە، پەتی جۆلانێی ژێر درەختە گەورەکەی ناو کۆڵانەکەمان، ئەو پەتە چوار گۆشانەی لەسەر زەوییەکەی تەنیشتمان راکێشرابوون بۆ بونیادنانی خانوو، ئەوەندەی من رقم لەو وشەیە بوو، ئەو وشەیە دە هێندە هەناوی منی دەسمی بەبیستنی رۆژی دەیان جار لەژنانی کۆڵانەوە، لە دایکم، لەپیاو ماقوڵان و تەنانەت لەو چەند فیلمە سەقەتە کوردیەش لەتەلەفزێونەوە دەمبینی، ئەی خودایە وشەی پەت بۆ هێندە ناحەز بوو کە هەرگیز پەت پەتێن نەکەم تەنها ماڵەباجێنەو خۆڵەپەتانێ بکەم بەبەش، لە ماڵەباجێنەشدا لاسایی دایکم نەئەکردەوە، هەمیشە لاسایی مامۆستاکانم دەکردەوە، چۆن لاسایی کەسێك دەکەمەوە حەز نەکەم کراسەکەی لەبەر بکەم. جا چش لەگەورەیی من رقم لەو حەیایە بوو بەعەقڵی کەسێکی تر بیربکەمەوە، حەزم لەتەیکردنی هەموو کۆڵانەکانی دەورووپشت بوو، پێم خۆش نەبوو تەنها لەیەك کۆڵاندا قەتیس بمێنم، سەفەرنیوەی هۆشی داگیر کردبووم، وام هەست دەکرد مرۆڤێکی سەفەرییم، سەفەر بۆ کوێ؟ نازانم بۆ نادیار، بۆ گەڕان بەشوێنی شتە نادیارەکاندا، ئەوانەی وامدەزانی دەمگەیەنێت بەوەڵامی

پرسیارەکان، ئەو پرسیارانەی کە گەشتم بەتەمەنی سەبری ونی کردبووم، لەنێو کاتەکاندا ونی کردبووم، کە ماڵەوەمان دەنووست بەشەو من دادەنیشتم، بە ڕۆژیش دەنووستم، پێم خۆش بوو من کات بۆ کات دابنێم، کات کاتی خەو بۆ من دیاری نەکات، پێمخۆشبوو لەنهێنی شەو و جریوەی ئەستێرە بگەم، ئەو کاتەی پاشەوەی یەکبەیەکی ئەندامانی خێزانەکەم دەنووستن، دەچوومە سەر خانووەکەو هەتا ماندوو دەبووم لەئەستێرەو شەوم دەنواڕی، دایکم بەخەبەر دەهات و بەدەنگێکی خەواڵوو پڕ ترس، ترس لەوەی باوکم خەبەری نەبێتەوەو بەنهێنی من و ئەستێرەکان ن...، نا ببورە، ئەو وایزانیبوو، نهێنی من و سەروەرە، چونکە بەدەنگ و چاوە پڕ هەڕەشەکانی وتی ئەوە بەڕۆژ ڕێگەت نادەم، بە شەو ئەچیتە سەربان بۆ ئەوەی سەرە خەیاڵە ببینیت، شەرتە بەدەردی سەبریت بەرم ئەجێی دراوسێشمان چەند جارێك دەستی پۆلیس ئاسای لێ ڕادەوەشاندووم و پێی وتووم (ئای من بزانم تۆ حەز لەسەرە خەیاڵە ئەکەیت، دەی دەبێت ڕۆژێك بەدایکت بڵێم). ئەوان بەسەروەریان دەوت سەرە خەیاڵە چوون عاشقی شیعر بوو، شیعری جوانی دەنووسی و وێنەی دەکێشا، بۆ منیش شیعری نووسی بوو، بەدەیان فیگەرشمی کێشا بوو، ڕاستت دەوێت ئەوەی ئەو کێشا بووی لەخۆم جوانتر بوو، بیرم ماوە کاتێك ماڵیان هاتە گەڕەکەکەی ئێمەوە بۆ یەکەمجار تابلۆیەکی پیشاندام زۆر لەمن دەچوو، ئەویش منداڵ بوو، زۆر لەنهێنی درکاندن و گوزارشتکردن تێنەدەگەیشتین، بەڵام وتی (سەیری ئەم وێنەیە بکە، بەر لەوەی تۆ ببینم و تەنانەت بێینە ئەم گەڕەکە کێشاوومە، ئەوە ئەو کچەیە کە خەیاڵم خۆشی دەوێت، تۆ زۆر لەو وێنەیەی خەیاڵی من دەچیت) ئا... ئەوە یەکەم قسەکردنی ئێمە بوو.

دایکیشم سەیرە خۆ خانووەکانمان ئەوەندە لەیەکەوە نزیك نەبوون لەسەر بانەوە شیعرەکانی بگەیەنێتە دەستم، بەڵام لەڕێگەی قوتابخانە دەیدایە دەستم، ئەوان لەو سەری کۆڵان و ئێمە لەم سەری کۆڵان، خودایە چەندمان حەز دەکرد زوو گەورە ببین و ئامادەیی تەواو بکەین و بەیەکەوە بچینە یەك زانکۆ بۆ ئەوەی بتوانین بەکامی دڵ بەیەکەوە قسە بکەین، بەبێ هەڕەشەی پۆلیسەکانی دەوروبەر، خۆ ئەو چەند ساڵێك لەمنیش گەورەتر بوو، بەڵام خۆی دەهێشتەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بچینە زانکۆ، ئەو حەزی لەدانیشتنی شەو بوو، بە دیار شیعرو فڵچەوە، منیش بەدیار ئەستێرەوە، ئەو پێی

دەوتم (هەرگیز سڵ لـەجریوەی ئەسـتێرەو شـەونوخونی بەدیاریانـەوە مەکـەرەوە، تـەنها شـەو و ئەسـتێرەو شـیعرو رەنـگ بـەخۆمانمان دەناسـێنێت) مـن زۆر جـار لەقـسەکانی نەدەگەیـشتم، بــەڵام پێــشم خۆشــبوو، زیــاتر عاشــقی شــەو و ئەســتێرەی دەکــردم و لەهەڕەشەکانی دایکیشم نەدەترسام، چونکە من وەکو سەبری نەبووم.

من حەزم لەئەستێرە بوو، سەبری حەزی لەکراسی سوورو گوارەو ملوانکـە بـوو، بـیرم ماوە، کە جیبە شڕو شکاوەکە لەبەردەمی ماڵی داپیرەیدا وەستا، پیاوێکی بەساڵاچـووی، بەرگ قاوەیی تۆخ بەمێزەرێکی چڵکنەوە دابەزی و چەند زەرفـە میوەیـەکی لەگـەڵ خـۆی داگرت و لەگەڵ ژنێکی چارشێوە رەش خۆیان کرد بەماڵیانـدا، سـەبری هێـشتا لـەدەرەوە یاری دەکرد، کە زەرفەکانی بینی بەرەو ماڵ بووەوە بۆ پشکنینیان، حەز بەزانینی نهـێنی نێو زەرفەکان ئێمەش دەگەیەنێتە ئـەوێ، خـاڵی سـەبری بەزەردەخەنەیـەکی فێڵبازانـەی دوور لەتێگەشتنی سەبری پێی دەڵێت (ئەوە ئیتر لەئەمڕۆوە تۆ دەبیت بەهی ئەم پیـاوەو یەك دنیا شتی جوانیشت بۆ دەکڕێت) بەدەم قسەکردنیشەوە زەرفێکی بـچووك بەدەسـتی کابرا پیرەکەوە بوو، لەدەستی وەردەگرێت و جووتێ گوارەو ملوانکەیەکی ئـاڵتوونی تێـدا دەردەهێنێت و پیشانی سەبری دەدات (ئەها ئەمانەی بۆ تۆ هێناوە، بۆیە دەبێـت شـووی پێ بکەیت) ئەویش لەخۆشی شتەکان ئاگـای لەوشـەی شـووکردنەکە نـەمابوو، بـەڵام بـۆ کـچێکی هـەتیو و نـەبوو، هـەرگیز شـتی جـوانی بەخۆیـەوە نـەبینیبوو، قسەی خۆشـیش لەگەڵیدا تەنها پلاری منـاڵانی کـۆڵان بـوو، تـەنها بـیری مناڵانـەی لای پـڕ کردنـەوەی ئـەو پلارانـە بـوو، لەخۆشـیدا هەڵبـەزو دابـەزی بـوو کـە لـەناکاودا وتـی (توخـوا مامـە کراسـی سووریشم بۆ دەکەیت؟) پیاوە مل باریکەکە هەتا ئەو کاتە هیچی نەگوتبوو بەپێکەنینەوە (ئا، ئا ئەی چۆن، کراسی زەردیشت بۆ دەکەم)، هەموو گەڕەك شـووکردنی ئـەو منداڵـەی پێنـاخۆش بـوو، دایکـم ئـەو کاتـە دایکـی شـەهیدو چـاو بەگریـە نـەبوو، ژنـی مـەجلیس و سـوحبەت بـوو، بـەکابرای پـیری وت (بـرا تـۆ گـەر ژنێکـی هاوتەمـەنی خـۆت ناهێنیـت، منـداڵێکی هاوتەمـەنی نـەوەزادەکانت مەهێنـە) خـاڵی هەڵیدایـە (خۆمـان دەزانـین چـی دەکەین). ئەو قسەیە دایکمی سەغڵەت کرد، بەتەوسەوە (ئەگـەر، هـەر دەیـدەیت بەشـوو بیدە بەکەسێکی گەنج، نەك بەم پیرە ملی دەڵێی بامێی حلەیە) ئەی خودایـە ئـەی بـامێی حلە یانی چی؟ جا چۆن دەوێرام لەو کاتەدا لـەو دایکـە تـووڕە بپرسـم، بـەڵام دەزانم لـەو

ڕۆژەوە هەرگیز بامێم نەخوارد، ئەو ڕۆژەش کە زەماوەندەکەیان کرد، ئەوەندە سەرم سوڕمابوو بەدیار ژنانی بامیْ لێنەرەوە، گەر ئەو پەتە نەبوایە بەدەووری ئاتەشگەکەیاندا کێشابوویان وەکو سنووردانانێك بۆ منالآن لەوە زیاتر لێیان نزیك نەبنەوە دەکەوتمە مەنجەلێك بامێوە.

پەت؟! وتم رقم لەپەتە، هەر لەمنداڵییەوە من و پەت وێك ناگەینەوە (نا سەروەر گیان بەپەت خۆمان ناکوژین)، سەروەر هێشتا خەوتبوو، پەنجەکانی منیش هێشتا لەقژیدا مەلەی دەکرد، ئەو پێی خۆشبوو بەر لەنووستن بەدەنگی من گوێی لەو شیعرانە بێت کە بۆ منی نووسیبوون و منیش جارێکی دی بۆ ئەوم دەوتەوەو هەندێکجاریش دەبوون بەگۆرانییەکی هێمنی غەمبار دەڕژایە سەر تاڵە قژە رەشەکانی، هەستدەکەم کردنەوەی پەنجەرەکە بەخوناوی بەیان قژی شێدار کردووە. نامەوێت دەستبەرداری تاڵەکانی پرچی بم و بچم پەنجەرەکە داخەم، کێ دەڵێت مەودای نێوان پەنجەی من و قژی ئەو نابێت بەمەودای نێوان دەریا و ئاسمان، لەڕەنگ و وێنەی یەکدا بژین و هەرگیز بەیەك نەگەین، دەریاوانە بێڕەحمەکان هەرچی ماسی روانین و پەنجەم هەیە راو ناکەن. یاریکردنی نەسیمی بەیان لەگەڵ پەردەی پەنجەرەکە، روانینم دەدزێتە دەرەوەی پەنجەرەکە، بۆ سەر رووخساری رووباری خومارو مەست، خۆشم نازانم بۆ ئەوەندە دەریام خۆشدەوێت، تێشناگەم بۆ هەندێکجار لێی دەترسم، ترس و خۆشەویستی بۆ دەبێت هەمیشە پێکەوە بژین، گەر لەترسی راوچییەکان بوێرم، کاریان راوە مرۆڤە، پێمخۆشە بەیانیان بەپیاسەی کەنار رووبارەکە بەرمە سەرو بەردێکی تەڕی کەنار بکەم بەکورسی و قاچەکانم شۆڕکەمەوە نێو رووبار، سەروەر دەڵێت کە قاچت دەخەیتە دەریاوە رەنگی چاوە قاوەییەکانت دەگۆڕێت بۆ شینییەکی دەریایی، ئەو هەمیشە لەسەر رووبار حەز دەکات بۆ چاوم بنوارێت، منیش زیاتر شەیدای رووبارو دەریاو تەنانەت کانیلە ئاوەکانیش دەبم کە زیاتر ئالودەی منی دەکات، هەر خۆی وایلێکردم، من و دەریاو ئەستێرە ببین بەسیانەی یەك دایك، لەخۆشەویستی من بۆ ئەستێرە هەرچی ئەستێرە هەبوو دابووی لەسنگی تابلۆو شیعرەکانی، یەکەم شیعر چواردە ساڵ بەرلەئێستا بۆی ناردم ناوی دەریا بوو، ئەو کات کچێکی دوازدە ساڵ زۆر کەم لەواتا دەگەشتم، بەلآم دەمزانی بۆچی پێم دەڵێت بوکی دەریا و دەریا چیەو ڕۆژ بەڕۆژ شەیدای دەبووم.

چوارده ساڵ! ئەی خودایە چۆن بەرگەی ئەو هەموو ئازارەمان گرتووە؟ تەزبیحی چ ئازارێك چوارده ساڵ ڕۆژگار مووروووەكانییەتی؟ چوارده ساڵ خوود حەشاردان، چوارده ساڵ ڕۆح حەشاردان، ئێستاش نۆ مانگە جەستە حەشاردان، پێدەچێت خۆشەویستی هونەری خۆحەشاردان بێت، حەشاردانیش هونەری فڕین، هونەرێكی یەك مەرج، یان ڕۆحت بزر دەكەیت لەخۆشەویستی و جەستەت بەرچاو دەخەیت، یان ڕۆحت ئاسوودە دەكەیت و جەستەت بزر دەكەیت. ئێمە هەردوو هونەرەكەمان تاقیكردەوە، ناكرێت ڕۆحێك نەگات بەخواوەندەكانی خۆشەویستی و لەمەرجەكانی بگات، نافامیدەكان نازانن سیحری خۆشەویستی خواوەند لەخۆ حەشارداندایە، كە ئەو سیحرە ئاشكرا بوو، خۆشەویستیش بەتاڵ دەبێت، خۆشەویستی هونەرە.

—هونەر.. هونەر، چ شتێكی تۆ هونەر نییە سەرە گیان، لەڕۆحتەوە هەتا قیبلەنووماكانی بوونت و لاواندنەوەی ژیان و تەنانەت جەستەی منیشت وا كرد بەتابلۆیەكی هونەریی.

— بەیان گیان، خۆشەویستی هونەرە، پاراستنیشی نەمریی، هەموو كەس ناتوانێت هونەرمەند بێت، كەم هوونەرمەندیش دەتوانێت خاوەنی هونەری نەمر بێت. ئەو خەڵكە بەبێ هونەر خۆشەویستی دەكەن، بۆیە فڕینیان بیر چووەتەوە.

ئەو قسانەی ئەو ڕۆژە كرد، كە تازە لەكێشانی تابلۆیەكی بووەو من بەدەم ماچكردنی یەك بەیەكی قامكە ڕەشبووەكانی بەهێلم و ڕەنگ هەزارو یەك پرسیارم لێدەكرد، من لەپرسی مانەوەدا بووم، ئەویش لەدروستكردنی. ئا.. ئا، دروستكردنی بەهانەیەك بۆ مانەوە، ئەو دەیویست من بكات بەتابلۆیەكی قوڕین، نا بمكات بەپەیكەرێك، دەنا لەقورگرتنی من لەدەرەوەی ئەو هەر واتای مردنی دەكرد، چونكە بوونی ئێمە بەبێ یەك یەكسان بوو بەمردن. گووناهی ئەویش نەبوو، گوناهی سرووشتی فرمێسكەكانی من بوو لەناكاو گۆڕا بۆ كریستاڵ.

ئێمە دەیان شوێنمان گۆڕیبوو بۆ خۆ حەشاردان لەو مرۆڤە زیندووە مردوانەی دوای سێبەری ئێمە كەوتبوون و هەنگاوەكانیان هەڵدەگرتین، دەبوو ئێمەش یان مردوویەكی زیندوو بین، یان لەحەشارداندا زیندوەییەتی بەژیانمان ببەخشین، بەڵام كێشەی خۆ حەشاردان، كێشەی چۆنییەتی گوزەرانیشی بۆ دروستكردبووین، مرۆڤی خۆ حەشاردەر

ناتوانێت خاوەنی شوناس بێت، بێ شوناسیش بێکاری و بێجێگەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئێمەش کەسمان نەماندەتوانی لەبەر دیدەی مرۆڤە حەشەرییەکاندا بچینە دەرەوەو تێکەڵاوی خەڵك بین و کار بکەین، ئەوەش تەنها کێشەی دوا بڕیارمانی بۆ دروست نەکردبووین، کێشەی بێپارەیی لەشوینی دابڕیبووین، ئێمە بووین و ئێمەش نەبووین ژیانمان دەویست، ئێمە بووین و ئێمەش نەبووین مەرگمان هەڵدەبژارد، ئەوەندە خۆمان ون کرد لەخەڵك خەریك بوو لەخۆشمان ون دەبووین، تا ئەو پیاوەی لەناو یەکێك لەچێشتخانەکاندا ناسیمان، ئەم چەند رۆژەی دی سەبووری بەژیانمان بەخشی، ئێمە بارودۆخی خۆمان تێگەیاند، بەڵام نەمانوت لەتاوانی خۆشەویستی رامانکردوەو لەبەر ئەوەی کەس بەیەکەوە بوونی ئێمە پەسەند ناکات پێکەوە هەڵهاتووین، وتمان لەشارەکەی خۆماندا کێشەی دوژمنایەتی عەشیرەتگەریمان هەیە بەهۆی دووژمنایەتی ماڵە خاڵەوەو بۆ ئەوەی بەهێمنی بژین لەوێ هەڵهاتووین بۆ بەغداو دەمانەوێت هاوکاریمان بکات بەدەرچوون بەرەو سووریا یان ئەردەن. سەروەر پەیمانی پێدا لەو کارگانەی باسیکرد کەلەوێ هەیەتی شەش مانگ بەخۆڕایی کاری بۆ بکات گەر دەربازمان بکات، ئەویش پێی وتین کە دوو رۆژی دی لەئوتێل زمرد ببینین، بەڵام کە لەکاتی دیاریکراودا رۆشتین و پرسیاری ناویمان کرد، لێیان پرسین:

– ئێوەن سەروەرو بەیان.

– بەڵێ.

– ئەو هاوڕێیەتان پرسیاری دەکەن ئەم زەرفەو ئەم کلیلەی بۆ بەجێهێشتوون.

پەنجا دینار لەزەرفەکەدا بوو، کلیلەکەش، کلیلی ژووری ژمارە (٥٠٨) هەبوو، لەسەر پارچە کاغەزێك بۆی نووسیبووین، دەبوو بگەڕێتەوە، ئەو ژوورەشی بۆ مانگێك گرتبوو، پازدە رۆژ بەر لەوادی خۆی دەگەڕێتەوەو ئێمە دەتوانین پازدە رۆژەکەی دی تێدا بژین، ئێمە دەمانزانی ئەو خۆی ژوورەکەی بۆ گرتووین و ئەوی دی چیرۆکێکە بۆ دڵنەوایی شەرم و بەخۆداچوونەوەی ئێمە، هەرچەند سەرەتا بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە هەندێك بێدەنگ و پەستی کردین، بەڵام دوایش هەبوونی تەنها یەك مرۆڤ کە هێشتا فرینی بیر نەچووەتەوە بەختەوەری کردین، راستت دەوێت سەروەر زیاتر بەپەنجا دینارەکە بەختەوەر بوو، لەبەر خاتری خۆی نا، ئەو خۆشییەی بۆ من بوو. منی بردە ژوورەکەو

تكای لێكردم نەبۆ كەس دەرگا بكەمەوەو نەوەڵامی تەلەفۆنیش بدەمەوە، پەیمانیـدا یـەك كاتژمێر زیاتری پێنەچێت و دەگەڕێتـەوە، هـەر واش بـوو، بـەر لـەوادە گەڕایـەوە، بـەڵام بیست دیناری لەپارەكە دابوو بەقوڕی كاركردن، بۆ ئەوەی منی پێ بكات بەپەیكەر.

ئەو كۆمەڵێ حیكمـەتی لـەو لەقووڕگرتنـەی دۆزیبـووەوە، بـەڵام دەمزانـی لەهـەمووی زیـاتر دەیویـست بەحەشـاردان بمپارێزێـت و ئـەو كریـستاڵ و وردە شووشـانەی لەچـاووم باریبوون لەتابلۆیەكی هوونەریدا بەزیندوویی بهێڵێتەوە. بەڵێ وردە شووشە، نا كریستاڵ، ئـەوەیان بەلایـەكی تـر بـوو، جـاران تـەنها كەسـوكاری خۆمـان بەدوومانـدا وێڵبـوو، بماندۆزنەوەو تۆڵەی لەقسەدەرچوونی خۆیانمان لێبكەنەوە، ئێستا ئەو خەڵكـە حكایـەتی كریستاڵەكانی بیستووە، تەنانەت مەلای مزگەوتەكان و ڕۆژنامـەكانیش بـەدووی ئێمـەوەن بۆ ئەوەی بگەن بەڕاستی ئەو نهێنییە. لەڕاستیدا ناشـزانم چییان پـێ بڵـێم، كـام نهـێنی؟ شــتێكی وام لەهەگبــەدا هەڵنــەگرتووە، لــەوە زیــاتر شــەوێك لەخەونمــدا دۆزراینــەوەو لەبارچاومدا سەروەریان كوشت، لەگـەڵ یەكـەم زریكەمـدا لـەبری فرمێسك وردە شووشـە دەباری یان راستر فرمێسكەكانم پـاش هاتنـە خـوارەوە دەبـوون بـەوردە كریـستاڵ، مـن پاش خەبەر بوونەوەش نەمتوانی هێـور ببمـەوەو هـەتا بـەیانی كریـستاڵ سـەرتاپای ئـەو باڵـەمی رووشـاندبوو كـە خـستبوومە ژێـر سـەرم، وردە كریـستاڵی كەڵەكـەبووی بـەردەم چـۆرپاكەمان بەشـێوەیەك سـەروەری تووشـی حەپەسـان كردبـوو وامـدەزانی هـەموو سەرسووڕمان و ترسی دنیا مۆڵەتی خواسـتووە لەچـاوی ئـەودا مـارش دەكـەن، گەرچـی خۆی واپیشاندەدا كە ئاساییەو من بەپەرچووەوە جـوانترم، بـەڵام كێـشەی منـیش تـەنها لـەگۆڕینی فرمیـسەكانمدا نـەبوون، لەبیـستنی دەنگـی نـاوەوەی سەروەریـشدا بـوو، نـەك هەموو هەستی، هەموو وشەیەكی بـەر لەدركانـدنیش، دڵنیـابووم ئـەویش ئاگـای لەهـەموو هەست و ختوورەو خەیاڵییەكی من بوو، تەنانەت هەرچیەك بەخەیاڵمدا دەهات بەبێئەوەی بیدركێنم ئەو دەستی دەكرد بەجێبەجێكردنی، دڵـی مـن بـوو دیـوت (بریـا ئـەو فرمێـسكە شووشانەم وەكو ژیانم لـەبار نەدەچوون، دەبـوون بەچـیرۆكی دەمـی راسـتبێژان و وەكـو بەڵگەی خۆشەویستیم بۆ مێژوو دەوترانەوە).

سـەروەر تـا ئـەو كاتـە بەدەسـتێك سـەری مـنی توونـد نووسـاندبوو بەسـنگییەوەو دەستەكەی تر یشی لەوردە كریستاڵەكان وەردەدا، نائارامی و ترسیش تووشی هـستریای

کردبوو، نائارامی لەوەی چیبکات بۆ ئەوەی جارێکی دی نەگریم، گەر گریام چی دەبێت؟ ئەو شووشانە سۆمای چاوم بەتەواوی کاڵ ناکەنەوە؟ ئەو ترسەی دواییـان منیـشی داگـیر کردبوو، ترس لەلەدەستدانی چاوم نا، ترس لەوەی گەر چاوم لەدەستدا ئیتر ئـەو نـابینم. ئەویش هەر هەمان ترس و پرسی هەبوو:

– چۆن دڵنیابم لەوەی ئەو فرمێسکانە ئازاری چاوت نادات، نایپۆشێنێت و سۆمات کاڵناکاتەوە؟

– نا، نا لـەوە مەترسـە، لەناوچـاومدا هـەروەکو جـاران سروشـتین هـەتا ئاشـکرا دەبـن و دەردەکەون پاشان دەبن بەوردە شووشە.

رادەپەڕێت و دەچێتە بـەردەمی پەنجەرەکـەو نیگـای دەکەوێتـە قۆسـتنەوەی هـەموو غـەمکانی رووبارەکـە، دەسـتی دەگەیەنێتـە ئـەو چـەپکە گـوڵـە سیـسبووەی سـەر تەلەفزیۆنەکە، بنە وشکە بێئاوەکەی، پەڕو رەنگـی هـەڵوەریوی دەبـن بەغـەمێکی تـری و ئاوڕێك لەمن دەداتەوە وەکو ئەوەی بڵێ ئێمە تاوانبارین بەرانبەر ئـەم گـوڵانـە، ئەوەنـدە تەسلیمی غەمی خۆمان بووین، بایەخـدان بـەگوڵێکمان بـیر چـووەوە. پاشـان گـوڵـەکان دەخاتـە نـاو زبڵدانەکـەوەو گوڵدانەکـە دەهێنێـت کریـستاڵە وەریوەکـانی چـاوی مـنی تێدەکات بـەرەو گەرماوەکـە دەبێتـەوە لـەوێ دەسـتدەکات بەگرتنـەوەی قووڕەکـەی کـە کڕیبـووی و پاشـان وردە کریستاڵەکانیـشی تێـدەکات و جـارێکی دی دەسـت دەکاتـەوە بەشێلانی. لەگەڵ ئەوەی یەکەمجار بوو پەیکەر دروستبکات، ئەو وێنەی دەکێشا پەیکـەر تاش نەبوو، من یەکەم پەیکەری دروستکراوی دەستی سەرەوەرم، پەیکەرێکی بەیەك شەوو یەك رۆژ دروستکراو. کەس نازانێت بوون بەپەیکـەر خۆشـی وناخۆشـییەکانی چـی بـوون، خۆشترینیان بانگکردنم بوو بەدەزگیرانە قوڕینەکەم، پێموابێت کەس ئەو نازناوە خۆشـەی منی نەبوو، گەرچی زیاتر ناڕەحەتییەکانیم بیر ماوە، چۆنم بیردەچێت، کەم نەدەبوو دنیـا بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێك بیـت و دوایـش لـەناوقاڵبێکی قوڕینـدا بیـت، چـی بکەم قەدەری من وایە، دەبێت هەمیشە لەشەڕدا بم لەگەڵ زەمەن بۆ ئـەوەی لەسـەروەرم نەکات، پێشم خۆش نەبوو پشکۆی ئەو ئومێدە لەچاویدا خامۆش بکەم و بڵێم ئەو جەستە پڕ ئازارەی من بەغەمی حەشاردان بەرگەی ئەو قوڕە ناگرێت، رۆحـی بێـژنگ ئاسـایی مـن بەتانەو تەشەر بەرگەی دووری تۆ ناگرێت، تەنانـەت بڵـێم، مـن واهەسـتدەکەم گەیـشتووم

بەکۆتایی و پەنجە هونەرییەکانت چیدی بەهەوڵدان بۆ مانەوەی من ماندوو مەکە، ئەو پەیکەرە رەنگینەت با بەزیندوویی بمێنێتەوە بەمنەوە نەفەوتێت، بڵێم سەروەر گیان ببورە، من تاوانبارم، تۆ کانیاوێکی هەمیشە هونەرت لێ هەڵدەقوڵێت، دەبوو تەنها هونەریشت لێ مارە ببڕێت، من تۆم لەهونەر کرد، تۆم لەشیعر کرد، کام هونەرمەند دەتوانێت لەماوەی شەو رۆژێکدا پەیکەرێکی نایابی وەکو ئەوەی تۆ دروست بکات؟. گەر دەمزانی خۆشەویستیم بۆت ئەو زیانانەت پێ دەگەیەنێت، تەنها خۆمم دەکرد بەقوربانی و هەرگیز دانم بەخۆشەویستیمدا نەدەنا لای تۆ، ئەمەم لەلاوازی نییە، تەنها و تەنها بۆ تۆو خۆشەویستی تۆیە، هەرگیز نەمدەزانی بوونی من لەگەڵتدا دەتخاتە ئەم مەترسییەوە، گەر دەمزانی ژیانی من ژیانی تۆ دەخاتە مەترسییەوە، زوو مۆمی ئەو ژیانەمم دەکوژاندەوە، گەرچی تا ئێستاش ناوێرم بیر لەو مەرجە بکەمەوە، لە مردن ترسان نییە، ناتوانم بمرم تۆ نەبینم، خودایە چ قەدەرێکە ژیان و مردنت لەیەکاتداو بۆ یەك کەس بوێت، بەڵام ژیانی پاش مەرگ زۆر جوانترە، ژیانی من دوو جار پاش مەرگ کەوتووە، جارێك کە لەهەڵهاتنمدا نەدۆزرامەوەو جارێك ئەو رۆژەی موخابەرات هاتە سەرمان، گەرچی من لەهەندێ رووەوە پێم خۆش بوو، تەنها ناخۆشی ئەوە بوو کە بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی سەروەریان بەخەساردا، کە گەیاندینیان بەوێ پەیکەرەکەیان وردو خاش کرد، جگە لەهەڵبزرکاندنی خەونی مانەوە، کە دەمزانی ئەو خەونەی لەخەونی مرۆڤێکی مەلە نەزان دەچێت دەکەوێتە دەریاوەو دەست بۆ تەڵە پووشێك دەبات بۆ رزگار بوون، دڵشکاندنی لەسەروو ئەو رزگار بوونە بوو بۆ من، هەر ئەوانیش وا بێ ئومێدیان کرد، کە دوابڕیار بدەین بەتایبەت ئەو کاتەی یەکێکیان لوولەی تفەنگەکەی تێوەژەند پێیوت:

– تۆ بەتەمای ئاسایشی نێونەتەوەیی تێك بدەیت و کوودەتا دروست بکەیت؟

– ئاسایشی نێونەتەوەیی چی و کودەتای چی؟ من دەمەوێت هەندێك ئاسایش بۆ ژیانی خۆم و ئەو ژنە دابین بکەم کە بەخۆمەوە تووشم کردووە.

– ئەمە ئیهانەیە بۆ سەرۆك و بڕیارەکانی و ئاسایشی وڵات، تۆ پێت وایە ئێمە ئەوەندە کەمین ناتوانین ئاسایشی هاووڵاتیان دابین بکەین و خۆتان زامنی دەکەن، هەتیو چۆن جورئەتت کرد قسەی وا بکەیت، بڕۆ پێشمان بکەوە بۆ ئاسایش، ئەم بتەش

دروستتکردوه هەر ئێستا دەخەینە ناو ئۆتۆمبێلێك دەیبەین بۆ پشکنین بزانین چ جۆرە تەقەمەنییەکت تێدا حەشارداوە.

—بەڕێز تەقەمەنی چی، دەیبینیت ئافرەتێکی تێدایە، ئەوە خۆشەویستەکەمە، مەبەستم هاوسەرەکەمە، ئێمە بەبێ رەزامەندی خێزانەکانمان هاوسەگیریمان کردوەو بەدوامانەوەن بۆ کوشتنمان، لەقوورم گرتووەو کردوومە بەپەیکەر بۆ ئەوەی گەر دۆزرایەنەوە بەئەو نەزانن و ژیانی بپارێزم، ئێستاش وا ئێوە بەم چیرۆکەتان زانی و دەتوانن بمانپارێزن و چی دی بەنارەواو، وەکو ئەوەی لەولاتی بێ یاسادا بین نەکوژرێین.

— ئەها، واتە هەڵەی کۆمەڵایەتیشتان کردووە، هەر تاوانە سیاسییەکان نییە؟.

— پێموایە ئێمە ئامادەین بڕۆین بۆ زیندان بەتاوانی ئەو تاوانە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەمان کە دەمانەوێت تەنها مرۆڤ بین، مرۆڤ بین بەبێ کەڵبە.

زللەیەکیان لێداو قۆڵبەستیان کرد بۆ نێو ئوتۆمبیلەکە، هەتا ئەو کاتە بەزۆر فرمێسکەکانم لەنێو دەفری چاومدا زیندانی کردبوو، دەترسام ئەو وردە شووشانە ببینن لەلایەك پەیمانم بەسەروەردا بوو نەگریم و لەلایەکی دیش دەترسام بمبەنە بەردەم میدیاکان بۆ پیشاندانی ئەو پەرجووەو بماندۆزنەوە، بەڵام پاش ئەوەی زللەی لێی درا نەمتوانی چی دی زیندانیان بکەم و رێچکە نەبەستن بەرەو خوارووی بتەکەی باڵام، سەروەر بەچاوێکی پڕ سۆز سەیری دەکردم و نەیدەتوانی دەستی کەلەپچە کراوی بجووڵێنێت و رێگری فرمێسکەکان بکات و سەر روومەتم نەڕووشێنن، بەڵام جەللادەکانیش هەر ئەوەندەی فرمێسکە کریستاڵییەکانی بینی یەکێکیان نەڕاندی:

— ئەی تاوانبار، ئەزانی ئەو کریستاڵانە سامانێکی نەتەوەیی و لایەنێکی ئابووریی گەورەیە تۆ قۆرغت کردوە بۆ خۆت، ئێستا زانیم کچە پەرجووەکەت دزیوەو لەو پەیکەرەدا حەشارت داوە، بۆ ئەوەی ئابووریی وڵات بێبەش بکەیت لەو سامانەو تەنها خۆت لووشی بدەیت.

ئێمە لەموخابەرات و بەردەم جەندرمەکانی ئەوێش چەندییان تاوانبارکردین بێسوود بوو، شتێکمان نەبوو لەگەڵ قسەی پڕ و پووچی ئەواندا تێکەڵی بکەین و وەڵام بدەینەوە، پێشمان خۆش بوو بەیەکەوە زیندانمان بکەن و بۆ یەکجاریی لەچاوی مرۆڤە حەشەرییەکان بمان شارنەوە، هەتا زیاتریش دەیانوت تۆ بەچوار تاوان تاوانباریت، تاوانی

سیاسی، ئـابووری، كۆمەلاَیـەتی و دزیـنی كـچێكیش، ئێمـە زیـاتر گوێیـەكانمان دەئـاخنی بەڕوانین بۆ یەك و گوێگرتن لەدەنگی دلّی یەك، هەرگیز ڕێگـەمان نـەدا ئـەو لـووره لـووره ئاوازی دلّمان بشوێنێت. هیچی لەئێمە نەگۆڕی تووڕە بوون و سوكایەتی و سزادانەكانیان، تەنانـەت كاتێـك منیـشیان لەسـەروەر جیـاكردووەو بردمیانـە ژوورێكـی سـێ گۆشـەی شێدارەوەو پێیـانوتم لێرەدا هـەتا مـردن دەبێـت بگریـت و دەبێـت بتگریـەنین و زۆرتـرین كریستالّی چاوت بەرهەم بهێنین، چەند پێكەنین هێنەر بوو كە ئازاریـان دەدام بـۆ ئـەوەی هەمیشه بگریم، بەلاَم یەك فرمێسكیشم بۆ ئەوان نەبوو بەكریستالّ و گەڕانەوه سەر دۆخی سرووشتییان، چیدی فرمێسك نەبوو بەكریـستالّ، ناچـار بـانگی سـەروەریان كـردو وتیـان بەرەڵلاتان دەكەین بگەڕێنـەوه بـۆ ئوتێلەكـەتان، لەوانەیـە تـەنها لـەوێ چـاوی كریـستالّ ببارێنێـت، بـەلاَم لـەژێر چـاودێریدا دەبـن، یـەك فرمێـسكی ببێـت بەكریـستالّ و هـەوالّمان نەدەنێ سزای توند دەدرێن، پێكەنین هێنەره هەموو هـەر سـزای توونـدی پێیـە بۆمـان، ئێمه چیدی لەسزاكان ناترسین، سزا بۆ ئەوانەیە، سزا دەتوانێـت چوارچـیوه بـۆ بوونیـان بكێـشێت، بــەلاَم ئێمــە هێـشتا دوو مرۆڤــی رووتــین، رووت رووت، ســزا نــەیتوانیوه دامانپۆشـێت، خـەزوورم كـە تـەنها بەخـەو بینیوومـە پێیـوتم (كچم ئێـوه هـەر بـەبێعاری لـەدایكبوون، نەكـەن بـەبێعاریش بمـرن، دەسـتم دامێنتـان) ئێمـە لەهـەموو گووناهـە شەرعییەت پێدراوەكانی دنیا رووت بووبینەوه، چیدی دامێنمـان نـەمابوو كـەس دەسـتی پێوه بگرێت.

تیـشكی سـووری ئاسمـان مـژدەی سـپێدەی دەدات، تـەنها ئـەو تیـشكه پەیوەنـدی بەكاتــەوه هێـشتووین، نـازانم كاتـژمێر چـەند گەڕاینـەوەو كاتـژمێر چـەند سـەروەر دوا وەسییەتی نووسی و ئێستاش كاتژمێر چەندە، دوێنی كاتژمێرەكانمان بەخشی بـەڕووبار، هەردووكمان پاشئەوەی كاتژمێرەكانمان لەدەست كردەوە فڕێماندایه رووبارەكەوە، وەكو پـەیمانی خۆشەویـستنی هـەتا هـەتایی، ئـەو خۆشەویـستییەی كـات لەئاسـتیدا بێكاتــەو ســنوورو كــات و شــوێن نازانێـت، بــەلاَم كــە گەڕاینــەوه زانیمــان ســبەینێ دواڕۆژی ئوتێلەكەمانەو نەشوێنمان هەیە لێی بین و نەپارەمان پێیەو نەدەسەلاَتی موخابەرات و نه ئەو مرۆڤه حەشەرییانەی بەدووماندا دەگەڕان، بەلاَم توانای نـەمریی هەمیـشەمان هـەبوو، توانای بڕیاری خۆكۆژیی، توانـای هەسـتی زینـدوو، ئێمـە دوێـنی شـەو بڕیارمانـدا كـە ڕۆژ

بووەوە هەردووكمان بەیەكەوە ببین بەڕۆڵەی دەریا، بۆ ئەوەی لەژێر چەتری سۆزیدا بۆ هەتا هەتایە بەیەكەوەبین، لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاودا كە هاوڕێی هەمیشەمانە خۆمان هەڵدەینە رووبارەكەوە لەكووچەیدا بۆ هەمیشە ئارام بگرین.

ئەو شنە بایەی لەپەنجەرەكەوە راماندەوەشێنێت، دەڵێت زوو بن بەیانەو ئامادەبن بۆ بڕیارەكەتان، لاپەڕەیەك لەوەسیتنامەكەمان لەسەر مێزەكە دەخاتە خوارەوەو لەڕووی منەوە دەهێنێتە بەردەمی چرپاكە ئێمە (بەیان و سەروەر) (بڕیارماندا تا هەتایە یەكترمان خۆشبوێت، تەنانەت لەمردنیشدا پێكەوە بین. لەمەرگەسات. ئەوكاتەی كە ئیتر لەوە دەرباز دەبین دوو روحی قەتیسماو بین لەدوو جەستەدا، ئیتر بۆ دووبارە دەبینەوە بەیەك رۆح، وەك جاران پێش لەدایكبوونمان، كە ئێمەی لەیەكتری ترازاند.. ئیتر جاریكی تر پێوستمان بە (٢٥) ساڵ بوو، پڕ لەسۆراغ و گریان و چاوەڕێكردن بۆ ئەوەی بگەینەوە بەیەك ئەوكاتە هەردووكمان گریاین، چونكە هەر یەك لەئێمە ئەوی تری دەویست، بەڵام ئەوان لەئێمەو لەم بەیەك گەیشتنە نەگەیشتن*)

پەنجەكانم هێشتا تەزبیحات بەتاڵە قژەكانی دەكەن، نە ئارەزوومە دەستبەرداری قژی بم و نەدەستبەرداری وەسییەتنامەكەشمان، نامەوێت بجوڵێم و بێداری بكەمەوە، دەمەوێت زۆرترین حەوانەوە بكات بەتووێشووی ئەو سەفەرە قورس و ئێجگارییەمان، شنە باكە دەبێت بەڕەشەبا، ناچارم هەستم لاپەڕەكان كۆبكەمەوەو بیكەم بەژێر ئەو كتێبەی لەسەر مێزەكە دانراوە، ناونیشانی كتێبەكە (دووكەڵی ژوورەكە) چاوم پێدەگێڕێنێت بەژوورەكەدا، وا هەستدەكەم دووكەڵێكی چڵكن خەریكە چرپاكەم لێ وندەكات، سەروەر هەڵدەستێت و بەچاوی ماڵئاوایی لێم دەنوارێت و هەتاویش سەرەتاتكێ لەگەڵ پەنجەرەكەمان دەكات.

Canada،2007،July12

**تێبینی:**

-چـــیرۆکی دەزگیرانـــە قورپینەکـــەم ســـاڵی ٢٠٠٢ لەســـوریا نووســـیبوو تائێـــستا بڵاونەکراوەتەوە، پاش ئەوەی لەمانگی (٦)ی ٢٠٠٧ چیرۆکی خۆشەویستیی دوو قوتـابی زانکۆی بەغداد (سەروەر ئەحمەد، نووسـەری کۆمەڵـە چـیرۆکی-دخـان الغرفـە) و (بـەیان محەمـەد)م خوێنـدەوە کـە خۆیـانکردووە بـەقوربانیی بـۆ خۆشەویـستییەکەیان، نـاوی کارەکتـــەرەکان و هەنـــدێك لەبەســـەرهات و دیالۆگـــەکانم لەچـــیرۆکەکە گـــۆڕی، جگـــە لـــەزیادکردنی ژمـــارەی ژوورەکـــەی ئـــەوان بـــۆ تـــایتڵی چـــیرۆکەکە وەکـــو ڕێزنـــان لەزیندوییەتییان.

**پەراوێز:**

*بەشێکە لەو نامەیەی پاش خۆیان بەجێیان هێشتووە.

# ئەوساتەی گوڵاوفرۆشەکەی تێدامرد

ئامانج هێمن

پێشکەشە بەهاوڕێم دیاری قەرەداغی، بەیادی سەرەتاکانی لەدایکبوونی (بۆنی خاك)ەوە.

ڕاڕەوێکی تاریك.. لەبەرامبەریدا کۆمەڵێك فەردە گوڵ لەسەریەك ریزکرابوو. من کەچاوم بەگوڵە وشکە ڕەنگ پەڕیوەکان دەکەوت، دڵم دادەخورپا، ئەمە دیمەنی حەوشەی ئەو خانووە بوو کە ماڵی نەنکم بەهاوبەشیی لەگەڵ خوشکێکیدا تیا کرێچی بوون (سەرابی ئیستێرك)ی ناوبوو، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی حەفتا ساڵ زیاتر بوو، بەلام هێشتا شووی نەکردبوو، واتە قەیرە کچ بوو. بەقسەی خۆی.. ئەم کچە خوداو خێزانی لەچارەیان نووسیوە دەبێت پیشەی (گوڵاوفرۆشی) بکات هەتا ئەو ڕۆژەی گوڵاوێکی ئەفسوناوی دەیکاتە عەدەم و لەمرۆڤەکان وەهایە کە مردووە، هەرکاتێك باسی ئەم کارەی لەگەڵ بکرایە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشاو دەیگوت:

– ئەی چی بکەم؟ ئەمە خوداو خێزانم لەچارەیان نووسیوم، تازە من هەتا مردن مەحکومم بەم کارە. گوڵەکانم هێندەی خۆم خۆش دەوێن، تکایە کەس دەستکارییان نەکات، نەکا منیش بکرێمە کەسێکی سەرمەدی.

کەچی هەرگیز کەس لەم نهێنییە تێنەگەیشت هەتا عەیامێك دوای ئەو ڕۆژەی کارەساتەکە قەوما.(سەرابی ئیستێرك) ماڵەکەی پڕکردبوو لەگوڵ و خونچە، هەر پەناو سەکۆو تاقێك، فەردەیەك یان عەلاگەیەك خونچەو گوڵی ڕەنگاوڕەنگی سیسەوەبووی لێداندرابوو، بۆن ئەو ماڵەی هەڵگرتبوو، کونج و پەناوپەسێوێك نەبوو لەو ماڵە بۆنێکی لێنەیەت، منیش بەبۆن و ناوی گوڵەکاندا ناوم لەهەموو شوێنێکی ئەو ماڵە نابوو: پلیکانەی یاسەمین، هۆڵی شەست پەڕ، ژووری گوڵەباخ....

بەشێوەیەك بۆنی ئەو گوڵانە کاریگەربوو، بەبێئەوەی ئاگات لەخۆت بێت لەجێگەیەکەوە دەچوویتە جێگەیەکی تر ئەو مرۆڤەی پێشتر نەدەمایت. بۆ نمونە ئەوکاتانەی لەژووری گوڵەباخ دەبووم بێدەنگییەکی سەیر دایدەگرتم، کەبەهەموو توانای خۆم نەمدەتوانی تێیپەڕێنم. بە پلیکانەکانی لای چەپدا تێدەپەڕیم، بۆنی یاسەمین

هـــەنگاوەکانمی شـــەکەت و ســـست دەکـــرد. ئـــەو لـــەژووری دانیـــشتنەکەی خۆیـــدا بـــەڕیز شووشـــەی بـــاریکی دانـــابوو، کـــە پڕبـــوون لـــەرۆحی نێرگـــز. بـــەڵێ.. هـــەرکاتێك ســـەرێکت دەکێشایە ئەم ژوورەوە بـۆنێکی جیـاوازو سـەیر جڵـەوی خـەیاڵی دەکردیـت، وەك بڵێیـت دارێکـی چـڕمیوەی تـووڕە بیـت و دەسـتێکی نـەرم و نیـان بتتـەکێنێت، پـاش تۆزێـك پـڕ دەبوویت لەهیوا. من ئێستا دەتوانم ئەو هەستانە وێنابکـەم، ئـەگینا ئـەو وەختـە منـداڵیم نەیدەتوانی پەی بەو هەموو میهرە بەرێت کە لـەو ماڵـەدا بـوو. هـەروەها نەمـدەزانی ئـەم ژنە بۆچی هێندە میهرەبانە، یان بۆچـی ئەمەنـدە بـەهیواو خولیـاوە لـەو ژوورە تاریکانـە خۆی قایم دەکرد؟

لەگەڵ ئەمانەشدا بەردەوام دەنگێکی نەزۆك و ترسنۆك لەناخما پێی دەووتم:

– کەسـێك هێنـدە دڵـڕەق بێـت، رۆحـی ئـەم هـەموو گوڵـە دەربهێنێـت، چـۆن لـەتۆ دەبوورێت ئەگەر دەستکاری گوڵێکی بکەیت؟ بێگومان نابوورێت.

ئاشنایەتی من و سەرابی ئەسـتێرك لـەو رۆژەوە دەسـتیپێکرد، کـە لـەتاریکایی پـشت دەرگای حەوشەکەدا یاریمدەکرد، لـەپڕ تارماییـەك هـەتاوی نـاو دەرگـا کراوەکـەی گـرت، خۆی بوو، هەردوو دەستەکانی گیرابوو بە شتومەك و عەلاگەی پڕ لەخونچە. بانگی کردم:

– کوڕم.. ناوت چیە، وەرە هەندێ شتم لەگەڵ ببەرە ژوورێ.

– بەسەرچـاو هەرئێستا. خێـرا وازم لـەیاریکردن هێنـا، چـووم چـەند عەلاگەیـەکم بـۆ هەڵگرت و بردمە ژوورەکەی.

ئەگەر یارمەتیم نەدایە هەرگیز نەمدەوێرا بەتەنها بچمە ئەم ژوورە ، بەڵام وتم: ئێـستا یارمەتیم داوە، باوەڕناکەم هیچم لێبکات.

دوای دانانی شتەکان، وتی:

– مادام هێندە ئاقڵێت، دوایی پڕشووشەیەك گوڵاوت دەدەمـێ، حـەزت لـە بـۆنی کـام گوڵە؟

ئـەی خوایـە ئـەم قـسەیەی چـەندە دڵخۆشـی کـردم. یەکـسەر دەسـتم بـۆ شووشـە باریکـەکان درێـژکرد، ئـەو شووشـانەی رۆحـی نێرگزیـان تێـدابوو، بەچـاوی پزیـشکێکەوە سەیری کردم، وەك بیەوێت لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە بمخوێنێتەوە، منیش بەگومانـەوە سەیری شووشەکانم دەکرد، لەدڵی خۆمدا وتم:" تۆ بڵێیت ئەم داواکارییەم کـارێکی خـراپ

نەبێت، یان گومانی شتێکی ترم لێنەکات؟ خۆ ئەم ژنە تەنها خوا دەیزانی ڕۆژانە چی دەکات و چۆن بیردەکاتەوە". بەهەرحاڵ.. دەستی برد شووشەیەکم بۆ داگرێت، بەڵام دەستبەجێ پەشیمان بووەوەو، وتی:

– قەیناکە ئەمەت نادەمێ، نێرگزی زۆرم هەیە ئەم بەیانیە بۆیان هێناوم، دوایی دانیشە لەگەڵم شووشەیەکت بۆ پڕدەکەم، حەزیش دەکەم ئەمکارەم ببینیت، بەڵام تۆ تەنها کەسێك دەبیت چیرۆکەکانی کۆتایی گوڵاو دروستکردنم پێبزانیت، بۆیە دەبێت لەپاشەڕۆژدا تۆ نەبیتە گوڵاوفرۆش و تەنها یاداشتەکانیان بنوسیتەوەو ئەو چیرۆکانەیان لێدروست بکەیت کە چەندین نووسەر خۆیانی پێ دەژێنن.

هێندە دڵخۆشبووم بەوەی ئەم ژنە قسەم لەگەڵدا دەکات، نەمدەزانی چۆن وەڵامی دەدەمەوە:

– بـ بـ باشە، بەڵام من ناوێرم قسە لەگەڵ گوڵاوفرۆشەکاندا بکەم. دواتر من منداڵم نازانم ناوی خۆم بنووسم، نەخوازەڵڵا چیرۆك.

– دەی ئێستا بڕۆ بەلای یارییەکەی خۆتەوە، پاش تۆزێکی تر من کاری جیاکردنەوەی گوڵەکانم تەواو دەکەم، تا ئەوکاتە تۆش لەیارییەکەت دەبیتەوەو پێکەوە دەستدەکەین بەئاگرکردنەوەو نێرگز کوڵاندن.

هەر کە سەرابی ئیستێرك ناوی ئاگرکردنەوەو کوڵاندنی هێنا، دڵم داخورپا، هەرچۆنێك بوو چەند هەنگاوێك دوورکەوتمەوەو، دەستم کردە گریان، دایەسەراب وایزانی بۆئەوە دەگریم کە پێی وتووم تۆزێکی تر.

– باشە ڕۆڵەگیان ئێستا دەست پێدەکەین.

هەرخێرا پەرەمێز و مەنجەڵە گەورەکەی حازر کرد، ئەم مەنجەڵە قەپاغێکی قورپۆشکراوی لەسەربوو، لوولەیەکی درێژی تەنەکەی پێوەبوو، کە خرابووە ناو شووشەیەکی گەورەوە، هەر کە چاوم بەشووشەکە کەوت لێی نوسرابوو (عرق الاصلیە )، لەوتەمەنەدا خوێندەواریم هەبوو، بەڵام وشەکانی سەر شووشەکە عەرەبی بوون، لەبەرئەوە تەنها وێنەی وشەکانم دەناسییەوە.. ئەمە شووشەی شەربەتە تام ناخۆشەکەیە، یادگارییەکی ناخۆشم لەگەڵیدا هەیە وابزانم گێڕانەوەی لێرەدا زیادە نییە..

( منداڵێكی پێنج ساڵان بووم، ئـەم شووشـەیەم لەكەنتۆرەكـەی خۆمانـدا بـینی پڕبـوو لەئاو، منیش بەدزی دایكمەوە خێرا دەمم پێوەنا.. خودایە.. مەگەر تەنها خۆم بزانم تامی چەند ناخۆش بوو، هەرچەندە لەڕازیانـەش دەچـوو، بـەڵام هێنـدە تـاڵبوو نەبێتـەوە، ئـەو وەختەی دەمم لێبەردا زانیم تامی هێندە پیسە، بەڵام تـازە كـار لـەكار تـرازا بـوو، دواتـر چوون بووراوەیەك كەوتم و هێندە ئاگام لێبوو لەپێش هەموو شوێنێكما، كەپووم بەرزەوی كــەوت. نــازانم چــەندە بێهــۆش بــووم، بــەڵام كاتێـك بەئاگاهاتمــەوە دەبیــنم لەســەر ئاودەستەكەم، دایكم دەستی بەناوچەوانمەوە گرتووەو لێم وریایە نەكەوم، بەدەستییەوە بووم و وەك ئاڵای بەر ڕەشەبا پێی دابین نەدەكرام و دەكـەوتم بـەملاو ئـەولادا، ئـەو ڕۆژە هەرچیم خواردبوو هەڵمهێنایەوە، مردنم چەند جارێك لەگـەڵ هێڵنجـەكانما بەچـاوی خـۆم بینی. دایكیشم زوو زوو مـستەكۆڵەیەكی قـایمی دەكێـشا بەشـان و ملمـدا. ئەوكاتـە بـیری فیلمێكی خستمەوە كە پێش چەند ڕۆژێك بینیبووم، ( مامۆستا سەرخۆشـەكە) ی (جـاكی شان)، كتومت خۆم وەك ئەوە دەهاتە پێش چاو، بەڵام ئەو باوكی لێی دەداو مـن دایكـم، چونكە من باوكم خـۆی كەتنەكـەی نـابووەوەو لەشـەرمی دایكـم ورتـەی لێـوە نـەدەهات. ئێستاش نەمزانی ئەو هەموو لێدانەی دایكم لەپای چی بوو؟ ئەوەبوو من خواردنم دزیـوە، یان شتێكم خواردووە كە بۆمن شیاو نییە؟ هەركامێكیان بێت لێدانی من لەوساتەدا شـیاو نەبوو، ئەگەر من خواردنێكی نەشیاوم خـواردووە، خـۆ خاڵۆزایـەكم دەمـی نـا بەبەلوعـەی بەرمیلێكی گەورەی نەوتەوەو هەتاوەكو تێری نـەخوارد دەمـی لێبەرنـەدا، كەچـی دایكـی لێشی تووڕە نەبوو، ئەی بۆچی ئەم لێم دەدات؟ دیارە ئەم خواردنە لەنەوتیش پیـسترە! ئەی كە ئەمەندە پیسە بۆچـی بـاوكم دەیخواتـەوە؟ خـۆ ئەگـەر لـەوە تـووڕە بـووە بـەبێ پرسی دایكم خواردوومە، ئەوا بەم لێدانەی وەهای لەمن كرد هـەتا ئەبـەد ببمـە هـاودەمی ئەم شووشەیە.

بەهەرحاڵ.. كەلتوورەكەی من هەمیشە وەها مامەڵە لەتەك منداڵدا دەكات، دەبێت تێر لێی بدرێت ئەوسا هەڵەكەی خۆی بزانێت.

لەدوای ئەم بەفیكرەوەچوونە خێرایە سەرابی ئیستێرك دوو پەمپی لەپەرەمێزەكە دا و مەنجەڵەكەی نیوەكرد لەئاو و پڕ باوەشێك نێرگزی خستەناوی..

لەحەژمەتا بەبێئەوەی ئاگام لەدەمی خۆم بێت، پڕ بەگەرووم هاوارمكرد:

– نا، هەرگیز حەزم لەم کارە نییە، ئاخر مامۆستای ئایین لەو رۆژانەدا لەپۆلەکەی شکۆی برام، وتبووی: " مرۆڤ ئەگەر لەم دنیایەدا هەرشتێك بکوژێت، لەو دونیا خودا دەیکاتەوە بەو شتە"، دایە سەراب من حەزناکەم لەودنیا ببمە گوڵە نێرگز و بمکوڵێنن.

خەندەیەکی نەرمی بۆکردم و وتی:

– رۆڵە گیان، مامۆستا مەبەستی کوشتنی مرۆڤە، کوشتنی مرۆڤی رەش و سپی و کافر و موسوڵمان، نەك گوڵ و کۆتر و مەلەکان، چونکە خودا و پێغەمبەر خۆیان زانیویانە هیچ ئوممەتێك هێندەی ئوممەتی ئیسلام مرۆڤی نەکوشتووە. کەواتە خودا مەبەستی کوشتنی گوڵ نییە، دواتر خۆ ئێمە ئەم گوڵانەمان نەکوشتووە، بەڵکو ئێمە ئەم گوڵانە دەکەینە سیمبولی سەرسنگی خەڵکی، ئەگەر ئەم گوڵانە وەك مرۆڤ بیانتوانیایە قسەبکەن، ئەوا ئەوپەڕی لێمان مەمنون دەبوون که هێندە رێزدارمان کردوون.

من نازانم باوەڕی بەم قسانەی خۆی هەبوو لەناخەوە یان نا، بەڵام من زۆر زوو باوەڕم پێکردو بەدارێکی درێژی پاك و باریك لەگەڵیدا کەوتمە تێکدان و تێکەڵکردنی نێرگزو ئاوەکە.

دوای کوڵانی ئاوەکە، نێرگزەکەش هێواش هێواش لەگەڵیدا قوڵپی دەداو لەناویدا دەتوایەوە. هەتا کەوتە هەڵمکردن، وردە وردە ئاوەکە خەست دەبووەوەو هەڵمەکەش خەستتر. ئەم هەڵمە لەسەرقاپی مەنجەڵەکەوە بەناو بۆرییە باریکەکەدا دەڕۆیشت، پاشئەوەی لەبۆرییەکەدا تۆزێك سارد دەبووەوە جارێکیتر دەبووەوە بە ئاو و تکە تکە لەدەمی بۆرییەکەوە دەکەوتە ناو شووشەکە. بەردەوام بووین لەسەرکارەکە هەتا شووشەکە پڕبوو، ئەوسا سەرابی ئیستێرك پارچەیەك تەپەدۆری قاوەیی هێنا، دەمی شووشەکەی پێگرت و وتی:

– ئەوە بەشەکەی خۆت، بیبەرە ماڵەوەو خێرا وەرەوە، با لەسەر کارەکەمان بەردەوامبین، دڵنیام تۆ لەگەورەکان زیاتر لەخەمی گوڵ تێدەگەیت و هەرساتێك بێت خەمی گوڵەکان تۆ دەینوسیتەوە. تۆ( ڕا ) ت چۆنە ناوت بنێم:( گوڵنووس)؟ لەخۆشیدا قاچم عەرزی نەدەگرت. هەر لەدوای ئەم چەند دەقیقەیە بەشێوەیەکی جیاواز بەسەر پلیکانە و بەناو راڕەوو ژوورەکاندا دەڕۆیشتم و بۆنی گوڵەکانم دەکرد. ئێستا لەدڵی خۆمدا دەموت:" ئەم گوڵانەش رۆژێك دێت ئاوەها بیانکەمە شووشەیەکی بچوکەوە. نەك

هەرئەمە، بەڵکو گوڵی هەموو دنیا دەتوێنمەوە، خۆ گوڵەکان خۆشیان پێیان خۆشە وەها بیانکەینە پەیامی سنگی خەڵکی! کەواتە رۆژێك دێت کتێبێك لەسەر گوڵ دابنێم؟ بەڵام کێ دەیزانی خۆی دەبێتە بیرۆکە و داستانەکەی، خۆشی دەبێتە تاکە ئامانجی نوسینی ئەو کتێبە؟ خێرا شووشەکەم لەناو تاقێکدا لەژێر پلیکانەی یاسەمین دانا، لەوکاتەدا دایکم بینی بەدەستمەوە وایزانی لەسەرابی ئیستێرکم دزیوە، وتی:

– ئەو شووشەیەت لە کوێ هێناو ئەو ئاوە چییە تیایدایە؟

– ئەوە رۆحی نێرگزە، دایە سەراب بانگیکردم و پێکەوە دروستمانکرد.

تۆزێك پێکەنی و روویکردە دایکی و وتی:

– ئەم پوورەی من زۆر سەیرە! چەند ساڵە ئێمە پێیدەڵێین کاری دروستکردنی گوڵاومان فێربکە، دەڵێت: " بۆئێوە باش نییە ئەم کارە فێربن، چونکە بۆن مەترسیدارترین هاوڕێیە، کەسی ئاقڵ هەرگیز توخنی هاوڕێیەتی ئەم شتە ناکەوێت، یان دەڵێت: بۆن وەکو ئاڵای سووری شەیتانی نێوان عاشقانە، لەهەموو شوێنێك نهێنییەکانی تۆ ئاشکرا دەکات. بەسەنگینی و بەهێمنی بەخەڵکانی دەوروبەرت دەڵێت کە تۆ کوڕی کام خوداوەندو چ مەملەکەتێکی سالاریت. بۆیە وەسیەت بێت ئەگەر منیش مردم و رۆژێك ویستتان ئەمکارە بکەن، ئەوا سەیرێکی ئەو شووشەیە بکەن کە لەپشتی نوێنەکانی سەر دۆڵابە رەشەکە دامناوە، تاکو بزانن سەدان ساڵە بۆنەکانی ئەم وڵاتە لەچی دروست دەکرێن؟"، کەچی ئێستا ئەوەتا منداڵێکی وا فێردەکات! نازانم دەبێت سیحری ئەم گوڵاوە لەچیدابێت وا فێربوونی بۆ ئێمە مەترسیدارەو بۆ سەبا ئاساییە؟!

ئێهـ... لەدڵی خۆمدا وتم: ئەمانەی باسی دەکەن هیچی کێشەی من نین، بەڵکو دەمەوێت بزانم بۆچی نەیهێشتووە ئەمان فێری کارەکە بن؟

هەر کە گەڕامەوە، وتم:

– دایە سەراب، ئەو شووشەیەی لەناو دۆڵابە رەشەکەی پشتی نوێنەکان داتناوە چی تیایە؟

دیاربوو ئەو لەمن زیاتر بەپەرۆشبوو ئەو پرسیارە بکەم. خێرا دارە گەورەکەی دەستی لەمەنجەڵەکەدا داناو هات ماچێکی سەری کردم، وتی:

– سەبا، باشبوو ئەم پرسیارەت کرد، ئەڵبەتە کەناوی ئەم شووشەیەت بیستووە، نەك تۆ، بگرە هەموو کەسوکاریش، بەڵام ئەمە ئەو مەتەڵەیە کە تەنها دەبێت تۆ وەڵامەکەی بزانیت.

رۆژێك لەژوورەکەی دواوە بەئارامیی دانیشتبووم بیرم لەو خزمەتە دەکردەوە کە چەند ساڵە پێشکەشی دونیای دەکەم تاوەکو شتێك بۆنی ژیان خۆشترکەم، کەچی رۆژ لەدوای رۆژ بۆنی دونیاو مرۆڤ بۆگەنتر دەبێت. ئەی کەواتە من بۆچی کارێك نەکەم ئەو هەموو بۆنە بەهەدەر نەچێت و چیتر تەنها بۆنەکانم چەند ساتێك تەمەنیان نەبێت. بەڵێ.. ئیتر من پێویستە بیر لەبۆنێکی نەمر بکەمەوە، بۆنێك هەرمرۆڤێك لەخۆی بدات هەست بەنەمریی خۆی بکات. بۆنێك هیچ نەبێت ئەمەندە کاریگەربێت ساتێك تەمەنی گەردوون بوەستێنێت، یان هەرکاتێك بڵاوم کردەوە بەهەوادا هەموو زیندەوەرانی جیهان ئێستێك بکەن و مژدەی خودایەکی تر ببیستن ، لەم خەیاڵانەدا بووم، ئەوەندەم زانی ژنێك لەبەردەمم قوت بووەتەوە، ژنێك بوو رەنگی پێستی لە زەردەی هەتاوی ئاوابوون دەچوو، سەرتاپای لەرەش هەڵکێشرابوو، پشتێکی کۆماوەو دەستەکانی لەبۆشاییدا سەمایاندەکرد. وەك بڵێی رازی دڵی من پێبزانێت، بەبێ پێشەکی وتی:

– تۆ ئەگەر دەتەوێت ببیتە جادوگەری بۆن و ئەو خەونە لەمێژیینەیەت بێتەدی، ئەوا ئەمجارە بۆ گوڵکردن سەردانی ئەو بیابانەی باشوور بکە، من دڵنیام لەوێیە گوڵەکانی جاویدانی، لەوێیە مژدەی خودایەکی نوێ. لەوێ نەك بەتەنها گوڵ بەڵکو مرۆڤیش رواوە، نەك بەتەنها گوڵەکان، بەڵکو مرۆڤەکانیش گوڵاویان لێدەچۆڕێت. ئەو وەختەی سەرم هەڵبڕی نەکا لەوێ ئەم ژنە ببینمەوەو ئەو مەملەکەتەی منی بۆ دەنێرێت هی خۆیان بێت، تاوەکو بیناسمەوە، بەڵام دەمێك بوو لەبەرچاوم ون ببوو.

***

وەسیەتەکەی بووە ماخۆلان لەگیانما، هەر رۆژەو بەجۆرێك بیرم لەچۆنێتی سەفەرەکەم دەکردەوە بەرەو باشوور، هەر ساتەو ئەم ژنە لەخەیاڵمدا بەبەرگێکەوە خۆی نیشانم دەدا، هەتا ئەو رۆژەی خولیاکەم هێنایەدی و چوومە باشوور، لەسەرەتادا چاوم بەهەموو لایەکدا دەگێڕا بەڵکو ئەمە خوایە ئەو ژنە ببینمەوە کە منی هێنایە ئەم جێگەیە، بەڵام هەرگیز نەمبینی، ئەوسا کەوتمە بۆنکردن تاکو راستی قسەکانی ژنەپیرە

پشت کۆماوەکە بسەلمێنم، بۆنی هەموو شتێکم دەکرد ئاسمان، زەوی، تەنانەت جۆگاو گرەی ئەو سەرزەمینە، لەپڕێکدا نازانم راستی بوو یان هەر خەیاڵی ناو ناخم؟ لەدوورەوە گوڵستانێکی گەورەم لێبەدیارکەوت! خێرا خۆم گەیاندە گوڵستانەکە، سەرسامبووم کە بیابان گوڵی تیا رواوە، نەخوازەڵلا ئەم گوڵە جوانانەش! بەچاوی داخراوەوە قەدەرێك وەستام هەتا تەواو هیلاکی راکردنەکەم لێدەرچوو، دواتر کەوتمە هەڵمژینی بۆنی ئەو گوڵستانە، دەتوت لەدوای ئەم ساتە ئیتر ئەم گولانە بۆنیان نامێنێت، جارێك و دوان و سیان و سەدان جار، ئەوکاتەی تەواو تێکەڵ بەبۆنەکە بووم نازانم بۆچی چاوم بەتەواوەتی سرەوتی لەبەرهەلگیرا، نەمدەتوانی بۆ چرکەیەکیش رایگرم، هێندە کرابووەوە وەختەبوو دەهاتنە دەرەوە، زەندەقی لەدنیای دەوروبەرم چووبوو، لەدووی شتێك دەگەڕاو بۆی نەدەدۆزرایەوە.

قەدەرێك ئەو ترسە داگیریکردم، تاوەکو لەناو گولالە سوورەکانەوە یەکەم تارماییم لێبەدیارکەوت، منداڵێکی خڕپنی قژخاوی چڵمنی گرینۆك، بەدەم هاواروکڕوزەوە بەخێرایی بەرەوپیرم هات، بلوسێکی سووری زۆرئاڵ و بیجامەیەکی سەوزی نیوە داکەندراوی خۆڵاوی لەبەردابوو، هەنگاوەکانی چوون تازەپێگرتوویەك فریای یەکتری دەکەوتن، باوەشی کرد بەلاقەکانمداو هەرچی فرمێسك و چڵمی بوو بەکراسەکەم سڕییەوە. ئەو وەختەی تەڕایی فرمێسکەکانی گەیشتە سەرگیانم، لەرزێکی سەیر گرتمی، بەڵام جڵەوی خۆمم لەدەست نەدا.

– دایە سەراب فریامکەوە.. لەڕەگی گوڵەکان وەڕس بووم.

وەك ئەوەی بزانم چی دەڵێت، خێرا وتم: رەگی کامە گوڵ چەقیوەتە جەستەت؟

– گولاڵە سوورە.

دەمزانی گولاڵە سوورە رەگەکەی هێندە پتەو و درێژ نییە، بەڵام ناسکی منداڵ ئەوە ناناسێت. دەستم برد لەگیرفانی هێلەکەکەمدا شووشە عەترێکی بۆ دەربکەم، تاوەکو ژێر بێتەوە، شووشەیەك رۆحی گوڵەباخم بۆ راگرت، هەرئەوەندەی کە ناسییەوە زریکەی گەیشتە ئەوپەڕی بیابان.. شووشەکەی گرتە دەست، بەقوڵیی بۆناو شووشەکەی رووانی، وەك بڵێیت بۆ ماسییەکی ورد بگەڕێت.

گەڕامەوە بۆ منداڵیی " لەبیرمە ئەوکاتەی دەچووینە سەر ئاوە گەورەکە، بە مستی منداڵیی هەندێك ماسی بچوکمان دەگرت و دەمانخستە ناو شووشەیەکی گەورەوەو لەهەموو لایەکەوە تێمان دەڕوانی".

ئەوساتەی چاوم لەسەر ناخی خۆم گواستەوە، بینیم کچێکی قژئاڵۆزکاو، زیڕەکردوو، پشت کۆماوەو کەمێك باڵاکورت لەبەردەمما بەدەم گریانەوە دەیوت:" دایکم ژنێکی جوانکیلەو باڵا زراڤ بوو، دوای چەند شەوێك لەگێرانمان و تێرخواردنی گورگە جل بەڵەکەکان، لەو حەوشەیەی ئەم گوڵەی تیا رواوە لەبەرچاوی خۆم کردیان بەژێرخاکەوە، وا ئێستا جواناوەکەی لەشووشەیەکدایەو پێشکەشمانی دەکەیت! شووشەکەی لەدەست وەرگرتم، بەهەمان چاوی منداڵیی تێر بەناوییا رووانی:

– دایەگیان.. چی دەکەیت لێرانە؟ بۆچی لەدوای رۆح کێشانیش مرۆڤ هێندە ئازادە بتوانێت ببێتە پردی پەیوەندی نێوان تەڕاییەکی سەرسنگ و رۆحی کلۆڵی ئەوخەڵکە؟

دەم داچەقیو و سەرسوڕماو لەو پێشهاتە سەیرانە! دەمەویست مامەڵەیەکی باش لەگەڵ ئەم ساتانەدا بکەم، نەبادا بۆ هەمیشە لەکیسم بچن و پەیوەندی نێوان کارەساتەکان وێڵم بکەن بۆ شوێنێك رێگەی گەڕانەوەم پەی پێنەبەم.

***

هەرجارەو سەرم هەڵدەبڕی کەسێك لەدەورم زیادی دەکرد، پیاوێکی پیر بەکەواو سەڵتەی رەساسیەوە، گەنجێکی ریش تا ناوقەد، پیرەژنێکی کۆماوە کە هێندەی نەدەما لووتی لەزەوی بکەوێت، مرۆڤ ، مرۆڤی رەنگاو رەنگ، ئەوەی لەهەمووی زیاتر سەرنجی راکێشام و وەختە باسکردنیم لەیاددەچێتەوە بۆنە جیاوازەکانی ئەوان بوو، هەریەکەو بۆنێکی لێدەهات، وەك بڵێی خودا بیەوێت لەرێگەی ئەمانەوە بەهرەی خۆیم نیشاندات، هەرکەسێکیان کە دەهات خێرا دەستێکی بەگیانما دەگێڕا. بێگومان من نەمدەزانی بەهرەی ئەم دەستگێڕانە چییە! تاوەکو ئەو دەستەی بەهێواشی شووشە بۆنە بیانییەکەی لەگیرفانە شاراوەکەمدا دۆزییەوە، شووشەکەی بەرزکردەوە تاوەکو نیشانی هەموویانی بدات، ئیتر لەوەبەدواوە حەشاماتەکە لەگەڵ جووڵەی شووشە بۆنە بیانیەکە روویان وەردەگێڕا، کەس ئاگای لەمن نەما، دواتر سەری شووشەکەی کردەوە، هەرچەندە قیژاندم:

– تکایە.. تکایە.. مەیکەرەوە، خەڵکەکە سەرمەستی بۆنەکەو کەسەکەش بەغرورێکی درندانەوە دەیویست نەخشی خۆی لەلاپەڕەکانی مێژوودا بهێڵێتەوە، سەری شووشەکەی والآکرد، ئەوانیش سەرمەستانە پەیتا پەیتا نزیك دەبوونەوە تاوەکو هیچ نەبێت دڵۆپێکیان بەرکەوێت، پیاوەکە چووە سەر نیوەدارێکی بڕاوە، بەدەنگێکی گڕو بەهەمان غرورەوە، وتی:

– کێ لەئێوە دەیەوێت بۆ ئەبەد بمێنێتەوە؟

من هەر دەمقیژاند و دەکڕوزامەوە، بەڵام کەس هۆشی لەلای من نەبوو. ئەویش پەیتا پەیتا قسەکانی خۆی دەکردەوە. ئەوساتەی دەیوت.. کێ دەیەوێت ببێتە کەسێکی ئەبەدی؟ هەموویان بەجارێ هاواریان دەکرد:

– من.... سەدان (من) بەجارێك دەوترا، کەچی چاوە گورگ ئاساکانی ئەو، کچێکی لەپەنایەکدا دۆزییەوە، بەپەنجەیەکی ئاماژەی بۆ کچەکە کرد، ئینجا سەرجەم چاوەکان گواسترانەوە بۆسەر کچەی داماو، وەك بڵێی لەهاوارەکەی پەشیمان بوبێتەوە، بەڵام تازە خەڵکەکە ڕێگەیان بۆ چۆڵکرد، ئەویش بەقاچی لەرزۆکەوە چووە جێگەی کەسەکە.. – من ناوم.. هەموویان بەجارێ ... ( نێرگز ) ەەەەەەەەەەەە . هیچ لەسەر رابردووی خۆمان نازانین، ئەوەتەی هەین بۆ رەنگ و شێوەمان دەگەڕێین، هەمیشە لەشەڕدا بووین، شەڕی پیاوانی خودا. بستە زەوییەکمان نییە بەناوی خوداوە نێرگزێکی تێدا نەڕوابێت – من دواتر زانیم مانای نێرگز چییە و بۆچی بەتەنها هی ئێمەیە، ئێستاش وەك دەبینن لەسەرابێك زیاتر نین.

کەسەکە بەهەموو هێزی خۆی شووشەکەی بەرەو نێرگز رادەوەشاند، تاوەکو هیچی تیا نەما. ئەمەندەو هیچی تر.

***

پاش چەندێك.. خۆشم نازانم، بەدەنگی گریانی کچێك خەبەرم بووەوە، ناسیمەوە ( نێرگز )ە، شووشەکەی منی بەدەستەوەیە و بەسەریدا دەگری، لەپەنا زەوییەکی نیمچە تەڕەوە خۆی داوە بەزەویدا، دیاربوو ئەم گریان و تەنهاییەی پەیوەندییەکی هەیە بەزەوییە نیمچە تەڕەکەوە، لێم دەپرسی:

– تۆ بەتەنها چی دەکەیت لێرە؟ پێی دەوتم:

– من لەجیهانەکـەی تـرەوە بەهەڵەیـەکی تـۆ هاتوومەتـەوە، لەگـەڵ تـۆ دەبم تـاوەکو مێژوویەك بگێڕمەوە، بێگومان تاکە بەڵگەی ئەو گێڕانەوەیەشم ئەم شووشەیەیە. کـەپێش تۆزێك لەوتەڕاییەی زەوییەکەی بەردەمم پڕم کردووە لەجواناوی مرۆڤ .

دەمڕوانـی شووشـەکەی خۆمـە، بـەڵام شـلەیەکی تێدایـە زۆر سـەیر و سەرنجڕاکێشە، لەهـەموو لایەکیـەوە تیـشکی پـەخش دەکـردەوەو ڕێگـر بـوو لـەوەی بەتـەواوی بـۆ نـاو شوشەکە بڕوانم. دەمویـست هـیچ نـەبێت بـۆنێکی بکـەم، کەچـی (نێرگـز ) خێـرا دەسـتی دەگێڕایەوە دواوە، بەدەنگێکی بەرزو نائاشـنا دەیگـوت:" هەرکەسـێك بـۆنی ئـەم شـلەیە بکات، وەکو من دەبێتە کەسێکی سەرمەدی". هیچ وشەیەك لەژیانمدا هێندەی ئەم وشەیە نەیدەترساندم، زەندەقم لێی دەچوو. بەکورتی هێندە سـاتەکان خێـرا تێدەپـەڕین فریـای تۆمارکردنی نەدەکـەوتم لـەزیهنی خۆمـدا. ئەمەنـدەی لـەیادم مـاوە: لـەدوای ئەمـە نێرگـز لەمەترسی گورگە بەڵەکـەکان ئاگـاداری کـردم و دەسـتبەجێ بڕیـاری گەڕانـەوەمان دا بـۆ بازاڕی نێرگزفرۆشان، بەماوەی دوو ڕۆژ گەیشتینەوە ئێرە"، هەموو شـت ڕەوا بـوو تـەنها جیاکردنەوەی شووشـە بۆنـە ئەفـسوناوییەکە نـەبێت لـەنێرگز، کـە پاشـان مەملەکـەتێکی کردە لانەی تراژیدیای زیندووەکان، بەتەنها ئەوەی لەو کارەساتەدا مرد خۆی بوو.

لـەو شـەکانی کۆتـایی چـیرۆکەکەیدا زۆر سەراسـیمەو ڕەنگپـەڕیو تەماشـای سـەرابی ئیـستێرکم دەکـرد، دەمزانـی گـرنگترین شـت مـاوە پێمبڵـێ، بـەڵام هێنـدە دەچـووە نـاو وردەکاریی قسەکان و چۆنێتی ڕێگابڕین و ئەو گوڵانەی کە لەبیابان تـەنها شـەوان بۆنیـان دێت من تەواو دڵم سست دەبوو، بۆیە زوو زوو دەموت:

– دایە سەراب، دەبێت گوڵەکان وەکو پێویست نەکولابن؟

ئەو سەیری پێـدەهات، بۆچـی دڵـم هـەر لـەلای گوڵەکانـە؟ لەکاتێکدا ئـەو دەیویـست سەرنجم بـۆ شـوێنێکی تـر رابکێـشێت. دواجـار ناچـارم کـرد بـەوەی ڕاسـتی مەسـەلەکەم پێبڵێت:

– سەبا، من دەمەوێت باسی شووشەکەت بۆ بکەم. وەك دەڵێن بووەتە سـیحرو کـەس لێی تێناگات، ئێستا چەند دڵۆپێکی تێداماوە، دەبێت بزانیت بەسەر کێیدا دەیپرژێنیت!

ئـەو وەختـەی چـووینە تەنیـشت دۆڵابـە ڕەشـەکە، لەپـشتی نوێنـەکانی سـەرییەوە شووشەکەی بۆ دەرهێنام، هەرخێرا گرتم بەدەستمەوەو پاش ڕوانینێکـی کـەم سـەرەکەیم

کردەوەو ئەوسا چوومە ژوورەکەی دایکم و ئەوانی لێدانیشتبوون، وەك بڵێیت چەندین ساڵ بێت بەدوای ئەم نهێنییەدا گەڕابێتم، شووشەکەم رووەو دایکم و خوداو زەوی نیشتمان پرژاند، کاتێك بەدەنگی دایکم وەخەبەرهاتم، دەڕوانم لەناو جێگادام، نازانم چەندە کەوتووم لەجێگادا، بەڵام هێندەم لەدایکم گوێ لێبوو بەدکتۆرەکەی سەر سەرمی دەوت:

– دکتۆر گیان، من دەزانم هیچ نەخۆشییەك مرۆڤ هەشتاوهەشت رۆژ لەجێگادا ناخات، بەڵام خۆناکرێت بڵێین کاریگەریی سەرابی (ئیستێرك)ە، چونکە هەر ئەو رۆژەی سەبای دواند و شووشەکەی دایەدەستی، لەپاش هەڵپچڕینی شووشەکە و پرژاندنی بەسەر ( من و نیشتمان و ئاسمان ) دا، کۆچی دوایی کرد.

ئێستاش دوای زیاتر لەنۆزدەساڵ وا کۆتایی چیرۆکەکەتان بۆ ئاشکرا دەکەم: بۆنەکان لەلای من هەموویان بۆنی مرۆڤیان لێدێت، تەنها ئەو شووشەیە نەبێت کە لەگەڵ سەرابی ئیستێرك پێکەوە هێنامانە بەرهەم و تاکە زامنی زیندوو هێشتنەوەی دایکم و خوداو نیشتمانە لەناخمدا.

# تابلۆیەک بەڕەنگی بەیانی

محەمەد ناکام

بیستویەك شەو بەسەر زەماوەندەکەماندا تێپەڕیوەو هەستدەکەم لەگەڵ گوزەرکردنی هەر چرکەساتێکدا، بستێك زیاتر یەکدیمان خۆشدەوێت، ئاخر ئێمە هەردووکمان بەر لەزەماوەند قوولانجێکیش یەکدیمان خۆشنەدەویست، ئەسڵەن هەر یەکتریشمان نەبینیبوو، چونکە پێمانوابوو خۆشەویستی راستەقینە لەدوای زەماوەندەوە دەست پێدەکات، بەپێچەوانەی ئەو کیژو کوڕانەوە کە بەر لەزەماوەند هەزارووییەك مەتر یەکدییان خۆشدەوێت و بیستویەك شەو دوای زەماوەند قوولانجێك خۆشەویستیی راستەقینە لەنێوانیاندا دەمێنێتەوە.

لەماوەی ئەم بیستویەك رۆژەدا سیوسێ دیاری جۆراوجۆرو گرانبەهاو هەرزان بەهەمان پێشکەشکراوە، لەسەرووی هەرهەموویانەوە ئەو فەرشە گەورەیەی کە دەبێت لەباری درێژییەکەی سێ مەترو شەش سانتیمەتری لێ قارس بکەین ئینجا بە بەربالای ژوورەکەمان دەکات، بەلام هێشتا ئەو دیارییەی کە لەهەرساتێکدا چاوەڕوانم بکات و سەرسامیمان بکات نەگەیشتووە.

یەکێك لەهاوڕێکانم کە دەبیستێت یەکێك لەهاوڕێکانی زەماوەندی کردوە، ماوەیەکی زۆر بیری لەوەدەکردەوە کەچی هەڵبژێرێت، تاوەکو دیارییەکەی لەو دیارییانە نەچێت کە کەسانی دیکە بەکەسانی دیکەی دەبەخشن، هەربۆیە هەموو جارێك یەکێك لەو شتە سادەو سەیرانەی هەڵدەبژارد کە بەشێکبوون لەژیانی خۆی و زەمەنێکی زۆر لەگەڵیاندا ژیاوە، هەر کام لەو شتانەش کە دەیبەخشین حیکایەتی تایبەت بەخۆیانیان هەبوو و جێگەی بایەخپێدان و لێڕامان بوون بەلای ئەوەوە، بەلام گرفتەکە لەوەدابوو زۆرجاران ئەو شتەی کە دەیبەخشی، وەکو ئەوەی ئەو مەزەندەی کردبوو رێزی لێنەدەگیراو کاردەگەیشتە فەرامۆشکردنی و تەنانەت فڕێدانیشی.

جارێکیان تاکێك گۆرەوی کۆن و دڕاوی خۆی هەر بەچڵك و بۆنەوە لەسەر کیسێکی نایلۆن چەسپکردبوو و گرتبوویە چوارچێوەیەکی لەتەختە دروستکراوەو لەبری شووشە ئەشیعەیەکی بەلەتە شووشە بۆ کڕاندبوو، هەر لەدوای ئەوەی خوا حافیزی لەماڵی

هاورێکەی کردبوو، دیارییەکـەی لەلایـەن هاوسـەری هاوڕێکەیـەوە تێکوپێـك شـکێنرابوو و فرێدرابووە دەرەوە، جارێکی دیکەیان قاپێکی پلاسکۆی شین کە چەندین ساڵ بوو برنجی تێدا خواردبـوو، شـکاندبووی و لەسـەر پارچـەیەك مقـەبا بەلەتـەکانی نووسـبیووی (ژیـان شتنی قاپێکە)(*) و بەچواردەوری لەتە قاپەکەشدا بەمـستێك برنجـی نـەکوڵاو نووسـیبووی (هیوادارم کە قاپەکەی ئێوە هێندە پیس نەبێت، تەمەنی نوح بژین و بۆتان نەشۆردرێت)، جارێکی دیکەیان چەندین تاڵەمووی لەسەری خۆی هەڵکەندبوو و بـەگرێ کـوێرە دابوونیـە دەم یەك و چلوشەش فلتەری سیگاری پێوە هەڵواسیبوون و ملوانکەی لێدروستکردبوون.

من هەر لەچاوەڕوانی هاتنی ئەودا بووم و دەمویست هەرچی زووترە بزانم لەبەختی من چی بەخەیاڵدا دێت و چیمان بەدیاری پێدەبەخشێت، شەوێك لەخەونمدا هاتبوو بۆ لامان و لەسـەر پارچـەیەك تەنەکـەی ڕۆن بەقاوغـە جندۆکـەی ورد ورد سکێـچی ماسـییەکی دروسـتکردبوو و لـەنێو سکێچەکەیـشدا بەناوکـە مێـووژ نووسـیبووی (ژیـان ڕاوکردنـی پاسارییەکە بەدارلاستیکی عەشق).

ئەو لەشەوێکدا هاتبوو بۆ ماڵمان کە ئێمە لەمیوانی بووین و ئەویش ئەو دیارییـەی کـە بـۆی دانـابووین و حیکایەتەکەیـشی کـە لەسـەر پەڕەیـەك کاغـەز نووسـیبووی بـۆی هەڵدابووینـە نێـو حەوشـەکەوە، بـەڵام خۆشـبەختانە دیارییەکـەی ئێمـە زۆر جـوان و سەرنجڕاکێشەو هەر کاتێك لێی رادەمێنین هەست بەئارامی دەکەین، بەڕاستی تابلۆیـەکی نایابـە، هـەروەکو بۆخۆیـشی لەسـەر دێڕی ئـەو نامەیـەدا کـە لەگـەڵ دیارییەکـەدا بـۆی ناردبووین ناوی نابوو (تابلۆیەك بەڕەنگی بەیانی).

تابلۆکە بریتیبوو لەپارچە تەختەیەکی بچووك و تەنکی سندوقی سێو، بەڵام پێدەچێت ئەو سندووقە بەدرێژایی تەمـەنی لـەبری سـێو تـرێ ڕەشـکەی تێکرابێـت هـەتاوەکو ڕۆژی شکانی، ئەو لەیەکێك لەو بەیانیانەدا کە کاری سەمونفرۆشی کردبوو، لەکاتێکدا کە لەسەر سووچی کۆڵانێکدا ویستبووی یەك بـەخۆی هـاوار بکـات (سـەموونی گـەرم)، هەرهێنـدەی گوتبـووی (سـەموونی) پـشیلەیەك لەتەنەکـە خـۆڵی بـەردەرگای ماڵێکـەوە دەرپـەڕیبوو و تەنەکە خۆڵەکەیش وەرگەڕابوو و هەرچی تێدا بوو ڕژابوو، ئەویش دانەویبۆوە بەسەر شتە هەڵڕژاوەکانی نێو تەنەکە خۆڵەکـەداو ڕاسـتەو چـاوی چـووبووە سـەر ئـەو پارچـە تەختـە تەنکەی کە لەدیوێکەوە شیلەی ترێ ڕەشکەی تێوە چووەو چـەند تویـژاڵێك تـۆنی مـۆری

تـۆخ و وەنەوشــەیی و ســوری کـاڵی پێـوە نــەخش بـووە، ئــەویش پارچـە تەختەکـەی هەڵگرتبووەو لەنێو بەرگە گوێنیەکەی تەپەدۆرەکەیدا داینـابوو، دواتـر دەگاتـە بـەردەمی ژنێك بۆ سەمونکڕین بانگی کردووەو هێلکەیەکی بەدەستەوەیە، دروست لـەو کاتـەدا کـە خەریکــە پــارەی ســەموونەکانی بــداتێ هیلکەکــەی لەدەســت دەکەوێتــە خــواراوەو بەبەردەرگاکەدا بڵاودەبێتەوە، ئەویش تا ژنەکە گەسك و خۆڵڕێـژی هێنـابوو، بـەو پارچـە تەختەیە بەردەرگاکەی خاوێنکردووەو هێلکە شکاوەکەی رادابوو، هەمدیسان تەختەکـەی کردبۆوە نێو بەرگە گوێنییەکەی تەپەدۆرەکەیەوەو رۆیشتبوو، گەرچی تەختەکە چـی وای لەهێلکەکـە پێـوە نـەمابووەوە، بـەڵام رەنگـی سـپێنەو زەردێنـەی هێلکەکـە بەتوێـژاڵێکی تەنکو کاڵ بەتەختەکەوە نەخش ببوون، دواجاریش ژنێکـی بـاڵا بـەرز دەرگـای حەوشـەی کردبـووەو سـەموونی لێکڕیبـوو، لەکاتێکدا کـە ژنەکـە چـووبووە ژوورەوە پـارە بهێنێـت کــەمێك درەنــگ گــەڕابووەو ئــەویش لەچــاوەڕوانی هاتنــەوەی ژنەکــەدا ســەیری نێــو حەوشەکەی کردبوو، لەپڕێکدا ژنەکە بەڕاکردن بەرەو رووی ئەو هـاتبووەوەو لەحەژمـەتی راکردنەکەیدا پشتێنی رۆبەکەی کرابووەوەو تەواوی جەستەی بـەڕووتی دەرکـەتبوو، ئـەو کە بۆیەکەمینجار لەژیانیدا جەستەی ژنێکی ئـاوا لەنیزکـەوە دیتبـوو سـڕبوو، هەرچـەندێك تـینی دابـووە خـۆی و هـاواریکردبوو (سـەموونی گـەرم) دەنگـی دەرنـەهاتبوو، هەسـتی بەلاوازی و سەرەگێژە کردبـوو، دواتـر کـە گـەڕابووەوە بـۆ ماڵـەوەو لەپارچـە تەختەکـەی روانیبــوو، بۆئــەوەی بزانێــت خــوێنی نێــو لەشــی نەمــەییووە بەنوکـە دەرزیـك یــەکێك لەسەرەپەنجەکانی دەستی خۆی سمیبوو و رایگوشیبوو، هەر بەو پەنجەیـەی و بـەخوێنی خۆی لەناوەڕاستی پارچە تەختەکەدا نووسیبووی (عەشق).

شەوی ٢٠٠٧/٧/١٣

(*) وتەیەکی سوهرابی سوبهەرییە.

# سیناریۆی کورته فیلمی

# سایکۆبات

نووسینی: تەحسین فائق

سکانس -١-

بەرەبەیان.. دەرەوە.. ماتریالی دێیەکی کوردەواری

١.پیاوێك بەگوێدرێژو عەرەبانەیەك لەڕاستەوە بۆ چەپ بەڕێوەیە، خەریکی کۆکردنەوەی مەنجەڵە ماستە لەماڵەکانی دێیەکە.

٢. ژنێکی تەمەن ناوەڕاست، بەتانی و لێفەکان دێنێتە دەرەوەو هەڵیاندەخات، خۆریان بەرکەوێت، دواهەمین شت فەرشێکی بچووکە لەگەڵ تەکاندندا، عوسمانی ماست تاکۆکەرەوە دەبینێت و سەرەنج دەدات کە بۆلای دێت.

٣.هاتنی عوسمان بۆلای ژن، مەنجەڵە ماستەکان لەبەر هەیوانەکە دانراون، ژن فەرشە بچووکەکە دادەنێت و بۆلای عوسمان دێت.

ژن:

کاك عوسمان ماندوو نەبیت، پێموانەبوو ئەمڕۆ کاربکەی، ئەرێ ئەمشەو لەگەڵ کوێخا بەهیچ حەلێك گەیشتن، مەبەستم ئەوەیە رازی بوو دەست لەگوڵە هەڵبگرێت؟

٤.عوسمان:

نەوەڵڵا، حەلی کێشەکە هێندە ئاسان نییە، فەریدەو براکانی گوڵەش چاویان سووربووە، کوێخاش دەڵێت مارەبڕی خۆمەو دەستهەڵناگرم.

٥.بەدەم بارکردنی مەنجەڵە ماستەکانەوە، دیالۆگ دەگۆڕنەوە.

ژن

ئەی ئەو کچە منداڵە گوناهی چییە، کاك عوسمان چۆن حەل نییە؟

عوسمان:

کوڕەکان لەگەڵ کوێخا لەسەر نیشانەشکاندن رێککەوتوون و ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن.

پشت لەژن دەکات و دەستدەکات بەڕۆشتن.

هەمانكات، دەرەوە، ناو دێ

كابرا بەهەمان ئاراستەی پێشوو لەڕاستەوە بۆ چەپ، بەڕێوەیەو ئەو جیهانە بچكۆلەیەی دێیەكەمان پێدەناسێنێت.

١.یەكێك مەڕو ماڵات بەڕێدەخات.

٢.یەكێك نان دەكات.

٣.یەكێكی تر كۆڵێكی بەشانەوەیەو بۆ دەرەوەی دێ رێدەكات.

٤.دوو منداڵ یاریدەكەن.. دوو گا شەڕیانە.. سێیەم دێتە نێوانیان.

٥.دەنگی بانگەوازێك هەموو جوڵەكان لەكار دەكات و گوێ هەڵدەخەن.

بڵندگۆی سەر مزگەوتێك:

هۆ خەڵكینە.. هۆ.. ئەمڕۆ گرەو لەسەر كێشەی گەورە بەگچكەی هەردوو بنەماڵەی میرزا عوسمان و كوێخا قادر دەكرێت.. هتد.

٦.كوێخاو دوو پیاوی، لەچەپی ئاواییەوە بۆ ڕاست بەڕێوەن.

٧.هیواو هاوڕێو گوڵە لەڕاستەوە بۆ چەپ دەڕۆن. Cut to

٨.لێرەولەوێ خەڵكی بەرەو گۆڕەپانی گرەوكردن بەڕێوەن. Cut to

٩.منداڵ و مێردمنداڵ بەدەم یاریكردنەوە بەرەو گۆڕەپانەكە دەچن. Cut

رۆژ، ناوەوە، ماڵی كوێخا

لەژوورێكدا دوو ژن بێتاقەتیی بەسیمایانەوە دیارە، لەژوورسەریان وێنەیەكی كوێخا هەڵواسراوە.

ژنی كوێخا(٢):

باشە بۆ بۆ پشتگیریی دەكەی ژنی سێیەم بهێنێت، توخوا هەردەستێكت ژنێك ناهێنێت؟

ژنی كوێخا(١):

نەوەڵڵا، گەروابوایە تۆی بەسەرما نەدەهێنا. Cut

رۆژ، دەرەوە، گۆڕەپانی گرەوەكە

ئامادەبووان راست بۆ چەپ وەستاون، كوێخا بسكەی سمێڵی دێت. Cut to

سێ نیشانە بەدوای یەكتردا لەسێ رەهەندی جیاواز دانراون. Cut to

گوڵـە سـیمای پـڕ لەقینـەو لـەحاڵێکی دەروونیـی خراپدایـە، دوو هـاوڕێی گوڵـە کـە لەتەنیشتی وەستاون، دەست دەخەنە سەرشانی.

هاورێی یەکەم:

گوڵێ ئەی فەریدەی دایکت بۆ نەهاتووە؟

گوڵە:

ڕێگاکە دوورە، قاچیشی تەواو نییە بۆیە نەهات. Cut to

یەکێك لەبراکانی گوڵە دەچێتە بەردەم نیشانەکەو قسەدەکات

هیوا:

بەڕێزان، ئەم نیشانەشکاندنەی ئەمڕۆ گرەوێکی ئاسایی نییە، بـاوکم لەگـەڵ بنەماڵـەی کوێخا (١٠) سـاڵ پـێش ئێستا بـۆ عـەزیزی مـامم خوشـکێکی کوێخـای خواسـت و لـەبری گوڵـەی پێـشکەشکردن، ئێـستا کوێخـا داوای گوڵـە دەکـات و کـەسمان ڕازی نـین، بۆیـە پێشبڕکێی نیشانەشکاندن دەکـەین، ئەگـەر ئێمـە بـدۆڕێین گوڵـە دەبێتـە حـەڵاڵی کوێخـا، کوێخا بدۆڕێت کوێخاییش لەدەستدەدات.

لەگەڵ ئەم حیوارانە، سیماو ڤیگۆری ئامادەبووان پڕە لەپرسیارو نائومێدیی.

عوسمـانی بـاوکی گوڵـە دێتـە نـاو ئامـادەبووان، لەگـەڵ تـەواوبوونی دیـالۆژ، هـاوڕێ، بەرامبەر نیشانەکە دادەنیشێت و لەدوورترین نیشانە دەگرێتەوە، منداڵەکان هاواردەکەن، هاوڕێ.. هاوڕێ.. هاوڕێ، سیمای منداڵان و هاوارکردنیان.

ڕۆژ، دەرەوە، دەشت و کوێو هەمان کات.

١.سوارئەسپێك بەخێرایی لەڕاستەوە بۆ چەپ بەڕێوەیە. Cut to

٢.ئەسپسوار بەجامانە دەمامکی کردووە، تەنها دووچاوی دەبینرێت. Cut

ڕۆژ هەمان کات شوێنی نیشانەشکاندن.

١.تەرەقوب و دڵەڕاوکێی گوڵەو مارەکردنی لەکوێخا. Cut to

٢.سەیرکردنی شەهوەتبازانەی کوێخا، هاواری منداڵان بەردەوامە.

کوێخا (مۆنۆلۆگ)

دڵ لەدڵ مەدە، ناهێڵم لەدەستم بچی. Cut to

–سیمای پڕ لەچاوەڕوانی ئامادەبووان، لەگشت تەمەنێك. Cut to

۳.دەست و پەنجەو، سیرەی تفەنگ و نیشانە، فلوە، لەگەڵ روونبوونـەوەی نیـشانە، پێکانی رەهەندی یەکەم، تێکەڵ بەچەپڵە دەبێت. Cut to

٤.سیمای پڕ لەشادیی گوڵە. Cut to

٥.سێرەگرتنی، کوێخا لەنیشانەکە. Cut to

٦.قاچەکانی ئەسپەکە لەڕاکردن بەرەو لای چەپ. Cut to

۷.دووبارە ترس و دڵەڕاوکێ، گوڵە لەکونی (زنات)ی تفەنگەکەوە. Cut to

۸.دڵدۆنگی لەسیمای، عوسمانی باوکی گوڵە. Cut to

۱۰.لوولەی تفەنگ و شکاندنی نیشانەی دووەم.

دەنگی چەپڵەلێدانی تەنیا دووکەس. Cut to

۱۱.تەواو بێهیوایی، گوڵە، لەگەڵ کپبوونی کەشەکەو نائارامبوونی. Cut

۱۲.سوارئەسپ بەسلۆمۆشن دێتە.. کار،بۆ قووڵایی دەڕوات. Cut

۱۳.قەلەقی سیما، سیمای ئامادەبووان، بەرزبوونەوەی هەناسـەی گوڵـە، قەلـەقبوونی خودی کوێخا، دووربارە دەنگی منداڵان بۆ شکاندنی دوایەمین نیشانە. هـاوڕێ.. هـاوڕێ.. هاوڕێ.

۱٤.کوێخا (مۆنۆلۆگ)

باشە ئەگەر پێکای چیبکەن؟ ها بۆوام لەخۆمکرد. Cut to

۱٥.گوڵە چاوەکانی توند دادەخات. Cut to

۱٦.هاوڕێ پەنجە توونددەکات بۆ پێکانی نیشانەکەو دەیتەقێنێت.

وەلێ ناپێکێت، بێدەنگی تـەنها درێـژەی سـەدای دەنگـی تەقەکـەو هەناسـەی گوڵـە، پێکەنین و خۆنواندنی کوێخا.

۱۷.دەستی گوڵە، بەلەرزۆکی لەژێر دەسماڵی کراسەکەی شتێك دەردەخات، کە تـەواو نزیـك دەخرێتــەوە، دەمانــچەیەکەو لــەنێو دەستەســڕێکدا پێــچراوە، بەشــاراوەیی رووی لەکوێخا دەکات.

۱۸.سوارئەسـپ، بەسـلۆ بەردەوامـە لـەهاتن و رووەو کـامێرا، لەکەمـەر بەسـەرەوەی لەکادیرە. Cut to

۱۹.کوێخا خۆی ئامادەدەکات بۆ نیشانە شکاندنەکەو پۆز لێدەدات.

٢٠.گوڵە، زیاتر دەمانچەکەی ئاراستە دەکات، بەڵام هەر لەدەسرەکەدایە.

سیمای گوڵەو تەرەقوبی بۆ کوێخا.

گوڵە (مۆنۆلۆگ)

نا، قەد ناشێت بەزۆر زەماوەندی من ساز بکەی، نابێت. Cut to

٢١.کوێخاو سیرەگرتن، شۆك، لای باوکی گوڵەو ئامادەبووان. Cut to

٢٢.زیاتر، خۆئامادەکردنی، گوڵەو سێرەگرتن لەکوێخا. Cut to

٢٢.نیشانەکە، چاوی کوێخا، لولەی تفەنگ، پەنجەو زینات توندکردنی کوێخا، زنادتوندکردنی گوڵە، چاوی گوڵە. Cut to

٢٣.پەنجەداگرتن و دەنگی تەقە، بێدەنگی تەواو. Cut to

٢٤.گوڵە بەخاوی چاوی دەکاتەوەو سەیری نیشانەکە دەکات. Cut to

پەنجەی لەسەر زنادەکە خاو دەبێتەوە، دەنگی هاواری منداڵەکان.

منداڵەکان:

هاوڕێ.. هاوڕێ.. هاوڕێ.. هاوڕێ..

٢٥.هاوڕی دەچێتەوە بۆ سێرەگرتن و دادەنیشێت. Cut to

٢٦.تەواو بێئومێدیی لەسیمای گوڵەدا دیارە، دەنگی چوارپەلەی ئەسپ و ئاوڕدانەوەی گوڵە بۆ شوێنی دەنگ. Cut to

دەمانچەکە لەنێو سکی خۆیدا توند دەکات.

٢٧.کوێخا (مۆنۆلۆگ)

بەخوا هەر ناییێکی، بەشی خۆمەو بۆ خۆمە Cut to

٢٨.لەکادردا تەنیا سێوێك دیارە. Cut to

٢٩.لەگەڵ دەنگی هەناسەی گوڵەو لەرزینی دەستەکانی.

هاوڕێ:

هیوا.. دوا گوللەیە وەرە بەڵکو تۆ بیپێکی

هیوا بۆ لای هاوڕێ دەچێت و تفەنگەکە وەردەگرێت، کوێخا پێدەکەنێت لەپڕ ئەسپەکە دەگاتە گۆڕەپانەکەو سوارەکە لەدوورەوە، سێوەکە، دەپێکێت، هەر بەسەر ئەسپەکەوە، ئامادەبووان دەگەشێنەوە.

گوێخا:

ئەوە کێ بوو ئەو قارەمانە؟

ئەمادەبووان هەموو سەیری دەمامك دارەکە دەکەن، ئەویش بەهێمنی دەست بۆ جامانەکە دەبات. Cut to

٣٠.گوڵە، تەواو گەشاوەتەوەوە چاوەڕوانە بزانێت سوارئەسپەکە کێیە.

وەك چۆن ئامادەبووان چاوەڕوانن. Cut to

٣١.جامانەکە دەکاتەوەو بەجووڵەیەك قژی چاك دەکات، فەریدەی دایکی گوڵەیە، هەمووان تێکڕا هاوار دەکەن، فەریدە.. فەریدە.. فەریدە.

کۆتایی



# دیدار

## کامبیزی کەریمی:

## من شیعر نە بەوەزیفە دەزانم نە بەئیلهام

## بەهیچ کامیانی نازانم

سازدانی: ئارام سدیق



کامبێزی کەریمی یەکێکە لەو شاعیرانەی خـاوەنی تایبەتمەنـدی خۆیـەتی هـەر ئـەو تایبەتمەندیانـەش لەشـاعیرانی تـری جـودا دەکەنەوە. تایبەتمەندی کـامبێز رەنگـە لـە زۆر لایەنەوە بێت، بەڵام ئـەوەی لەهـەمووی گرنگترە چەند خاڵێکە، یەکەم خاڵ ئەوەیـە کـە کـامبێز خـاوەنی دنیـابینی شـیعری خۆیـەتی و شیعرناسـە. هـەروەها هـەوڵی نوێکردنەوە و تێکشکاندنی زمـانی شـیعری داوە و چەند شتێکی تر کـە ئـەم پێـشەکیە شـوێنی باسـکردنی نییـە. سـەرجەم ئـەم خاڵانـەش بوونەتـە هـۆی سـازدانی ئـەم گفتوگۆیە لەگەڵیدا.

**×ئـەمڕۆ لەناوئـەدەبیاتی کوردیـدا بەگـشتی لـەناو فـەزای شـیعردا دەقـی نەمرنییە، یان زۆر کەمە ئێوە پێناسەیەکتان بـۆدەقی نەمرهەیـە ئـەو هۆکارانـە چین کەدەقێکی نەمر بەرهەمدێنێت؟**

– ئێمە لەئەدەبی کۆنماندا دەقی زۆرنەمرمان هەیە، ئەوەش لەخودی دەقەکـەدا نییـە شاعیرەکە مەبەستێکی هەڵبژاردووە کەئەومەبەستە مەبەستی نەمرە وەکوعەشـق ومـەرگ و خۆشەوسیتی و ئەوشتانەی ئەزەلی و ئەبەدین. ئەمڕۆ زۆرشیعر هەیە، کەئـەو شـیعرانەی مێژوویـەکیان هەیـە بۆکـەڵك وەرگـرتن. نـاتوانن بەدرێـژایی ژیـان بمێننـەوە. بەواتایـەکیتر

زۆربەی شاعیرانمان ئەمڕۆ دەست دەبەن بۆکۆمەڵێك بابەت و کێشەی ئـەمڕۆ کـە کێشەی ئـەمڕۆن و ناتوانێـت کێـشەی سەدسـاڵیتریش بێـت.هۆکـارێکی تـری نەمرنـەبوونی شـیعر لەئێستادا ئەوەیـە کـە لایـەنێکی سیاسـی لەشـیعرەکاندا تاڕادەیـەك زاڵـە، بـەڵام کاتێـك شـاعیرەکانمان دەسـت دەبـەن بۆئەولایەنـە سیاسـیانە بەشـێوەیەکی شـاعیرانە دەسـتی بۆنابـەن، بۆنموونـە (نـالی) نامەیـەکی هەیـە بـۆ(سـالم) دەنوسـێت و سـالمیش وەڵامـی دەداتەوە. هەردووکیان ئیشارەت دەکەن بۆئەو هێرشەی عوسمانییەکان کردویانەتە سـەر سلێمانی، بەڵام هەردووکیان بەشێوەیەك باسی لێدەکەن کە ئەو باسـە باسـێکی نـەمری و ئەزەلییەو نالی وادەستپێدەکات (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادەکەی خۆش مـروور—ئـەی پێکی شارەزا بەهەمووخاکی شاری شارەزوور) وەڵامەکەی سالمیش هەروایـە مـن وادەزانم موشـکیلە سـەرەکیەکە لەوەدایـە کـە هەرچـەندە شـاعیرەکانمان دەسـت دەبـەن بـۆ ئەوبابەتەی کەهیچ ماناگەلێکی ئەزەلی و ئەبەدیان تیانییە.

**×من پێموایە هێندەی شیعر ئیحساسی چرکەساتێکە هێندە وەزیفە نییە، بەڵام هەندێک لەشاعیرەکان شیعر بەوەزیفە دەزانن و دەڵێن مادام شاعیرم دەبێت شیعربنووسم، تۆلەبارەی ئەمەوەدەڵێیت چی؟**

—من شیعر نەبەوەزیفە دەزانم نەبەئیلهام بەهیچ کامیانی نازانم شـیعر بێهـیچ گومانێـك وەزیفە نییە، کەتۆ ئەرکی سەرشانت بێت مانگی جارێك، یـان دوومـانگ جارێك (٢٠) دێڕ شیعر بنوسیت ئیلهامیش نییە بەوەی کە باوەڕم نییە شیعر ئیتفاقێکە لەیەك مەتریان ئەم یان یەکەیەکی زەمینەوە دەستپێدەکات ئەی چیە؟ ئەم دوانە نـەبێت کامیانـە؟ شـیعر لـە دنیایەك، لەپرۆسەیەکی ئاقڵانەوە دەست پێـدەکات وەك ئـەوەی کتێبێـك دەخوێنیتـەوە، یـان شـتێك دەبینیـت کـە لـە پرۆسـەیەکی زۆر ئاقڵانـەوە دەسـتپێدەکات عەقڵانیـەتێکی زۆرتیایدا دێت لەجێگەیەکدا ئەوعەقڵانیەتە هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ هەستدا تێکەڵ بکات، کەی ئەمەپێئەگات واتە کـەی ئـەم عەقڵانیەتـەو ئـەم هەسـتە دەگـەن بەیـەك؟ ئـەوە ئـەو کاتەیە کە شیعر دروست دەبێت. شیعر دروستکردن خانووبەرەیەکە ئەو بنیاتنانەیە کە لە پێشەوە بیرت لێی کردۆتەوە گەڵاڵە وپلانت بۆداڕشتووە ڕەنگە بۆ هـەر دیوارێك پلانێکت بۆ کردبێت، بـەڵام هـەمووی پـێش لەنوسـینی شـیعرەکە، یـان دەتـوانم بڵـێم شـاعیرەکان ئەومرۆڤانـەن کـە لەدونیایـەکی عەقڵانیەتـەوە کـەدێت لەشـوێنێکدا لەجێگایەکـدا دەچـنە دنیایـەکی شـێتانەوە. ڕەنگـە تەنهاجیاوازیەکـەیان لەگـەڵ شـێتدا ئـەوە بێـت شـێتەکان ڕۆشتونەتە دنیایەکیترەوە کە ئیدی ناتوانن بۆی بگەڕێنـەوە، بـەڵام شـاعیرەکان دەڕۆن و

دێن و ئەو وەختە ئەو عەقڵانیەتە چۆن دەست پێدەکات؟ ئەمە ئیتر وەزیفە نییە ئەوعەقڵانیەتە بەتەنیاش هەست نییە لەشوێنێکدا عەقڵانیەتە لەگەڵ هەست دەگەنە یەك کە شیعری لێدروست بێت.

**×زۆربەی شاعیرانی ئەمڕۆ بەناوی نوێخوازییەوە دێن دەستکاری زمان دەکەن، واتە زمانێکی نوێدا دەتاشن، یان دەستکاری کۆمەڵێک وشە دەکەن .تۆ پێتوایە نوێخوازیی تەنها دەبێت دەستکاری زمان بکەین یان دەبێت فۆرم و تەکنیکیش بگرێتەوە؟**

– سەیرکە نوێخوازی یەکەمجار لەزماندا دروست دەبێت، نوێخوازی لەدروستکردنی وشە، نەك لەموفرەدات و تەرکیبەکانیش یەکێکیتر لەوەزیفەکانی شاعیرە. یەکێك لەوەزیفەکانی شاعیر ئەوەیە باوەڕی بەو ڕێزمانە نەبێت کە هەیە رەنگە هەرشاعیرێك بۆخۆی ڕێزمانێکی تازەی هەبێت، ڕێزمانێکی تایبەت دروستبکات، چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوشاعیرانە لەگەڵ ئەو وشانەدا کە هەیە، بەڵام لێرەدا موشکیلەیەك هەیە کەئاماژەی پێدەدەم ئەمڕۆ وایلێهاتوە شاعیران بوونەتە دوو دەستە ئەوشاعیرانەی بەوشێوە کار دەکەن لەگەڵ ناشاعیردا، دەستەی یەکەم جورئەت و ئیشارەتێکی زۆرگەورەی هەیەو دێن شیعردەنوسن بەمانایەکیتر لەدنیا عاقڵانیەتیەکەو دەست پێدەکەن تادەگەنە هەستەکە، کە ئەو وەختە دەستکاری زمان دەکەن بیروباوەڕی خۆیان سەبارەت بەزمان تێکەڵ دەکەن و وشەدادەتاشن. ئەمە ئەگەر لەخودی خۆیدا هەبێت وەکو شاعیر ئەمە نەك کارێکی هەڵە نییە، بەڵکو کارێکی گەورەو مەزنە، بەڵام لایەنێکیتریش هەیە لە شیعری کوردیدا، کە ئێستا ئەم لایەنە شیعری کوردی توشی مەترسی کردووە ئەویش نەك هەر تیۆریەکی زماننا‌س تیۆریەکی لەسەر زمان لەڕۆژئاوا دێتە ئاراوە بەشێك لەشاعیران هەوڵدەدەن لەسەر ئەو تیۆریەوە شیعر دادەنێن وەکو ئەوەی تیۆریەکی خوێندوەتەوە کە دەشێت زمان وابێت لەشیعردا ئەوان دێن ئەوە دەگوێزنەوە بۆ زمانە کوردیەکە و بەجۆرێکیتر دەستورێکیان هەیە ڕێزمانێکیان هەیە لەڕووی ئەو ڕێزمانەوە زمان دروستدەکەن. هەوڵی یەکەم لەسەرەتاوە ئەوەیە کەدەبێت زمان هەبێت تائێمە بتوانین ڕێزمان و زمانی لێدروست بکەین. ئەم دوو شەقە شەقی ئەوەڵیان بەلای منەوە زۆر گەورەیە زۆر سەرکەوتوانەش خەریکن لەگەڵ شیعردا ڕووبەڕوو دەبنەوە بەشی دووەمیان کەهەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە ئەو شیعرە بەهیچ ڕێگەیەکدا ناڕوات پێمخۆشە ئەوە بڵێم بەلای منەوە شیعر خانوویەکە کەئەم خانووە بەهەمووشتێك

نیازی هەیە بەدیوار بەسەقف بەپەنجەرە بەفەرش وقاڵی نیازی هەیەو رەنگە نیازی بەژنێکیش هەبێت کە بەڕێوەبەری ئەمانەبکات سەیرکە ئەمە چ شتێك دروستی دەکات؟ ئەگەر بەشێکی ناقس بێت، یان لەشتێك خەساربێت هەمووی خەساردەبێت دروستکردن زۆر ئەرکێکی سەختە، بەڵام خاپورکردن وتێکدان زۆرئاسانە تۆخانووێك بەیەك ساڵ دروستدەکەیت، بەڵام دەتوانیت بەرۆژێك تێکی بدەیت بەمانایەکیتر بۆشیعر، نەك تەنیا فۆرم و تەکنیك، نەك تەنیا زمان و هەڵبژاردنی بابەتێك کە ئەو بابەتە بابەتی ئەزەلی و ئەبەدیە هەموو شتێك لەمانە بەیەکەوە شیعرێك دروستدەکەن ئەگەر تەنیا لایەنێکی دروستکەیت تۆخانوویەکت دروستکردووە، کەتەنیا پەنجەرەت هەیە واتە بینایەکە چوار دیواری هەیە هیچیتری نییە بۆنموونە ئەگەر کەسێك هەمووجەستەی تەواوبێت، بەڵام هەر ئەو کەسە فیشەکێك بنرێت بەسەر دڵیەوە تەنهادڵی لەناوچووە، بەڵام تۆ مرۆڤێکت کوشتووە، کەواتە دەبێت هەموو لایەنەکانی شیعر دروست بێت. ناتوانین بڵێین ئێمە تەنها ئیشمان ئەوەیە کە کار لەسەر زمان بکەین یەکێك بێت و یەکێك بڵێت من شاعیرێکی ئیحساسیم حەزەکەم هەستی خۆم دەربڕم، یان ئەو بڵێت شاعیرێکم کە دەمەوێت لایەنێکی سیاسی هەڵبژێرم خۆی شیعر لەخودی خۆیدا بۆ خۆی فۆرمێکی هەیە کە ئەو فۆرمە تەواوی ئەو لایەنە نەگرێتەوە بەبڕوای من هیچ شتێك لە دنیا جیا لەفۆرم و تەکنیك نییە هەموو شتێك فۆرمە هەتا بۆ چوونی ئێمە بەرامبەر بەخوا فۆرمە من فۆرمێکم لەبیرە سەبارەت بەخوا. رەنگە ئەوفۆرمە لەگەڵ تۆداجیاوازبێت ئەم فۆرمە چۆن دروست دەبێت؟ سەیری مەسیحیەك بکە، سەیری یەهود و سەیری ئیسلام بکە سەیری ئەودنیا بودایيە بکە، هەموو ئەم دینانە لەفۆرما جیاوازی هەیەو ئەگەر بمانەوێت بۆچوونمان سەبارەت بەشیعرێك باس بکەین دەبینین ئەو شیعرە هیچ جیا لەفۆرم نییە ئەوفۆرمە چۆن دروست دەبێت ئەو فۆرمە بەدروستبوونی هەموو لایەنەکانی ئەو شیعرە دروست دەبێت؟

**×هەندێک شاعیر بەتایبەت نەوەی نوێ پێیانوایە تەنها دەستکاریکردنی تەکنیک بەسە، هەروەها هەندێکیتریان پێیانوایە کارکردن لەفۆرمدا نوێگەرییە. تۆ پێتوایە ئەوانە بوونەتە شیعر، یان ئەبێت شیعر هەردووکیانی تیابێت؟**

– دەتوانین بڵێین ئەوانەبوونەتە شیعر، بەڵام شیعرێکی زۆرخەسار ناتوانێت بینابکات، بەڵام بینایەکی سەقەت کە بە"با"یەك دەڕووخێت. بۆ نموونە (مەحوی) شاعیر چەند بۆ

چوونی بۆ فۆڕم هەبووە چەند بۆچونێکی بەقودرەت و بەتوانای بۆ زمان بۆتێکشکاندنی ئەو ساختە کە ڕێزمانێکی زۆر سەیرە (لەسەرتۆ دوژمنە دنیا–قەزییەم مانوعل جەمعە) سەیری (میمەکان) بکەن کە ئەمە نەك شاعیرانی ئەمڕۆ دەستیان پێکردبێت زمان بگۆڕن، بەڵکو لەپێشەوەش هەبووە سەیرکە ئەو(میمە) چ دەورێك دەگێڕێت لە کاتێکدا هەست هەیە ناسکی خەیاڵ و بیر و باوەڕ هەیە ئەندێشە هەیە من بڕوام وایە کە ناکرێت بەشێك لەشیعر هەڵبژێرێت ئیتر تەواو.

**×بەڕای تۆ قسەکردن لەسەر شیعر لێرەو لەو دیو (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەچیدایە لەکاتێکدا دەنگی جیاوازو کارکردنی جیاواز هەیە؟ تۆ ئەم جیاوازییانە لەچیدا دەبینیت؟**

– من جیاوازی دەبینم، هەرچەندە جیاوازیەکە ئەوەندە گەورەو عەجیب نییە، ڕەنگە تەنیا شتێك کە لێرەدا ئاماژەی پێبکەم بوونی ئەو شیعرەیە کە بەشیعری بەرگری ناسراوە کە لەکوردستانی ئێمە زۆر کەمە، کە من باس لەشیعر بکەم. دیارە مەبەستم ئەم چەند ساڵەی دوایی نییە بەدەیەی نەوەدەکانیشەوە لەشیعری ئێرەدا من کارەساتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەبینم کە دەکرێت بەدووبەشەوە قۆناغی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ئەو جیاوازیە چییە؟ من دەڵێم پێش (١٩٩١) هەموو شتێك، یان باش بوو، یان خراپ بوو ئەو پیاوە گەورانە شاعیربوون باش بوون بەرامبەرەکەشیان خراپ بوو دوای ساڵی (١٩٩١) پرسیار لای شاعیرانی ئێرە دروست بوو ئایا هەموو شتێك دەکرێت داوای بکەین بەباش و خراپیەوە هەموو شتێك بکەین بەبەعس و پێشمەرگە ئەوان بەچەپەڵی دەکوژرێن و ئەوانەی لای ئێمە شەهیدن ئەو لاوانە وەڵامیان دانەوە نا وانییە هیچ شتێك بەتەواوەتی موتڵەق نییە، دەستکرا بەپرسیارکردن وتیان ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە ڕەخنە تەنانەت لەخۆشمان بگرین دەستکرا بەو شێوە شیعریەو بێگومان شاعیری باشیان تێدا دروست بووە ئەم تەجروبەو ئەزموونە لەکوردستانی ئێمەدا نەبووە ئەم تەجرووبەیەکە زۆر گەورەیە لای ئێمە هێشتا شیعر دەستی نەکردووە بەڕەخنەگرتن لەخود لێرە ئەو دەستپێکردنە کە لەشیعری ئەمدیودایەو سەریهەڵداوە شاعیرەکان دەتوانن تێیدا قوڵببنەوەو دەتوانن کۆمەڵگا لەدۆخێکەوە بگۆڕن بۆ دۆخێکیتر ئیتر نازانم ئەو کۆمەڵگایە تاچەند گوێ بۆ شیعر دەگرن، یان پرسیارێك ئەندێشەیەکی تازە لەناو جەماوەردا دروست بکەن، لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا شیعر مەعریفەتێکی فارسی بەسەریەوەتی فەرهەنگێکی فارسی بەسەریەوەتی، بۆیە ناتوانم (موتەنبی لەگەڵ حافز)دا

بەراورد بکەم دەبینی حافز زۆر گەورەترە ئەو رۆشنبیریەی لەناو فارسەکاندا هەیە و زۆربەشی شاعیرانی کوردی لای ئێمە وەریاندەگرن کە جۆرە شیعرێکی دروستکردووە کە ئەو جۆرە شیعرە زۆر موتەفەکیرانەو ئەندێشمەندانەیەو ئەو جۆرە شیعرانە کە زۆرجار دەیان بینین بیروباوەڕی فارسانەی تێیدایە شتێك کەلەمدیو زۆر بەکەمی دەبینت ئەوە دەکرێت ئەمە هەم جیاوازی بێت و هەم پەیوەندی نێوان دوو جۆرەکەی تر بێت لەمدیو ئەزموونی (٦٠بۆ٧٠) سالّی بزوتنەوەی شۆڕشی کوردی بەسەرەوەیە لەودیو رەنگە وانەبێت شیعری کوردستانی ئەوێ شیعری کەڵك وەرگرتنە لەمەوقیعەکانەوە و لەودیو شیعری کەڵك وەرگرتنە بەدرێژای مێژوو.

**×ئەو تەئسیراتەی لەسەرئەدەبی کوردی هەیە بەتایبەتی شیعر تۆ چۆن دەیبینیت پێتوایە ئەمە زیانە بەئەدەبی کوردی، بەتایبەتی شیعر دەگەیەنن؟**

—نا من پێموانییە کە ئەمە زیان بدات لەئەدەبی کوردی بەپێچەوانەوە من باوەڕم بەوەیە کە کاریگەری ئەدەبی فارس و عەرەب تەنانەت تورکەکانیش نەك تەنیاخراپ نییە، بەڵکو زۆریش باشە. کاتی خۆی (ئەحمەدی شاملۆ) دەڕوات بۆ ئەمریکا و لەوێ کۆڕێك دەبەستێت و باس لەشیعری "شێرکۆ بێکەس" دەکات کە لەرێگەی تەرجەمەوە وەریگرتووە، یان هەندێك جار شیعری بیانی دەبینیت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی یان عەرەبی کە شاعیرە فارس و عەرەبەکان لەو رێگەیەوە سودیان لێیوەرگرتووە، ئەمەش یەکەم مافی هەر کەسێکە لە ئەدەبی ولاتان کەڵك وەرگرێت، بەلاّم لێرەدا کێشەیەك هەیە کە هەولّبدەین بەهەلّە تێنەگەین لەمەسەلەیەك بەلای منەوە زۆر خراپە لەنێو ئەدەبی شاعیرەکانمان ئەوکاریگەریانە کە لەئەدەبی فارس وەردەگرن نەك تەنیا کاریگەریەکی رەسەن نییە، بەڵکو ئەوانەی هەلّی دەبژێرن دەستە چەند هەزارو پێنجەمە ئەوانە دێن ئەو شتانە دەگوێزنەوە کە داریوش دەیخوێنێتەوە کاریگەری لێوەردەگرن لەکاتێکدا لەناو فارسدا (ئەحمەد رەزای ئەحمەدی) هەیە زۆرجار ئەو کاریگەریەی لە ئەدەبی فارسییەوە وەرگیراوە کاریگەری وشەیە، نەك کاریگەری فیکرو بۆچوون و رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ دنیای ئەوان.

بۆ نموونە شاملۆ بۆ خۆی تیۆریەکی هەیە کە شاعیران لەمدیو لەسەر ئەم تیۆریە ئیش ناکەن، بەلّکو نازانن سوهرابی سپهری فلاّن وشەی بەکارهێناوە دێن لەبری ئەوەی لەناخەوە کاریگەریەکە وەرگرن لەو رووەوە وەریدەگرن، شیعری فارسی چەند ئەزموونی گەورەی هەیە کە ئەو ئەزموونانە بە بڕوای من تائێستا نەگوێزراونەتەوە بۆئەمدیو،

کاریگەریەکان زۆربەیان لەژێر کاریگەری وشەیە هەندێك وشە هەیە لەزمانی فارسیدا بەکاردێت تازە ئەوان دەیهێنن لەشیعری کوردیدابەکاری دەهێنن کە ئەمە ئیدی تەئسیر نییە چەند شەرمە شیعری کوردی بڵێن وشەی جوان و کوردی بن وشەی عەرەب یان فارسی یان تورکی تێکەڵبکەن .

**× لەشیعرێکدا دەڵێت ( ئەم نیشتمانەبۆگەنە،بەڵام بەجێی ناهێڵم)تۆدەتەوێت لەڕێگەی شیعرەوە چی بەنیشتمان بڵێت ئایادەتەوێت لەڕێگەی شیعرەوە نیشتمانێکی جوان بخوڵقێنیت؟**

– من نەموتووەئەم نیشتمانە بۆگەنە وتوەمە (مەحاڵە لەم خاکە تۆپیوە وازبێنم) ئەم دێڕە بۆ هەموو ئەوکەسانەم وتوە کە هەموو هیواو ئاواتێکیان لەڕۆژئاوادا دەبیننەوە. من بڕوام بەوەیە کە من لێرەم دەتوانم ئەوخاکە تۆپیوە زیندوو بکەمەوەو ئەمە ئەو دەستپێکردنە عەقڵانیەتەیە لەجێگایەکدا هەستی تۆ پێتیدەڵێت و بۆ من تەماشاکردن لەو حەسرەتەی کە لاوەکانمان خەریکن دەیکەن. من کاتێك کەشیعر دەنوسم لەجیهانی شێتانەوە دەنووسم، بۆیە بەخەڵك دەڵێم تۆپیو خۆمی تیادەکوژم وتۆی تیادەکوژم هەر ئەو دنیایە کە من هەستەکەی دروستدەکەم هەوڵدەدەم لەو ڕێگەیە لەسەرتۆ کاریگەریم هەبێت لەدوای سەردەمی دیکتاتۆری لەئێران هونەرمەندەکان بوون بەسێدەستەوە دەستەیەکیان چوونە ئەوروپاو دوو دەستەشیان لەئێران مانەوە کە بوون بەدووبەشەوە یەکێکیان لەزانکۆکاندا مانەوەو خۆیان شاردەوەو ئیدی باسی شیعریان نەکرد دەستەیەکیشیان بزوتنەوەی خۆیان پەرەپێداو لەسەر شیعر مانەوەو گرنگیان بەشیعری مقاوەمەداو شیعری فارسی هاوچەرخ لەلایەن ئەوانەوە دروست بووە کەلەشاردا مانەوەو نەچوونە هەندەران (ئەحمەد شاملۆ، فروخی فروخزاد، ئەحمە درەزای ئەحمەدی، نوسرەت رەحمانی) ئەوناوانەن کە تۆ بەدرێژای ئەم چەند ساڵە بیستووتە ئەوجیلەن کەمانەوەو خۆیان نەشاردەوەو نە ئەوانەی کە رایانکرد هەر چەندە لای ئێمە دیکتاتۆریەت نییە، بەڵام بارە ئابووریەکان وایکردووە هەوڵدەدات بڕوات.


بەبڕوای من شیعری کوردی نە لە هەندەران دروست دەبێت نەبەخۆشاردنەوە لە زانکۆکاندا ئەدەبی کوردی لەناو ئەوخاکە تۆپیوەدا دروست دەبێت؟

**× تۆ پێتوایە شیعری کوردی توانیویەتی پێگەیەکی لەجیهاندا هەبێت، یان ئەگەر نەتوانراوە بۆچی ؟**

—من نازانم شیعر چۆن دەتوانێت بەجیهانی بێت، بەڵام زۆریش هەیە شیعرێك لەجیهاندا بڵاوبێتەوەو شاعیرێك لەجیهاندا ناوبانگ دەرکات ئەمڕۆ کە دەبینین شیعرێکی کوردی لەناو عەرەب، یان فارس، یان لەجیهاندا ناوبانگ دەردەکات لەموهیمی شاعیرەکەوە نییە بەڵکو (هەڵەبجە و ئەنفال) دوومەسەلەی گرنگن و ئەمەش وا لەشاعیر دەکات کە جیهان لامان لێبکاتەوە بۆ نموونە (پابلۆ نیرۆدا) مەسەلەی ئیسپانیا مەسەلەیەکی کەم نەبوو کەوای لێبکات کەچەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرێت، ئێمە شاعیرێك نابینین لەڕێگەی تواناگەلێکی خۆیەوە ناوبانگی دەرکردبێت بەڵکو لەڕێگەی مەسەلە سیاسی و فەرهەنگییەکەوە دەرکەوتوە کە دەستیان خستۆتە ناو دەستییەکەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئەدەبی نەتەوەیەکە و زۆر شیعرمان هەیە لەکوردیدا کە نەك هیچی لەشیعری جیهانی کەمتر نییە، بەڵکو زۆر بەرزتریشە، بەڵام وەزعی سیاسی و ئابووریەکەمان وایلێ نەکردوین کەجیهان بەسەرسوڕمانەوە لێمان بڕوانن .

**× ئەحمەد ڕەزای ئەحمەدی لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: شاعیرانی ئەمڕۆ هیچی تازەیان پێنییە، بەڵکو هەموو شتەکۆنەکان دەڵێنەوە تۆدەربارەی ئەمە دەڵێت چی؟**

—ئەحمەد شاعیرێکی زۆرباشە، بەڵام تیۆریەکی باشی نییە لەشیعردا. حافز دەڵێت: کەباسی عەشق دەکرێت من دەڵێی چیرۆکێکم بیستوەو بەس کە هەرکات گوێم لێدەبێت دەڵێی گوێم لەهیچ نەبووە حافزیش دووپاتکردنەوەی پێش خۆی بووە. مەولەوی و نالیش هەروەها مەگەر وادەزانی شاعیرانی ئەمڕۆی ئێمە دوپاتکردنەوەی مەحوی ونالی نین ئەمە پەیوەندی بەبابەتی شیعرەکەوە هەیە کە هەریەکەیان بەجۆرێك لێیدەڕوانن بۆنموونە عەشق لەسەردەمی نالیشدا شتێك بوو ئێستاش شتێکیترە، بەڵام هەرعەشقە ئەحمەد ڕەزای ئەحمەدیش هەردووبارەکردنەوەی پێش خۆیەتی، بەڵام بەجۆرێکی نوێ.




رافائیل ریگ:

مارکیز فێری ئەفسوونی کردین!


دلێر محەمەد





گەورە تراژیدی نووسان

حەمەکەریم عارف



جوان، بەڵام مۆدێرن

نیاز محەمەد





بێنەوایەک لەپاریس

شـــێرزاد هەینی



توولەرێی مردووەکان

عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە


# وەرگێڕان

# رافائیل ریگ:

## مارکیز فێری ئەفسوونی کردین!

چاوپێکەوتنی: یەحیا بەتات

و.لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد



رفائیل ریگ رۆماننوسێکی داهێنەری ئیسپانییە، کە لەساڵی ١٩٦٣دا لەدایکبووەو تاوەکو ئێستا خاوەنی شەش رۆمانی بڵاوکراوەیە، (ئەو مرۆڤە تاریکانە)، ناونیشانی رۆمانی یەکەمیەتی، لەساڵی ١٩٩١دا چاپ و بڵاویکردووەتەوە.

رافائیل ئەم بەرهەمەی بەڕۆمانێکی لادەر وەسفدەکات، کە لەفۆرمی هەجوکردنێکی کۆمیدیدایەو باس لەچیرۆکی گەنجێکی یاخی دەکات، کەوا دەبینێت ناتوانێت پێبگات و کامڵ بێت، گەر هەر دە ئامۆژگارییەکە نەبەزێنێت!، بەڵام دوایەمین بەرهەمی ئەم نووسەرە رۆمانێکە بەناونیشانی (پاشماوەکانی کاپتن کاربیتۆ)، کە لەساڵی ٢٠٠٥دا چاپ و بڵاویکردووەتەوە، رافائیل، دەربارەی ئەم بەرهەمە دەڵێت: لەم بەرهەمەدا هەوڵمداوە سەرلەنوێ (دۆن کیشۆت) بنووسمەوە، یاخود هەوڵمداوە جارێکیتر (دۆن کیشۆت)ی جەنگاوەری ئەفسانەیی بژێنمەوە، کە لەگەڵ ئاشەکانی بادا دەجەنگا.

**×بەرپرسیارێکی تەقلیدی دەست بەگفتوگۆکەم دەکەم لەگەڵتدا، گەر چی هەموو جارێک پەی بەرێگەچارەیەک نابەم بۆ خستنەڕووی، پرسیارەکەش دەربارەی سەرەتاکان و یەکەمین دۆزینەوەکانە، دەربارەی یەکەمین وشەکانە کە خوێندبێتتەوە، یاخود نووسیبێتت و یەکەمین کتێب**

**که سەرنجی ڕاکێشابیت، بۆ نموونە لێت دەپرسم چۆن درکت بەوەکرد کە نووسەریت و کەی بڕیارتدا کەژیانت تەرخانکەیت بۆ نووسینی ڕۆمان و گێڕانەوەی چیرۆکەکان؟**

–بەتەواوەتی ناتوانم دەستیشانی ئەوە بکەم، کە کەی دەستم بەموماره‌سەی نووسین کرد، وەکچۆن ناتوانم بەتەواوەتی وەسفی ئەوەت بۆ بکەم کە ئەم کارە چۆن ڕوویدا، بەڵام ئەوەی هەنووکە لەیادمە ئەوەیە کە من خۆم وەك نووسەر بینییەوە، وادیارە من بۆ نووسین ئاگادارکراومەتەوە، چونکە ژیانم بەم شێوەیە دەستیپێکرد، لەوانەشە هەر بەم چەشنە کۆتایی بێت و تەنیا هۆکارێکیش نییە بیکەمە پاساو بۆ ئەم چارەنووسە، بەڵام لێگەڕێ بادەربارەی یەکەمین ڕۆمانی خۆم بەناوی (ئەو مرۆڤە تاریکانە) بدوێم، من لەسەروبەندێکی زووتردا ئەم ڕۆمانەم نووسیوەو بۆ ماوەیەکی زەمەنیش بەردەوام لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتووە، بەجۆرێك لەشێوەی کتێبدا کە بۆ خوێندنەوە دەستبدات بەرگم تێگرتبوو، لەساڵی ١٩٨٨دا بەڕێککەوت جارێك لەگەراجی پاسەکان چاوم بەکەسێك کەوت کە پێشتر نەمدەناسی، دوای ئاشنابوون بەیەکتری پێکەوە دەربای ئەدەب و ژیان قسەمانکرد، ڕۆژانی دواتریش چاوپێکەوتنەکانمان دووبارەبوونەوەو ڕۆژێکیان لەهەمان گەراجدا، جانتاکەم کردەوەو هەمان ڕۆمانم دەرهێناو بەمەبەستی خوێندنەوە دامە دەست تازە ئاشناکەم، پاش چەند ڕۆژێك کە بینیمەوە، پێیگوتم کە بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەختەوەر بووەو پاشان داوای لێکردم کە بۆم چاپ بکات، بەداواکارییەکەی سەرسامبووم، بەڵام زیاتر سەرم لەوە سوڕما کاتێك کە پێیگوتم ئەو خاوەنی خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیە، بەمجۆرە گەر ڕۆمانەکەم جێگای سەرسامیی ئەو نەبووایە، ئەوا داوای چاپکردنی نەدەکرد.

**×سەداو دەنگدانەوەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆمانی خۆتت چۆن قبووڵکرد؟**

–ئەوکات من تەمەنم بیست و هەشت ساڵ بوو، هیچ جۆرە بیرۆکەیەکم دەربارەی چۆنیەتی چاپکردنی کتێب و تەنانەت لەمەڕ دەنگدانەوەو سەدایەکیش لەلا نەبوو، کە دەکرێت بڵاوکردنەوەی ڕۆمانێك بەرپای بکات، لەڕاستیدا ئەو کاتە درکم بەواتای ئەوەی

مرۆڤ نووسەر بێت، نەکردبوو، بەڵام دواتر درکم بەوەکرد کە پەرچەکرداری رەخنەگرانە ناکۆك و دژبەیەکە.

لەئیسپانیا رۆشنبیرییەك، یاخود هەستێکی باوبوونی هەیە، کە جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە پێیوایە بەرهەمی چاك دەبێت بەرهەمێکی ئەستەم و دژواربێت، لەوانەیە ئەم هەستکردنە سەرچاوەیەکی ئایینی هەبێت، زۆربەی خەڵکی دەربارەی رۆمانەکە وتیان رۆمانێکی کۆمیدییە، هەر رۆمانێکیش بیەوێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت پێویستە لەهەمانکاتدا رۆمانێکی جدی و ئەستەم بێت، هەروەها هەندێك رەخنەگریش پێیانوابوو رۆمانەکە هیچ کاریگەرییەك لەلای خوێنەر بەجێناهێڵێت، لەکاتێکدا کە هەندێك خوێنەرو رەخنەگری دیکە ستایشی رۆمانەکەیانکرد.

**×ئایا پەر چەکرداره نێگەتیڤەکان تێکیان نەشکاندی؟**

–ئەوکات و تاوەکو ئێستاش لەوەدڵنیام کە هەر بەرهەمێکی رۆمان هەوڵی سەرکەوتن بدات، پێویستە بەرهەمێکی چێژبەخش بێت بۆ خوێنەران. من باوەڕم وایە کە لایەنێکی ئەو هاوکێشەیەم دەستەبەرکردووە، بەدڵنیایی ئەوە یەکەم رۆمانی من بوو، کە دەکرێت وەك یەکەمین ئافرەت بێت لەژیانمدا، هەربۆیە ئەزموونێك بوو، کە پێویست بوو ئەنجامی بدەم.

**×ئایا سەرنجی خوێنەران و رەخنەگرانت بەهەند وەرگرت، کاتێک دەستتدایە نووسینی رۆمانی دووەمت بەناوی (ژیاننامەی جیاوازیی مارلین مۆنرۆ)؟.**

–بەڵێ، بڕیارمدا دوورکەومەوە لەکۆمیدیاو گاڵتەجاڕی و ئەمجارە رۆمانێکی جیدی بنووسم و بۆ ئەم مەبەستەش کەسییەتیی سەرنجڕاکێش و فریوداری بەناو بانگ (مارلین مۆنرۆ)ی ئەکتەرم هەڵبژارد، وازم لێهانا کە دەربارەی خۆی بدوێت، گەرچی پشت بەهەندێك راستیی ژیاننامەی ئەم ئەستێرەیە بەستراوە، بەڵام من بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەو فۆرمەلەکردنی زۆربەی ئەو رووداوانەی کە تێیدا ژیاوە، پشتم بەئەندێشەو خەیاڵدانی خۆم بەستووە، پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم رۆمانە، گوێبیستی گوتەی جیاوازیی رەخنەگران بووم، بەجۆرێك کە یەکێك لەو رەخنەگرانە وتی: رافائیل هەنووکە

بوویەتە رۆماننووسێکی چاك، نزیکەی سێ هەزار دانە لەڕۆمانەکە بڵاوبووەوەو لەبازاڕدا نەماو سەرلەنوێ چاپکرایەوە.


**×پێتوانییە کە چاپکردنی سێ هەزار دانە، ناگونجێت لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەدا کە بەزمانی ئیسپانی دەدوێن و بەهەردوو کیشوەری ئەوروپاو ئەمریکای باشووردا بڵاوبووەنەتەوە، ئێمە لەنیشتمانی عەرەبی، چاپکردنی باشترین کتێبمان بەتیراژی سێ هەزار دانە زیاتر نییە، جگە لەئاوارتەکردنی هەندێک حاڵەتی ناوازە نەبێت، ئایا قەیرانی خوێندنەوە بوونی هەیە بەزمانی ئیسپانی؟**

–کێشەی ئێمە بەتەنیا لەچاپکردنی کتێبدا نییە، بەڵکو لەوەشدایە کە کێ ئەو کتێبانە دەخوێنێتەوە. لەئیسپانیا بەتەنیا دە نووسەری گەورەمان هەیە کە دەتوانن کتێبەکانیان بەتیراژی زیاتر لەدە هەزار دانە چاپبکەن، سیستمێك یاخود یاسایەك هەیە، کە باڵادەستە بەسەر بازاڕی کتێبداو هەریەك لەتەلەفزیۆن و هۆکارەکانی تری راگەیاندین و خولەکانی رانان و خستنەڕووی کتێب لەڕۆژنامەو هەفتەنامەکاندا، لەئاراستەکردنی هەڵبژاردنی خەڵکیدا بۆ خوێندنەوەی کتێب رۆڵی تێدا دەبینین، کەواتە پێویستە لەسەر نووسەر کە گوێڕایەڵی لۆژیکی بازاڕ بێت، چونکە دواجار بازاڕ خاوەنی ئەو هێزەیە کە پشتگیریت دەکات، بەڵام کاتێك لێم دەپرسی، ئەی سەبارەت بەپەیامەکەت چی دەڵێی بەو سیفەتەی کە نووسەری؟ ئەوا پێتدەڵێم پێویستە لەسەرمان خاوەنی ئازایەتیی بین، بۆئەوەی بەشێوازێکی جیاواز بیربکەینەوە.

**×بەڵێ هەندێک نووسەر دەناسم کە بەزمانی ئیسپانی دەنووسن و رۆمانەکانیان بەتیژای ملیۆنەها دانە دەفرۆشرێن، بەبێئەوەی وازیشیان لەپەیامەکەیان هێنابێت، بۆ نموونە وەگ گابریل گارسیا مارکیز و پاولۆکۆیلۆ، ئایا پێتوایە کە ئەو رۆماننووسانە گوێڕایەڵی لۆژیکی بازاڕ بن؟**

–ئەگەرتۆ بەو شێوازە پرسیارم لێبکەیت، ئەوا دەتوانم وەڵامت بدەمەوەو بڵێم بەرهەمەکانی (مادۆنا) فرۆشیان زیاترە لەبەرهەمەکانی (مۆزارت).

**×ئایا ئەمە مانای وایە کە تۆ نووسینەکانی پاولۆکۆیلۆ، یاخود مارکیز بەخراپ دەزانیت و بەرهەمەکانیان لەگەڵ بەرهەمەکانی مادۆنادا بەتەنیشت یەکترەوە دادەنێیت؟**



—پاولۆکۆیلۆ نووسەرێکی میللییەو ئەو بۆ بازاڕ یاخود بۆخەڵکی بەگشتیی دەنوسێت. ئەو تەنیا بۆ فرۆشتن دەنووسێت، لەو باوەڕەدام کە پێویستە لەسەر نووسەر بەدوای راگەیاندندا رانەکات، چونکە ئەمە شتێکی خراپە، ئەرکی ئەدیب ئەوەیە کەشتێکی تازەو فەنتازیایەکی جیاواز پێشکەش بکات، نەك بەتەنیا ختووکەی هەستی خەڵکی بدات، بەڵام کاری مارکیز جیاوازە، ئەو رۆماننووسێکی ئەفسونگەرەو خاوەنی قوتابخانەو رێبازێکیشە لەنووسیندا.

**×بەڵام تۆ کەمێک پێشتر گوتت، کەهەوڵی پێشکەشکردنی چێژ دەدەیت بەخوێنەرەکانت، ئایا بەهەمان شێوە تۆش ختووکەی هەستەکانیان نادەیت؟**

—بەڵێ، دەمەوێت چێژ بەخوێنەرەکانم ببەخشم، بەلام من هەوڵدەدەم کە چێژێکی خولقێنەریان پێشکەش بکەم.

**×لێگەڕێ بگەڕێمەوە سەر ئەزموونی ئێوەو لێت بپرسم واتای ئەوە چییە کە رۆمانێک بنووسیت؟**

—رۆمان بریتییە لەدژی ئەزموونی ئێمە لەناو ژیاندا، لەژیانی راستەقینەدا هەموو شتێك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەڕێوەدەچێت، چونکە نازانین بۆچی رووداوەکان روودەدەن و ناتوانین تەفسیری هەڵسوکەوتی کەسێك بکەین کە خۆشماندەوێت، یاخود تەفسیری قسەکانی بکەین، بەلام لەڕۆماندا دەبێت یاخود دەکرێت هەموو شتێك مانای هەبێت، چونکە بەردەوام تەفسیرێك هەیە بۆ شتەکان لەڕۆماندا، گەرچی زۆربەی کات ئەو تەفسیرکردنە دوادەخرێت. بۆیە پێویستە تاکو کۆتایی رۆمانەکە بخوێنینەوە. ئێمە

دەزانین چی وایکرد (مەدام بۆ ڤاری) دەستبداتە زیناکردن و خیانەت، بەڵام (لەژیانی راستەقینەدا.. و.ك) ئێمە ئەو هۆكارانە فەرامۆشدەكەین، كە بەرەو ژیانی هاوسەرییەتی پاڵمان پێوەدەنێن، ئەو بیرۆكە باوەی لەمەڕ رۆمان، كە پێیوایە رۆمان رەنگدانەوەی واقیعە، بریتییە لەگاڵتەجارییەكی ناشیرین.

ژیانی راستەقینە مەیدانێكە بۆنمایشی خستنەڕوو، بەڵام رۆمان نمایشی جیهانی پێداویستیی دەكات، لەوانەیە لەڕابردوودا (چیخۆف) بەرەو ئەو مانایە رۆشتبێت، كاتێك دەڵێت: گەر لەبەشی یەكەمی رۆمانێكدا بزمارێك دەركەوێت، ئەوا پێویستە پاڵەوانی رۆمانەكە، لەكۆتایی دوابەشی رۆمانەكەدا بەو بزمارە خۆی لەسێدارە بدات. كەواتە ئەركی رۆمان بەخشینی مانایە، تەفسیركردنی خودی ژیانە، گەر رۆمان ئەم كارە بكات، ئەوا دەربارەی پرسیاری ئایینیش، بەشێوازی تایبەتی خۆی وەڵامدەداتەوە.


**×تۆ تاكو ئێستا شەش رۆمانت بڵاوكردووەتەوە، سەرنجی ئەوەم داوە كە لەلای تۆ بایەخ بەڕۆمانی ئایندەگەرایی (الروایە المستقبلیە) دەدرێت، بەتایبەتی لەهەردوو رۆمانەكەتدا: (فۆرمی ئۆمیگا) و رۆمانی (خوێنی سەر زین)، كە بەداخەوە هیچ كامیان وەرنەگێڕدراون بۆ عەرەبی، ئایا بیرۆكەی سەرەكی لەهەردوو رۆمانەكەدا چییە؟**

–(فۆرمی رێگا) یەكەمین رۆمانی ئاییندەگەراییە، كەنووسیومە، لەم رۆمانەدا هەوڵمداوە لاساییكردنەوەیەكی گاڵتەجارانە دەربارەی تێڕوانینە تۆباوییەكان بۆ داهاتوو پێشكەشبكەم. من زۆر هەستیارم لەبەرامبەر تۆباوییەت، یاخود لەبەرامبەر دژەكەیدا، بەڵكو من زۆر هەستیاریشم لەبەرامبەر تۆباوییەت، یاخود لەبارمبەر دژەكەیدا، بەڵكو من گەلێك هەستیاریشم لەبەرامبەر ئەو چەشنە سیمبولیزمە ئاكارییەدا، كە وەك دیاردەیەك لەڕۆمانی بەناوبانگی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆروێڵ–دا دەردەكەوت، كە تێیدا وێنای كۆمەڵگەیەكی تۆتالیتاركراو لەداهاتوودا، بەهەموو ئەو شێوازانەی دیسپلینی كۆمەڵایەتی

كە لەڕۆمانەكەدا بوونیان هەیە. هەرچی رۆمانەكەی ترمە: (خوێنی سەرزین)، رووداوەكانی ناوی لەئایندەی شاری (مەدرید)دا روودەدەن، بەجۆرێك كە تۆفانێك شارەكە دادەگرێت و سووتەمەنی تێدا نامێنێت و خەڵكی بەلەم و پاسكیل بەكاردەهێنن، هەروەها ئیسپانیا لەڕۆمانەكەدا هەرێمێكی سەر بەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایەو زمانی فەرمیش تیایدا زمانی ئینگلیزییە.

گرێی ئەم ڕۆمانەش بەدەوری ئەندازەی بۆماوەییدا دەسوڕێتەوە، پاشان هەر بەهەمان شێواز ڕۆمانی (ڕووی جوانی)م نووسیوە، کە تەواوکەری ڕۆمانی (خوێنی سەرزین)ە.

**×بۆچی دەربارەی ئاییندە نووسینت هەڵبژارد، چی لەداهاتوودا سەرنجت ڕادەکێشێت؟**




–بەڵێ، ئێمە بەشێوەیەکی دڵنیا شتێك دەربارەی ئاییندە دەزانین، ئەویش ئەوەیە کاتێك ئاییندە دێت، ئەوا ئێمە هەموومان لەڕیزی مردوانین، هەربۆیە لەقووڵاییدا نووسین دەربارەی ئاییندە، بریتییە لەنووسین دەربارەی مردن، چاکتروایە بڵێم ئەمجۆرە نووسینە لەگۆشەنیگای کەسانێکەوەیە، کە مردوون، ئەوەی چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، ئەو کەسەیە کە ئەزموونێکی ناوازە ژیاوەو لەئێستاشدا دەیەوێت ئێمەش تیایدا بەشداربکات، بۆیە ئەوەی کە دەمەوێت شتێکی لەبارەوە بڵێم بریتییە لەمردن، ئایا دەکرێت کارەکە بەدیوەکەی تردا، دەربارەی ژیان چۆن بێت، ئاییندە بریتییە لەزەوییەکی چیرۆکئامێزو وڵاتێکی دوورەدەست، کە هەمووان خوازیاریین گوێبیستی هەواڵەکانی ببین، هەربۆیە دەپرسین ژیانمان چۆن دەردەکەوێت، لەکاتی ڕوانیندا بۆ دیوەکەی تری؟. ئەمەیە کە دەمانەوێت بیزانین، هەر لەئەمەشە کرۆکی ئەدەب دەرخستن و ئاشکراکردنی ژیان، وەکچۆن لەڕووکاری دەرەوەیدا دیارە.

سەرچاوە: گۆڤاری (دبی الثقافية) ژمارە (٢٣)ی نیسانی ٢٠٠٧، لاپەڕە (٥٠–٥٢).

بەشی شەشەم


دەروازەی سێیەم

# گەورە تراژیدی نووسان

نووسینی: باکنەر ب ـ تراویك

و: حەمەکەریم عارف

**ئاسخیلوس (٥٢٥- ٤٥٦ پێش زایین):**



بەیەکەمین گەورە تراجیدی نووس دەژمێردرێت، ئوفوریون-ی بابی لەچینی دەوڵەمەندانی ئاتین و خەڵکی ئیلیوسیس(١٣)ە، کە لەوێدا ئاسخیلوس بەقوڵی دەکەوێتە ژێر کاریگەری دابونەریتی نهێنی ئامێزی پەرستنی خواوەندانەوە. ئاسخیلوس لەجەنگی ماراتندا بەشداریدەکات و لەوەش دەچێت لەشەڕی سالامیسو پلاتە-شدا بەشداری کردبێت. لەساڵی ٤٩٩ پێش زایین بەدواوە لەپێشبڕکێی شانۆنامەنووسیدا بەشداریدەکات و لەساڵی ٤٨٤ پێش زاییندا یەکەمین سەرکەوتن بەدەست دێنێت. تا ساڵی ٤٥٩ پێش زایین درێژە بەشانۆنامەنووسین بۆ شانۆی ئاتین دەدات، سەردانی زۆری سیراکوز، سیسیلو هەروەها دەرباری هیرو"١٤" دەکات. وادیارە ئاسخیلوس تا ساڵی ٤٦٨ پێش زایین لەسیسیل ژیاوە.

**داهێنانەکانی:**

ئاسخیلوس بەشدارییەکی زۆری لەپێشڤەبردنی تراجیدی یۆنانیدا کردووە، کە بریتین لە:

١.زیادکردنی ئەکتەری دووەم لەسەر شانۆ.

٢.کەمکردنەوەی ژمارەی کەسانی گروپی کۆڕال بۆ ١٢– ١٥ کەس.

٣.کەمکردنەوەی بایەخی گروپی کۆراڵ و زیادکردنی بایەخی دیالۆگی ئەکتەرەکان.

٤.داهێنانی تریلوجی (واتە شانۆنامەی سێ بەش)و یەك بابەتی.

**بەرهەمەکانی:**

ئاسخیلوس نزیکەی نەوەت تراجیدی و شانۆنامەی ساتیریکی نووسیوە، لێ تەنیا حەوت تراجیدی وی لەدەستدایە.

**ژنانی شینگێڕ (دەوروبەری ٤٩٠ پێش زایین):**

رەنگە کۆنترین شانۆنامە بێت و لەوەشە یەکەم بەشی تترالوجی یەك (بەرهەمێکی چوار بەشی) بێ کەسێ بەشەکەی دیکەی لەنێو چووە، پەیامی ئەخلاقی ئەم شانۆنامەیە ئالۆزو نادیارە، لەم شانونامەیەدا باسی رێزگرتنی هەقی پەناهەندەیی کراوە، تەنانەت ئەگەر بەبەهای جەنگیش بێت. پەنجا کیژی دانایوس"١٥" لەمیسرەوە بۆ ئارگوس هەڵدێن. پلاسگوس–ی شای ئەو وڵاتە قاییل دەبێت کە مافی پەناهەندەییان بدرێتێ، ئەگەرچی لەوەشە ئەم کارە ببێتە مایەی ئەوەی کە میسر شەڕ لەگەڵ ئارگوسدا رابگەیەنێت. بەمجۆرە ئەم شانۆنامەیە لەچاو دوو تراژیدیای تری ئەم بەرهەمە چوار بەشییەدا لەسنووری پێشەکییەك هێوەتر دەڕوات. ژنانی شینگێڕ لەڕووی فۆرمەوە قۆناغێکی گۆڕانو وەرچەرخانە لەنێوان گۆرانی لیریکی دیتورامبو تراجیدی واقیعیدا. لەم شانۆنامەیەدا جگە لەجارچییەك، دوو ئەکتەری دیکەش هەن، پەنجا کیژی شینگێڕیش گروپی کۆراڵ پێك دەهێنن و بەئەکتەری سەرەکی شانۆنامەکە دێنە ژماردن. لەم شانۆنامەیەدا جوڵەو کاراکتەرسازی ئەوەندە بەهەند نەگیراوە، بەڵام لەجیاتی ئەوە شیعرێن لیریکی جوان، زمانێکی دەوڵەمەندو مشتو مڕێکی دراماتیکی واقیعی لەخۆگرتووە.

**ئیرانیان (دەوروبەری ٤٧٢ پێش زایین):**

تاقە شانۆنامەیەکە کە دەربارەی مێژووی سەردەمی ئاسخیلوس ماوەتەوە. بابەتی ئەم شانۆنامەیە سەرشۆڕی سوپای ئێرانە پاش شکستی لەشەڕی سالامیسدا. لایەنی دراماتیکی ئەم شانۆنامەیە، لەهەموو تراجیدییەکانی یۆنانی کەمترە. پلۆتو نەخشەی شانۆنامەکە، لەبری ئەوەی بچێتە قۆناغی روناکیو بڕیارو دیاریکردنی چارەنووسەوە،

تایبەتـە بەکەشـفێك کـە لـەڕێگای ئاتوسـا–ی دایکـی خەشـایار شـاوە ئـەنجام دەدرێـت. شانۆنامەکە دیالۆگی تەاوی لـەخۆگرتووە، بـەڵام پلـۆتێکی گونجـاوو پوختـەی نییـە. لـەو شانۆنامەیەدا بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی ئامادەبوونی روح لەشانۆدا دەبینەوە.

**حەوت کەس دژی تیبە (دەوروبەری ٤٦٧ پێش زایین):**

دواهەمین بەشی شـانۆنامەیەکی چـوار بەشـییە (شـانۆنامەکانی دی: لایـوس، ئۆدیـبو شانۆنامەی تەنزئامێزی ئەبول هۆل–ە). بابەتی ئـەم شـانۆنامەیە کـەرق و کینـەی نێـوان دووان لـەکوڕانی ئۆدیبـە، ئەمـە جگـە لـەو بەدبەختییـە میراتییـەی نـاو ئـەمماڵباتـە کـە لەنەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی دی هـاتووە. پـاش مـەرگی ئۆدیـب دووان لـەکوڕانی وی (ئیتوکلوس و پولونیکس) لەسەر دەسەڵاتی تیبە بەشەڕ دێنو یەکدی دەکوژن.

**پرومیتە لەزنجیردا (دەوروبەری ٤٦٦ پێش زایین):**

یەکـەمین بەشـە لەبەرهـەمێکی سـێ بەشـیدا (تریلـوجی) دەربـارەی ئەشـکەنجە بـەئازارەکانی پرومیتـە (دوو شـانۆنامەکەی دی رەنگـە بـریتیبن لەپرومیتـەی لەبەنـد خەلەسـیو، و پرۆمیتـەی ئـاگر هەڵگیرسـێن). بابـەتی شـانۆنامەکە بەشـێوەی جۆراوجـۆر شـەرحو شـرۆڤە دەکرێـت: ئەفـسانەی شـەڕی بێـدادیو دڕندەگـەری لەلایـەك، و ژیـریو دادپەروەرییو مرۆڤدۆستی لەلایەکی دیکەوە.

پرۆمیتە چونکە ئاگر لـەزیوس دەدزێـت تـا بـەدیاریی بیداتـە بەشـەر، زیـوس لەچیای قەفقازدا بەزنجیر بەتاوێرێکییەوە دەبەستێت. پرۆمیتە ئاگاداری نهێنییەکـە کـە ئاینـدەی زیوسی پێوە بەندە، بەڵام نایەوێت ئـەو رازە بـەوی بڵێـت. ئـەم شـانۆنامەیە هـەر چـەندە تەواو بـی جوڵەیـە، دەشـێت قـوڵترین و لـەڕووی سـۆنگەوە هۆشمەندانـەترین شـانۆنامەی ئاسخیلوس بێت، کاریگەری ئەم شانۆنامەیە بەسەر نووسەرانی کۆنو تـازەوە زۆر بـووە. جگـە لەکاریگـەریی بەسـەر بابـەتی شـانۆنامەکانی شـیلیو بریجـز، بەسـەر بەرهەمـەکانی میلتن، گوتە، بایرون، براونینگ، سوین برن، و توماس هاردی–شەوە کاریگەریی هەبووە.

**ئورستیا (ئاگامەمنون، کویفور، ئومنیدس) (٤٥٨ پێش زایین):**

تاقە بەرهەمی تەواوی سێ بەشییە (تریلوجی) کە ماوەتەوەو براوەی خەڵاتی یەکـەمی پێشبڕکێی ئاتینە، بابەتی ئەم شانۆنامەیە جـۆرە نەحـسیو نەگبەتییەکـە کـە لەئـەنجامی تاوانانەوە پشتاو پشت بۆ نەوەکان دێت، لـەم ماڵباتـەدا هـەر تاوانێـك، تـاوانێکی دیکـەی

بەدوودا دێت، نەفرەتی ئانتالوس"١٦" بەپیلوپس و لەوەوە بەئاتریوس"١٧" دەگات، پاشان بەئاگامەمنون و سەرەنجام بەئورستیس"١٨" دەگات کە لەلایەن خواوەندانی تۆڵەوە"١٩" تاقیب دەکرێت. ئەو کە دایکی کوشتووە داوای بوردن دەکات و دەبەخشرێت. ئەم شانۆنامەیە کاریگەریی لەسەر سوفوکلس، سنکا، ڤولتیر، ئالفیری، ئونیل، و گەلێکی تر هەبووە.

**ئاگامەمنون:**

باشترین و یەکەمین بەشی شانۆنامەی سێ بەشی ئورسیتایە کە پلوتێکی چڕو کورتی هەیە. کیلی تیمنسترا بەهاوکاری ئیژیستوس– ی دۆستی، کە ئامۆزای ئاگامەمنونە، وی کە بۆ ئەو مێردێکی بێوەفاو بۆ منداڵەکانی بابێکی بێسەرو بەرە دەکوژێت. لەم شانۆنامەیەدا بەرجەستەکردنی کەسایەتی کیلی تیمنسترا بەرزە.

**کویفور:**

یەکەم شانۆنامەیە کە دەسیسەو پیلانگێڕی پلۆتە سەرەکییەکەی پێکدێنیت. ئورستیس– ی فەرزەندی ئاگامەمنون، دەست لەگەڵ دۆستەکەیدا (پیلادس) تێکەڵ دەکات و پیلان بۆ کوشتنی کیلی تیمنستراو ئیژیستوس دادەنێت، ئورستیس دەگاتە مەرام، بەڵام بەتاوانی کوشتن دەکەوێتە بەر تاقیبی خواوەندانی تۆڵە.

**ئومنیدس:**

یەکەمین شانۆنامەیە کە گۆڕانی تەواوەتی لەدیمەنەکانیدا هەیە. خواوەندانی تۆڵە بەتاوانی پیاوکوژی تاقیبی ئورستیس دەکەن، بەڵام چونکە تۆڵەی کوشتنی باوکی خۆی کردووەتەوە، ئاتینە تەبرێی دەکات. ئەم تراجیدییە لەڕووی قابیلیەتی دەرهێنانەوە بایەخێکی زۆری هەیە.

**بیروبۆچوونەکانی ئاسخیلوس:**

لەتراجیدییەکانی خۆیدا مامەڵە لەگەڵ قوڵترین مەسەلەێن ئایینیو ئەخلاقیدا دەکات: سروشتی خودایان، مەسەلەی شەڕ، نیشتمانپەروەری و بەرپرسیارییەتی مرۆڤانی، کورتەو پوختەی بیروبۆچوونەکانی بەمجۆرەیە:

خواوەنـدان بـەرزو دادپـەروەرن. مـرۆڤ دەبێـت ملکەچـی ویـستی ئـەوان بێـت. گونـاح میراتییـە، بـەڵام ئـادەمیزاد بەرپرسـیارییەتی فـەردی و شەخسیـشی هەیـە. دەبێـت بەتەحەمولکردنی رەنجو زەحمەت، کە مرۆڤ ئاقـڵ دەکـات، کـەفارەی لوتبـەرزی، تـاوانو گوناحانی خەڵکانی دی بدرێتەوە.

## شێوەو تەکنیک:

پلـۆت و نەخـشە لەبەرهەمـەکانی ئاسخیلوسـدا سـادەو ناکۆکـە. رووداو زۆر کەمـە، کاراکتەرەکانی زیـاتر بـاڵان تـا بنیـادەمخوو بـن، چارەنووسـیان لـەبری ئـەوەی لەدەست خۆیاندا بێت زیاتر لەدەستی خواوەنداندایە زمانەکەی بەتەنتەنەو سەنسەنەیە.

زۆر دەربڕینو زاراوەی لەهۆمەر، سولون، هـسیود، شـاعیرانی لیریکـی، سـوفوکلوس و دەستووره نهێنی ئامێزەکان و سەرچاوە زمانەوانییەکانەوە وەرگرتووە. شێوەی وەسـفی وی بابەتییانەیەو هزرو بیری دوورو پچڕ پچڕو غەریبە.

## کورتەیەکی رەخنانەکان:

شۆرەتی ئاسخیلوس زادەی بونیادی پلۆتی بەرهەمـەکانی نییـە، پلـۆتو نەخـشەکانی لەبنەڕەتـدا پایـەو بنـەمای لۆجیکیـان نییـە، کـارو جوڵـە لەبەرهەمەکانیـدا زۆر کەمـە، کاراکتـەری شـانۆنامەکانی هـەر چـەندە بەشـێوەیەکی روونو زینـدوو وێنـە دەگیرێـن، گەشـەکردنیان ناچـیزە، هێنـدەیان موبالەغـە دەربـارە دەکرێـت کـە لەشـێوەو سـیمای بەشەری دوور دەکەونەوە، گەزافە وێژی، درێژدادڕیی و ئالۆزیش بەخەوشی وی دادەنـەن. بەهەرحاڵ لایەنی ئیجابی بەرهەمـەکانی ئاسـخیلوس لەلایەنـە سـلبییەکانی زیـاترە. جگـە لەداهێنانە گرنگەکانی، بایەخ و ئیحتوبارش بەتراژیدی دەبەخـشێت. ئەگەرچـی هەنـدێجار دەربڕین و گوزارشتی موبالەغە ئامێزو بەتەنتەنە دەنوێنێت، بەڵام زمانێکی مکوم و بتەوی هەیە. شکۆو گەورەیی ئەو، ئاریستۆفانس (لـە قورباقـان)دا وا لێـدەکات کـە ئاسـخیلوس لەڕیزی پێشەوەی تراجیدی نووساندا دابنێت.



**سوفوکلیس (٤٩٥– ٤٠٦ پێش زایین):**

دووەمین تراجیدی نووسی گەورەیە. لەکولون، کە گوندێکی نزیکی ئاتینە، لەبنەماڵەیەکی بازرگانی دەوڵەمەن دێتە دنیاوە. بەمنداڵی خوێندن و پەروەردەیەکی باشی دەبێت زوو دەست بەنووسین دەکاتو بۆ یەکەمجار لەساڵی ٤٦٨ پێش زاییندا لەپێشبڕکێی ئاتیندا بەپلەی یەکەم دەردەچێت و تاکۆتایی تەمەنی درێژە بەنووسین دەدات. سوفوکلیس لەپێشبڕکێیەکانی ئاتین بیستو چوار کەرەت بەپلەی یەکەمو دووەم دەردەچێت.

وەکو یەکێك لەدە فەرماندەی ئاتینی–ش هەڵدەبژێردرێت. وەکو گێڕاویانەتەوە کۆتایی تەمەنی، بەهۆی ئەو دادگاییەوە کە کوڕەکانی دژی ئەو ڕێکی دەخەن، بەتاڵی و ناخۆشی دەگوزەرێت، لەئەنجامدا لەئاتین دەمرێت.

**تازەگەرییەکانی:**

بەشدارییەکانی سوفوکلیس لەپێشڤەبردنی شانۆی یونانیدا بریتییە لە:

١.نیگارکێشیو رازاندەوەی شانۆو دیمەنان.

٢.کەمکردنەوەی بایەخی گروپی کۆڕاڵو راگرتنی ژمارەیان لەسنووری پازدە کەسدا.

٣.زیادکردنی سێیەمین ئەکتەر.

٤.وەلانانی شانۆنامەی سێ بەشی (تریلۆجی)و نووسینی تراجیدی تەواو.

**بەرهەمەکانی:**

نزیکەی ١٢٣ شانۆنامە دەدەنە پاڵ سوفوکلیس، بەڵام تەنیا حەوت تراجیدی ئەو لەبەر دەستدایە.

**ئاجاکس (دەوروبەری ٤٤٥ پێش زایین):**

بابەتی ئەم تراجیدییە کەوتنی پیاوێکە لەئەنجامی خۆپەسندی و گوساخی، ئاجاکس کە دەبینێت ئەو چەکەی بەتەمایەتی زرێیەکەی ئاخیلوس دەکەوێتە دەستی ئودیسیوس،

توڕە دەبێت. ئاتینە توڕەییەکەی ئەو دەگۆڕێت بۆ شێتی. لەسەرەتای شانۆنامەکەدا ئاتینە بۆ ئۆدیسیوس-ی دەگێڕێتەوە کە خۆ پەرستی و گوساخی، ئاجاکس-ی بەرەو شێتی بردووە. ئاجاکس چاك دەبێتەوە، بەشمشێرەکەی خۆی خۆی دەکوژێت. ئاگامەمنون و منلایوس لەڕقا بەشداری کفن و دفنی وی ناکەن، بەڵام سەرەنجام ئۆدیسیوس خۆپەسندی و لاساری لەمێشکی وان دەردەکات و ئاجاکس بەخاك دەسپێردرێت. ئەم شانۆنامەیە زۆر تایبەتمەندی جیاوازی لەشانۆنامەکانی پێشتر هەیە، لەوانە: نیشاندانی کاری توندوتیژ لەسەر شانۆ، لابردنی گروپی کۆڕاڵ، و گۆڕینی ئارایشتی شانۆ، دوو خاڵی قەیرانی شانۆییە کە بەسوود وەرگرتن لەلێکچوونی لاساری و خۆسەری ئاجاکس لەگەڵ ئاگامەمنونو منلایوس هونەرمەندانە پێکەوە گرێ دەدرێن. ئاجاکس قارەمانی واقیعی تراجیدیەکەیە -گوناه دەکات، و هەروەها بەشێوەیەکی تراجیدی یاخی دەبێت کە کار دەکاتە سەر، کەوتنی.

**<u>ئانتیگونە (دەوروبەری ٤٤١ پێش زایین):</u>**

زەمینەی شانۆنامەی ئانتیگونە خەتایەکی زادەی خۆپەسندییەکی خۆ سەرانە (بڕوانە ئاجاکس) و ڕووبەڕووکردنەوەی قانونی دنیایی لەگەڵ یاسا خواییەکاندایە. کریون-ی شای لاسار ڕێگە بەئانتیگونە کە وەکو ئەو خۆسەرو لاسارە، نادات کە جەنازەی پۆلونیکس-ی برای بەخاك بسپێرێت. ئانتیگونە سەرپێچی لەجێبەجێکردنی ئەو فرمانە دەکات و کریون وێڕای پاڕانەوەو تکاو ڕجای هەموونو تیرزیاسی غەیبزان و گروپی کوڕاڵ، فەرمانی کوشتنی ئانتیگونە دەردەکات. ئانتیگونە، هەمون و ئوریدیس-ی (هاوسەری کریون) بڕیاری خۆکوژیی دەدەن و کریون سەری تەسلیمبوون دادەنەوێنیت. کاراکتەرسازی لەم شانۆنامەیەدا وەستایانەیە، ئانتیگونە سیمایەکی تەواو بەشەری هەیە. ئیسمن وەکو کەسایەتییەکی پێچەوانەی ئانتیگونە وێنە دەگێڕێت و هەمون بەرانبەر بەکریونە. تۆنی ئەم شانۆنامەیە بەجۆرێکی ناباو خەماوییە. حاڵەتی چاوەڕوانی کاریگەرییەکی ریزپەڕی هەیە: ئایا کریون پێش ئەوەی کە کار لەکار بترازێت نەرم دەبێت؟

**ئۆدیب شا (دەوروبەری ٤٣٠ پێش زایین):**

زەمینەی ئەم شانۆنامەیە بریتییە لە: تەنزی قەدەرو چارەنووس، کە ناکرێت مرۆڤی نێچیری مەرگ بەبەختەوەر بزانرێت، مەگەر دوای مەرگ، بەگوێرەی پێشگۆیی دەنگی پەرستگەی دلف، ئۆدیب بابی خۆی دەکوژێت (بێئەوەی کە بزانێ لایوس بابی خۆیەتی)و لەگەڵ دایکی خۆیدا دەزەوجێ (بێ ئەوەی بیناسێت).

زۆربە ئەم شانۆنامەیە بەبەهێزترین تراجیدی یونان دەزانن، هۆکارو ئەنجامی کردارەکانی ئودیپ بەشێوەیەکی وەستایانە هاتووەتە دەربڕین و وێنەگرتن، هەروەها تەنزی دراماتیکی لەم بەرهەمەدا گەییوەتە رادەی کەماڵ.

سۆنگەی تراجیدییەکە بەرزو باڵایە، کارو جوڵە بلەزو پەی دەر پەیە. چارەنووس و قەدەری حەتمی ئۆدیب کە هەستی ترسو بەزەیی لەلای تەمەشاڤان دەبزوێنێت، رەنگە باشترین نموونەی نێو تراجیدییە یۆنانییەکان بێت. گەلێك لەشانۆنامە نووسانی وەکو سنگا، کورنی، درایدن، لی، و ڤۆلتێر لەژێر کاریگەریی ئەم بەرهەمەدا بوونە.

**(ژنانی تراخیس) تراخینیا (دەوروبەری ٤١٣ پێش زایین):**

شانۆنامەیەکی تا رادەیەك لاوازە. بابەتەکەی بریتییە لەمەرگی هەر کول کە لەئەنجامی پۆشینی چاکەتێکی ژەهراویدا، کە دژانیری "٢٠" هاوسەری بۆی دەنێرێت، روو دەدات. رازی چیرۆکەکە بەرێژەیەکی یەکسان لەمەرگی هەر کولو خۆ کوژی دژانیردا پەنهانە. دەربڕینی چیرۆکەکە کاڵ و کرچ و نا پەسندە، گفتوگۆکان زۆر درێژن. قارەمانی چیرۆکەکەش تاوەکو پێش بەشی چوارەمی شانۆنامەکە لەسەر شانۆ دەرناکەوێت. (هەرکول لەئوتا–)ی بەرهەمی سنکا، لەژێر کاریگەریی ئەم بەرهەمەدا بووە.

**ئیلیکترا (دەوروبەری ٤١٠ پێش زایین):**

بە گشتی پێگەی ئیلیکترا لەکویفورو ئومنیدس–سی ئاسخیلوس کە لەهەمان زەمینەو جیهاندان، بەنزمتر دەزانن. لەگەڵ ئەم جیاوازییەدا کە لەم شانۆنامەیەی سوفوکلیسدا، ئەلیکترا لەجیاتی ئورستیس زاڵە بەسەر شانۆوە. بەرجەستەترین لایەنی ئیلیکترا دیالۆگ و کاراکتەرسازییە.

**فیلوکتیتس (دەوروبەری ٤٠٩ پێش زایین):**

لەجوملـەی ئـەو شـانۆنامانەدایە کـە لەئاتینـدا خـەڵاتی یەکـەمی بەدەسـتهێناوە. فیلـوکتیتس شـانۆنامەی رووداوانـە. نـاوەڕۆکی ئـەم شـانۆنامەیە کێشمانەکێشی نێـوان دادپەروەری و نەجابەت لەلایەك و نزمی و نێرەنگبازیی و بیرکردنەوەی دنیاییـە لەلایـەکی دیکەوە. کاراکتەرسازی نیوپتولمە (کوڕی ئاخیلوس)، ئۆدیسیوس، فیلـوکتیتس یـەجگار بەرزو باڵایە. پلۆتی شانۆنامەکە باش چنراوە و گەشـەکردن و پێـشڤەچوونی شـانۆنامەکە یەکگرتوو رێکو پێکە، بەڵام لەکۆتایی چیرۆکەکەدا سوود لەڕێچکەی هێنـانی خوادایـان بـۆ سەر شانۆ، بەمەبەستی کردنـەوەی گرێـی پلـۆت و نەخـشەی شـانۆنامەکە وەردەگیرێـت. لەڕێگەی تروادەدا، یونانییەکان فیلوکتیتس بەتەنیا بەجێدێڵن، نەخۆشییە دژوارو لەچـارە نەهاتووەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەدوورگـەی لمنـوس رەهـای بکـەن. دوای دە سـاڵ کاتێـك یونانییـەکان پـەی بـەوە دەبـەن کـە بـەبێ فیلـوکتیتس و ئـەو تـیرو کەوانـەی کـە لەهەرکولەوە بـۆی ماوەتـەوە نـاتوانن تـەروادە بگـرن، هـەنگێ ئۆدیـسیوس و نیوپتولمـە دەگەڕێنەوە بۆ لمنوس و دەیانەوێت هاوکاری فیلوکتیتس بەدەست بێنن. ئـەو یارمـەتیان نـادات، تـا هـەرکول خـۆی دەگەڕێتـەوەو بـەڵێن بـەفیلوکتیتس دەدا کـە نەخۆشـییەکەی چارەسەر بکات.

**ئودیپ لەکولونوسدا (٤٠١ پێش زایین):**

ئەم بەرهەمە تا پێنج ساڵ پاش مەرگی سوفوکلیس نمـایش نـەکراوە. لەجوملـەی ئـەو شانۆنامانەیە کە لەگەڵ چەندین شانۆنامەی دیکەدا خەڵاتی یەکەمی لەئاتینـدا پـێ بـڕاوە. لـەوە دەچـێت ئـەم بەرهەمـە رەنگدانـەوەی ئـەو شـەڕە بێـت کـە لـەنێوان سـوفوکلیسو کوڕەکانیدا (بەتایبەتی یوفون) لەدەوروبەری ساڵی ٤٠٨ پـێش زاییـندا روویـداوە. تیمـەی شانۆنامەکە بریتییە لەدەرکردنی ئۆدیب لەزومرەی پاڵـەوانانو نیمـچە خودایـان. نـەفرەت لەکوڕەکانی دەکات و پێشبینی ئـەوە دەکـات کـە بەدەسـتی یەکـدی دەکـوژرێن. ئۆدیـب دەمرێ و لەشوێنێکی پەناو پەنهاندا بـەخاك دەسـپێردرێت. بونیـادی پلـۆتی شـانۆنامەکە لوجیکییە، کارو جوڵە بلەزەو کاریگەریی دراماتیکی خۆی هەیە. کاراکتەرسـازی ئۆدیـب—شالیر"٢١" لەتراجیدی یونان— و ئانتیگونەدا بەرجەستەیە. رەنگە ئەم شانۆنامەیە لـەژێر کاریگەریی ئاسخیلوس و ئورپیدسدا هاتبێتە دانان.

**بیروبۆ چوونەکانی سوفوکلیس:**

سوفوکلیس خواوەندان بەدادپەروەر دەزانێت، بەڵام بەئەندازەی ئاسخیلوس پەنایان وەبەر نابات کە دەخالەت لەچارەنووسی بەشەردا بکەن. بەبۆچوونی ئەو لەوەیە گوناحی باوك یەخەی منداڵ بگرێت، بەڵام موسیبەت یان لاوازی کەسایەتی (بەتایبەتی بوغراییو لوتبەرزی) زیاتر زادەی شەڕەنگێزی مرۆڤە. سوفوکلیس باوەڕێکی ئەوتۆی بەخوداوەندی تۆڵە یان پاداشت نییە. ئەویش وەکو ئاسخیلوس، باوەڕی وایە کە ڕەنجو زەحمەت مرۆڤ ئاقڵ دەکات و هێزو توانا بەکەسایەتی دەبەخشێت.

**شێوازو تەکنیک:**

لەشانۆنامەکانی سوفوکلیسدا هەمیشە هەموو چیرۆکەکە بەدەوری تەوەری یەك کەسایەتیدا دەسووڕێتەوە. ئەم یەك کەسایەتییە یەکێتییەکی ئەوتۆ بەشانۆنامەکە دەبەخشێت کە هەر ڕووداوێك بەشێوەیەکی دیار لوتکەی خۆی پەیدا دەکات. پلۆتی شانۆنامەکان بەوردی چنراوەو عادەتەن بەلەز ڕوو دەدات. گروپی کۆڕاڵ بایەخێکی کەمی هەیە. سوفوکلیس لەبواری تەوزیفی تەوس و توانج و گاڵتەجاڕیدا بێهاوتایە، عیللەت و هۆ لەپلۆت و تیمەی شانۆنامەکانیدا بەرزو باڵایە. کاراکتەرسازی وی لەچاو ئاسخیلوسدا ئاسایی تر، مرۆڤانی تر، و ریالیستی ترە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆرجار تا ڕادەیەك ئاوێتەی خەیاڵگەراییشە.

سوفوکلیس بەنیشاندانی کێشمانەکێشی کەسایەتییەکان، پتر تایبەتمەندییەکانیان بەرجەستە دەکات. ئەو بەتایبەتی لەواری سایکۆلۆژیدا(هاوخەمی) بەتوانایە. کاراکتەرەکانی هەندێجار لەمیانی یەك شانۆنامەدا دەگۆڕین و نەشونما دەکەن و گەشە دەکەن، کریون لەشانۆنامەی ئانتیگونەدا نموونەی ئەمەیە. لەکۆتاییدا لەدراماکانی ویدا ڕەگەزی گاڵتەجاڕی نموودێکی کەمی هەیە.


**کورتەیەک لەمەڕ ڕەخنەکان:**

تاقە ئیرادو عەیبێ کە بەهەق لەسوفوکلیسی دەگرن دەربارەی کاراکتەرانی شانۆنامەکانیەتی کە هەندێجار زۆر ئایدیالی وێنە دەگیرێن. بەهەرحاڵ، کاراکتەرسازی ئەو زۆر جارانیش زۆر سەرکەوتووە. پلۆت و نەخشەو تیمەی شانۆنامەکانی گونجاوو هاوئاهەنگە و ڕەوتی ڕووداوەکانیش ڕوو لەیەك خاڵی لوتکەیە. لەڕووی هونەرو شێوازیشەوە لەئاسخیلوس باڵاترە.

# جوان، بەڵام مۆدێرن

ن: سەید مەجید کەمالی

و: نیاز محەمەد



تەفسیری هایدگەر بۆ شیعر بەشێوەیەکی جدی رووبەڕووی چەند پەرچەکردارێکی جیا جیا بووەتەوە. ئەمەش بەتایبەت دەربارەی ئەو بەرهەمەی راستە کە لەبارەی جۆرج تەراکل-ەوەیە. هەندێك کەس ئەم بەرهەمەی هایدگەریان ستایش کردووە بەهۆی دەربڕینی دیدە قوڵەکانییەوە لەبارەی ئەم شاعیرە نەمساوییەوە، لەکاتێکدا کەسانێکی تر ئەم نووسینەی هایدگەر بەشتێکی بیٚ ناوەڕۆك دەزانن بەهۆی ئەوەوە کە چەند بەشێکی دەقەکەی جیاکردووەتەوەو خستویەتییە خزمەت فکری خۆیەوە.

داوەریکردن لەبارەی چەند هەڵسەنگاندنێکی ناکۆکی لەمجۆرەوە بەهۆی تایبەتمەندی هێرمسیانەی شیعرەکانی تەراکل-ەوە بەشێوەیەکی چەند بەرابەر بووەتە کێشە. بەپێی رۆڵی کاری هێرمۆنتیکای هایدگەرەوە، تاك دەشێت بەتەواوی سەرگەردان ببێت لەوەدا کە ئایا ئەو شتەی وەك دیالۆگێکی بیرمەندانە لەنێوان فەیلەسوف و شاعیردا خراوەتە روو، مۆنۆلۆگێك نییە کە هایدگەر بەئاگاداربوون لەوەی کە خۆی دەیەوێت، لەشیعرەکانی تەراکل-ەوە هەڵیهێنجابێت؟ بەشێوەیەکی گشتی بەبڕوای هایدگەر ئەو چەندین واتایەی لەشیعرێکەوە دەخرێنە روو، دەکرێت کورت بکرێنەوە بۆ یەك واتا.

بەڕای ئەو ئەم چەندین واتایانە لەواتایەکی قوڵتردا کە نەوتراوە، بەیەکدەگەن. واتایەکی یەکتای لەمجۆرەش پێودانگێك بۆ بەرزکردنەوەی شیعرێك بەدەست دێنێت: هەموو شاعیرێکی مەزن شیعرەکانی لەتاکە شیعرێکەوە دەخوڵقێنێت. هەر ئەم دیدە

یاخود حوکمە پێشینەییەیە کـە بەڵگـەی توێژینەوەکـەی هایدگـەرەو لێیـەوە توێژینـەوەو لێکۆڵینەوەیەك دروستدەکات بـەواتا هایدگەرییەکـەی کـە دەکرێـت بوترێـت هەوڵێکـە بـۆ توێژینــەوەی رەهەندیانــە کــە وتــە شــاعیرانەکانی جــۆرج تــەراکل بەشــیعرو رەهەنــدە شیعرییەکانییەوە کۆدەکاتەوە.

ئەگەر لەم بوارەدا بۆچوونەکەی هایدگـەر پەسـەندبکەین تەفسیرێکی لـەمجۆرە چـەند حـوکمێکی پێـشینەیی دەربـارەی شـیعری یـەکتای شـاعیرێك لەبەرچـاودەگرێت، چـەند حوکمێکی پێشینەیی وەك: راڤەکار بـەچ شـێوەیەك دەچـێتە نێـو ئـەم رۆڵـەوە؟ ئایـا ئـەو بەهۆی ئەم حوکمە پێشینەییە ئارەزوومەندانانـەو تاڕادەیـەك نادروسـتانەوە نابێتـە هـۆی سەرکوتکردنی ئـەو شـتەی کـە خـودی شـیعرەکە دەیـەوێت بیڵێـت و بـەرەو تەفـسیرێکی تایبـەت ملنـانێ؟ ئایـا پێـداگرتنی هایدگـەر لەسـەر کـردەی بەرابـەر لـەنێوان تەفـسیرو توێژینەوەی رەهەندی شیعری یەکتای شـاعیرێك و تەفـسیری شـیعری تایبـەت، لـەو شـتە زیاتر دەبێت کە ئەمڕۆ بەدەربڕینێکی رازئامێزەوە بەدەوری هێرمۆنتیکەوە دیارە.

بەڵام چ شتێك هایدگەری بەرەو ئەم گریمانەیە پاڵ پێوەنا کە بۆ تەفـسیری شـیعرێکی تایبەت دەبێت لەپشت ئەو شیعرەوە، واتە لەڕەهەندی شـیعری یـەکتای شـاعیر بـڕوانین؟ هــەر چەشــنە هەوڵـدانێك بـۆ سـەلماندنی ئـەم شـتە لەبـەر پێـداگرتنی هایدگـەر لەســەر بەنەوتراوی مانەوەی شـیعری یـەکتای شـاعیر بێئاکـام دەمێنێتـەوە. رێبـازی توێژینـەوەو لێکۆڵینەوەی هایدگەر بانگەشەکەری ئەوەیە کە شتە نەوتراوەکە ئاماژە بەو شتە دەکـات کە سەرەنجام ناتوانرێت بوترێت و هێشتاکە واتای شاراوەی بەرهەمی شـاعیرەکەیە. ا. د. هەیرش بەرەخنەی هێرمۆنتیکی نوێی هایدگەر و گادامێر جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەقـە ئەدەبییەکان هەڵگری چەند واتایەکی سنوردارن کە دەکرێـت لێیـان تێبگـەین و کەشـفیان بکەین.

ئەگەر واتاکان سـنوردار نـەبن، تەفـسیر هـیچ پێـودانگێکی نابێـت و خـودی رەخنـەش دەگۆڕێتـە سـەر جۆرێـك لەشـیعر. ئـەم پرسـە رەتکـەرەوەی ئـەوە نییـە کـە تێگەشـتنی سەرەتایی ئێمە لەبارەی ماهییەتی گشتێکەوە یان ژانرێکەوە کە پەیوەستە بەو گـشتەوە بێ بنـەماو نالۆژیکییـە، بـەڵکو تێگەیـشتنی سـەرەتایی ئێمـە دەتوانێـت و دەشـبێت وەك گریمانەیەکی زانستی بخرێتە روو تاوەکو ببێتە جێگەی ئەزموونکردن. لەبەرامبەردا یەکەم

هایدگەر نەك تەنها لەگەڵ ئەوەدایە کە کارەکەی پرسیار هەڵدەگرێت، بەڵکو جەختیشی لەسەر دەکاتەوە. تێگەشتن خۆی پێویستی بەتەفسیرو تێبینی رەخنەگرانەیە.

هایدگەر لەکتێبی (بوون و کات)دا، رەخنە لەئەنتۆلۆژیای سونەتی و جەختکردنەوەی ئەم ئەنتۆلۆژیایە لەسەر کاتی ئێستا، دەگرێت و لەبەرامبەردا پێ لەسەر گرنگی ئایندە دادەگرێت. لەم روانگەیەوە مرۆڤ خۆی بەرێگاوەیە، سەیری پێشەوە دەکات و سەرقاڵی کردنەوەی گریمانەکانە. بەم پێیە من کاتێك لەواتای شتێك تێدەگەم کە ئەو بەکارهێنانە جیاجیایانە بناسم کە ئەو شتە دەتوانێت خاوەنیان بێت و بشتوانم بیخەمە نێو ئەو دەقەوە کە هایدگەر ناوی دەنێت "کاملێەتی وەها پەیوەندیگەلێك".

هەر تەفسیرێك بۆ ماهییەتی شتێك لەسەر ئەو چاوەڕوانییە وەستاوە کە لەدەقێك دەکرێت کە ئاسایی ئەم دەقە بەشێوەیەکی تەنگاتەنگ بەجۆری ژیانی ئێمەوە گرێدراوە، بەشێوەیەك کە بەنەوتراوی ماوەتەوەو نایەتە نێو بواری ئاگایی ئێمەوە.

هایدگەر لەکتێبی زمان لەشیعردا یادی خوێنەرانی دێنێتەوە بەلایەنی زۆرەوە کارێك کە توێژینەوەکەی ئەو لەمەڕ شیعری تەراکل دەتوانێت ئەنجامی بدا، ئەوەیە کە گوێ هەڵخستنی ئێمە بۆ شاعیر دوچاری گومان بکات، واتە ئەو توانایەمان بداتێ کە واز لەو حوکمە پێشینەییانە بێنین کە لەمەڕ ئەم شیعرە هەمانە.

بەم پێیە گوێ هەڵخستنی ئێمە دەشێت بیرمەندانەتر بێت، بەڵام گەر تەفسیر بیەوێت تایبەتمەندێتی گومانکارانەی خۆی بپارێزێت، دەبێت لەبارەی ئەو شتەی کە تەفسیری دەکرێت، توند بێت و هەروەها لەبەرامبەر بانگەشەکانی تەفسیری هەر رۆژێکدا بوەستێتەوەو روونیی ستایشکارانەی ئەو تەفسیرانەش بخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەوێوە کە مەیلکردن بۆ پەنهانکردنی شتەکان لەتێگەشتنی رۆژانە لێمان جیانابێتەوە، ئەو تەفسیرەی کە دەیەوێت حیجابی سەرچاوەگرتوو لەم تێگەشتنەوە تێپەڕێنێت دەبێت بەکارێك هەڵسێت موتوربەکرابێت بەتوندی و سەختگیریی دەربارەی ئەو شتەی کە ئاسایی بەدڵنیایی وەردەگیرێت. ئەگەر راڤەکار بڕیاربێت پێکداچوونی نێوان ئەو شتەی وتراوەو ئەوەی ناوترێت، بپارێزێت، ئەوا ئەم زەرورەتە لەبارەی شاعیرەوە بەچەند ئەندازەیەك راستترە.

جەختکردنەوەی هایدگەر لەسەر ئەوەی کە بۆ تێگەشتن لەو شتەی کە لەڕاستیدا لەشیعردا وتراوە دەبێت پێ بخەینە ئەودیو تێگەشتنی باوەوەو لەئاکامدا گوێ بۆ شتە نەوتراوەکە هەڵبخەین، لەم دیدەی هایدگەرەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە شیعر گوتارێکی رەسەنە.

هایدگەر رەهەندی شیعریی تەراکل بەدابڕان ناو دەبات. تەواوی شیعرەکانی جۆرج تەراکل دەربارەی غەریبەیەکی سەرگەردانە. وەك کەسێکی دابڕاو لەخەڵکی ناوی دەبەن. وتە شاعیرانەکانی ئەو خاوەنی یەك ئاوازن.

لەوێوە کە شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەئاوازی کەسێك پێکهاتوون کە دابڕاوە، رەهەندی شیعری ئەو ناودەنێین دابڕان. کەسی دابڕاو و گۆشەگیر چ کەسێکە؟ ئەو دابڕانەی کە تەراکل و هایدگەر باسی لێوە دەکەن، چییە؟ یەکەمین وەڵامی ئەم پرسیارانە لەبەشێك لەشیعرەکانی تەراکل–دا دەبینینەوە.

هایدگەر بەتەفسیرکردنی ئەم شیعرانە کەسی دابڕاو وەك کەسێك دەبینێت کە لەکۆمەڵ دابڕاوە. ئەم کەسە ئیتر لەگەڵ ئێمەدا نییە، بەڵکو هەروەك غەریبەیەکی تەنهاو دابڕاو دەستی پێکردووە. هایدگەر ئەم کەسە بەکەسێك دەزانێت کە هەموو ئەوەی تا هەنووکە هەبووە بەجێی هێشتووەو فڕێی داوە، تا ئەو جێیەی کە خودی خۆشی لەدەست دەدات.

کەسی دابڕاو و گۆشەگیر گوێ بۆ بێدەنگییەك هەڵدەخات کە هەموو رۆژێك لەودیو جیهانەوە ئەو بۆ گەڕانەوە بۆ خۆی بانگ دەکات. ئەو بەشوێنکەوتنی بانگی بێدەنگیی پەیوەندی خۆی لەگەڵ واتا باو و قبوڵکراوەکاندا لەدەست دەدا. لەبەراورد لەگەڵ ئەم واتا باوانەدا، ئەو شتەی ئەو بیری لێدەکاتەوە بێ واتایە، بەم پێیە ئەو بەشێت ناودەبرێت.

شێت بیردەکاتەوەو تەنانەت بەو هێزەوە کە تێیدا هیچ هاوبەشێکی نییە، بیردەکاتەوە، بەڵام ئەو لەو واتایەی کە کەسانی تر دەیدۆزنەوە، بێبەشە. غەریبە بەرەو کوێ دەڕوات؟ دەڵێین رۆشتنی ئەو واتا ونبوون (فانی بوون)، رۆشتنێك کە ئاکامەکەی مەرگە، بەڵام فانی بوون لێرەدا بەواتای پاشەکشێ و وێرانبوون نییە. ئەو بەونکردنی خۆی، لەشەفەقدا دیار نامێنێت، نەك لەهەڵوەرین و خەزانی مانگی نۆڤەمبەردا. ئەو تا شەفەقی رۆحانی ئاسمان سوردەخوا، تا غروب.

لـه سەراسـەری ئـەم دەقـەدا زۆرێـك لـەو وشـانەی كـە هایدگـەر بـەكاریان دەهێنێـت لەتەراكل داماڵراون، ئەمە لەكاتێكدایـە كـە ئـەو شـێوەیەی وشـەكانی پـێ بـەكاردەهێنێت تەنانەت خودی وشەكان ئێمە بەرەو بەرهەمە سەرەتاییەكانی هایدگـەر پـاڵ پێـوەدەنێن. زمانی هایدگەر لەكاتێكدا كە وا دێتە پێش چاو هۆكاری ئاوێتەكردنی نادروسـت و نـاڕەوای زمانی شیعرو فەلسەفە بێت، پێكداچوونی نێوان ئەو دوانە دەپارێزێـت. ئـەم پێكداچـوونە دەبێتـە رێگـر لـەوەی كـە خوێنـەر رازی بێـت و قەناعـەت بكـات بـەوەی كـە ئـەو بـەیانی كردووە. خوێنەر ناچار دەبێـت لەگەڵیـدا لەكێشمەكێـشدا بێـت و تـەنها لەبەرئـەوەی ئـەم كێشمەكێشە بوونی هەیە، خوێندنەوەش بیركردنەوەیەكی رەسەنە.

وتمان غەریبەی سەرگەردان دیار نامێنێت، بـەڵام نـەك لـەو هـەڵوەرین و خەزانـەی كـە بەرهـەمی مـانگی نۆڤەمبـەرە. نۆڤەمبـەر زەمەنێكـە كـە هـەموو ئـەو شـتانەی بـەهۆی وەرزەكـانی پێـشووەوە هاتوونەتـە بـوون لـەناو دەچـن، زەمەنێكـە كـە تێیـدا سـاڵ لەكۆتاییەكانی خۆی نزیك دەبێتەوە، بەڵام غەریبە بەهۆی ئامادەبوونییەوە بۆ جێهێشتنی جیهان وا دێتە بەرچاو كە لەهەڵوەرین هەڵبێت.

ئەو بەپەرینەوە لەمە بەرەو غروب ملدەنێت. غروب یادهێنەرەوەی نۆڤەمبـەرە، بـەڵام گوزارشتكەری شتێكی مەزنترەو بەهێزێكی زیاترەوە بیر دووبـارەو نـوێ دەكاتـەوە. شـەو كە لەپاش غروب دێت نەك تەنها كۆتایی رۆژە، بەڵكو زەمەنی ئارامییەكە كـە لەپلانەكـەدا سەرەتایەكی نوێیە.

هایدگەر بەشوێنكەوتنی تەراكل باس لەشەوێكی رۆحانی دەكـات. رۆحـانی پەیوەنـدی بەرۆحەوە هەیـەو رۆحـیش بەبلێـسەوە. بلێـسە شـتێكە كـە لـەدەرەوەی خـۆی بـوونێكی جێگیری هەیە، تاریكی دەشكێنێت و رۆشنی دەكاتـەوە، هـەروەها دەتوانێـت بـەردەوامی ببەخشێتە بلێسەداری خۆیی و هەموو شتێك قوت بداو تەنها خۆڵەمێشێك بهێڵێتەوە.

لێرەدا دەبیـنین كـە ئـەم زمانـە، هـەم زمـانی (بـوون و كـات)ەو هـەم زمـانی تـەراكل. لە(بوون و كات)دا، كاتبەندیی لـەدەرەوەی خۆبـوونی سـەرەتایی نـاونراوە لەخۆیـدا و بـۆ خـۆی. مـرۆڤ بـەهۆی ئـەوەی كـە بەرلـەخۆی چـاوە رێـی ئایندەیـە، پـێش خـۆی یادهێنانەرەوەی رابردووە، لەودیو خۆیەوە، خـۆی دەخاتـە شـوێنی ئـەوانی تـر، لەخۆیـدا لەدەرەوەی خۆیەتی و ماوەیەكی بەینە لەگەڵ خۆیدا.

بەم پێیە رۆح ناوێکە بۆ ماهییەتێك لەدەرەوەی خودی مرۆڤ. مرۆڤ بەئەندازەی بوونێك لەدەرەوەی خۆی، رووناکی دەبەخشێتە جیهان و رێگە دەدات ببینرێت. شیعر، سەفەری شاعیری دوور لەکۆمەڵ دەگەیەنێتە شەو. رەهەندی زمانی شیعری دەکەوێتە نێوان چەنەبازیی و بێدەنگییەوە.

زمانی شیعر زیندووکردنەوەی بێدەنگییە لەدڵی چەنەبازدا. شیعر لەم زیندووکردنەوەیەدا، حوکمی پێشینەیی لەسەر زمانێکی هۆگرتر دەدا. بەم پێیە گیانی شیعر لەنێو پێکداچوونی نێوان ئەو شتەی وتراوەو ئەوەی نەوتراوە، نیشتەجێیە. بەتەفسیری هایدگەر وەك ناقوسی رێورەسمی دوعای ئێوارەیەکە کە بێدەنگی غروب دەشکێنێت، بەڵام لەشکاندنیدا رێگەدەدا کە بێدەنگی ببیسترێت.

هایدگەر لە(هۆڵدەرلین و ماهیەتی شیعر)دا هەر بەو چەشنە ناونانی سەرەتای بوون و ناولێنانی ماهییەتی هەموو بوونەوەرەکان پێناسە دەکات، نەك هەموو قسەیەك، بەڵکو جۆرێکی تایبەت لەقسەش کە سەرەتا بەبێدەنگی هەموو ئەوەی کە ئێمە دواتر لەزمانی رۆژانەدا لێکۆڵینەوەیان پێ ئەنجام دەدەین و سەروکارمان پێیانە، دەهێنێتە مەیدانی کرانەوەوە. لەم پێناسەیەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە شیعر هەرگیز بەئەندازەی مادەیەکی خامی دورەدەست لەزمان ناڕوانێت، بەڵکو ئەوە شیعرە کە یەکەمجار توانا بەزمان دەبەخشێت.

# بێنەوایەک لەپاریس


نوسینی: جۆرج ئۆروێڵ

و: سعدی یوسف

لەعەرەبیەوە: شـــێرزاد هەینی

بەشێکە لەڕۆمانی بێنەوایەك لەپاریس و لەندەن.

بیـست و هەشـت فرەنگمـان بەدەسـتەوەبوو، بـەو پارەیـە دەكـرا بـەدوای ئیـشێكدا بگەڕێین، هێشتا بوریس بەچەند مەرجێكی نادیارو شاراوە لەماڵی كرێكارێكی بەرد ریزکەر هاوڕێی دەخەوت. ئەو لێرەولەوێ، لـــەو پـــــاریسە برادەری زۆری هەبوو، لەبرادەرێكی رووسـی تـوانی بیـست فـرەنگ قـەرزبكات. برادەرەكانی ئـەو زۆریـان وەك خـۆی كۆنـە ئەفسەری سوپای رووسـی بـوون. هەنـدێك لـەبرادەرەكانی لەچێـشتخانەكانی پاریـسدا كـــاری قاپـــشووشتن و بەردەســـتی و خزمـــەتیان دەكـــرد، لەوانـــە شـــوفێری تاكـسییش بـــوون، هەنـدێكیان بـەپارەی ژنـــانیش دەژیـــان. ژمارەیـــەكیش كـــە لەمۆسكۆوە هاتبوون پارەیـــــان پێبوو، توانیبوویان تیاترۆخانە یان گەراج بـەكرێ بگرن.



پەناهەندە رووسـەكانی ناو پـاریس بـەوە ناسـرابوون بەرگـەی كـارو ئیـشی گـران و زەحمەت دەگرن، پشوویان درێژە، ئەوان لەكەسانی تر زۆرتر بەرگەی دەگرن، بەتایبـەتی لەوانەی لەهەمان پلەی كۆمەڵایەتین، بەتایبەتی ئینگلیزەكان.

دیـارە لەوانـەش كەسـانی تـر هـەن رێزپـەڕن، جارێكیـان بـوریس باسـی دۆقێكـی دوورخـراوەی رووسـی بـۆ كـردم، ئـەویان لەمیوانخانـە پلـە نایابـەكانی پاریـسا بـەدوای خزمەتكارە رووسەكاندا دەگەڕا، بانگی سەر مێزەكەی خۆی دەكردن، بـەدەم خواردنـەوە پێیدەوتن:

دەزانــی تــۆ کۆنــە ســەربازێکی رووســی بوویــت، ئــەوەش ئازایــەتی و چاونەترســی دەگەیەنێت، سەربازی رووسی لەهیچ ناترسێت، لەکام کەتیبەی سەربازی بوویت...؟

ئەویش وەڵامی دەدایەوەو دەیوت، لەفلان و فلان کەتیبەبووم.. گەورەم...

سەری بۆی دەهەژاندو دەیوت:

ئەو کەتیبەیە کەسانی نەبەردی زۆری تێدابوو، من لەساڵی ١٩١٢ بۆ پشکنین سەردانیم کردبوو، هاتبوومە لاتان... بەداخەوە جانتای پارەکەشم لەبیرچووەو ناگەمـەوە ماڵـەوە، ئەگەر دەکرێ سێسەد فرەنگم بەقەرز بدەرێ، بـەزووترین کـات بـۆت دەهێنمـەوە، دیـارە ئەویش نـەرم و ئاسـان ئەگـەر پـارەی هەبووایـە بـۆی دەژمـارد، هەرئەوەنـدەی بـەس تـا پارەکەی وەردەگرت، بۆی دەردەچوو جارێکیتر چاوی بەچاوی نەدەکەوتەوە.

دۆق هەر دۆقە، با لەتاراوگەو دەربـەدەرییش بێـت، بـەڵام بـوریس رۆژێـك لـەو رووسـە پەناهەندانەی نەبیست، یەکێکیان پارەی هەبووبێت.

دوو رۆژبـوو پاڵتۆیـەکانمان رەهـن کردبـوو، بەشـەرمەوەو بەنـەرمی بـوریس پرسـیاری بۆچوونی سیاسی و بڕوای فیکری لێکردم، منیش بەنەخێر وەڵامم دایەوە.

ئـەویش وتـی منـیش وەك تـۆ وام، مـن بـڕوای زۆرم بەوڵاتەکـەم هەیـەو بـەس ئـەوم خۆشدەوێت و بەس. دیارە کە روسی سوودی لەمیسرییەکان وەرگرت هیـچی نـەوتبوو..؟ تـۆ وەك ئینگلیزێـك دیـارە ئینجیلـی پـیرۆزت خوێندووەتـەوە، ئـەوەی مەبەسـتمە بـزانم، دەتەوێت پارە لەکەسی شیوعی وەرگریت، لارییت هەیە..؟

منیش وەڵامم دایەوە، نەخێر.

ئەویش وتی: لەو پاریسەدا کۆمەڵەیەکی نهێنی رووسی هەیە، رەنگە ئەوانە شتێکت بۆ بکـەن، ئەوانـە شـیوعین. دیـارە شـیوعییەکانیش پیـاوی بلاشـفییەکانن، ئەوانـە وەك کۆمەڵەیــەکی خێرخــوازی کاردەکــەن، پەیوەنــدی بــەئاوارە رووســییەکانەوە دەکــەن، دەیانکەنە بلاشفەو دۆستیان زۆرتر دەکـەن. بـرادەرێکم بۆتـە ئەنـدامیان، ئـەو وادەزانێت یارمەتی ئەندامەکانیان دەدەن. منیش وادەزانم یارمەتیمان دەدەن ئەگەر بچینە لایان.

منیش وتم:

دەبێ ئەوانە چیمان بۆ بکەن، ئەگەر یارمەتیش بدەنە خەڵك، ئەوە مـن رووسـی نـیم و یارمەتی نادەنە من.

ئەویش وتی:

ئەوەیان راستە، دیارە ئەوانە نوێنەرو پەیامنێری رۆژنامەیەکی مۆسکۆن، بێگومان وتاری سیاسییان لەسەر رەوش و سیاسەتی ئینگلیز دەوێت، ئەگەر چووینە ئەویٚ رەنگە داوای نووسینی وتاری سیاسییت لێبکەن.

منیش وەڵامم دایەوە:

من... من هیچ لەسیاسەت نازانم...

ئەو وەڵامی دامەوەو وتی:

هیچ... گوایە ئەوانە چی لەسیاسەت دەزانن، ئاسانە وتارەکانی رۆژنامە ئینگلیزییەکان وەربگێڕەو تەواو، وا لێرە رۆژنامەی (دیلی میل) دەستدەکەوێت، وتارەکانی کۆپی بکەو تەواو.

منیش وتم:

رۆژنامەی دیلی میل رۆژنامەیەکی پارێزگارەو رقیان لەشیوعییەتە.

ئەو وتی:

زۆر باشە بەپێچەوانەی ئەوان بنووسەوە، ئەگەر بەپێچەوانەت کردەوەو تەواو دەردەچێت، هاوڕێی ئەزیزم ئەوەیان لەدەست خۆمان نەدەین، ئەوە واتە سەدان فرەنگ.

ئەو بووچونەی ئەوم لا پەسند نەبوو، چونکە پۆلیسی پاریس زۆر دژی شیوعییەکان بوو، بەتایبەتی بێگانەکانیان، دیارە منیش چاوم لەسەرە، چەند مانگێك دەبێت پۆلیسێکی نهێنی منی بینی لەبارەگای هەفتەنامەیەکی چەپخوازەکانەوە دەهاتمە دەرەوە، ئەوەش لەگەڵ پۆلیسا سەرئێشەی زۆری بۆ پەیداکردم. ئەگەر لەو کۆمەڵە نهێنییەوە بمبینن، بیٚ یەك و دوو دوورم دەخەنەوە. وەنەبێ ئەوەم بەهەلێکی باش نەزانیبێت، ئەو بوارەم لەدەست دابێت. پاش نیوەرۆکەی ئەو رۆژە چاوەڕوان بووم، هاوڕێیەکی بوریس، ئەو بەردەستی چێشتخانەی دەکرد، هاتە دووامان. ناوی شەقامەکەم لەبیر نەماوە، بەڵام لەبیرمە لەکۆڵانێکی ناخۆشی کەناری خوارووی رووباری سین بوو، دووریش نەبوو لەئەنجوونەمی نوێنەران. برادەرکەمان زۆر پەرۆشی وریایی و ئاگایی بوو، ئەو سەروو ئەو سەرمان کرد، پەڕینەوەو گەڕاینەوە، تا دەروازەکەمان دەستنیشانکرد، دەروازەکەی ئوتوخانەی جل شووشتن بوو، زۆر تەماشای دەرگاو پەنجەرەکانمان کرد، دەبوایە وا بکەین شوێنێك بنکەو حەشارگەی شیوعییەکان بێت بێگومان چاودێریی وردو سەرنجی لەسەرە. زووش ئەو بڕیارەمان دابوو ئەگەر بزانین چاومان لەسەرەو گومانمان کراوەتە سەر یەکسەر بگەڕێینەوە ماڵەوەو نەچینە ژوورەوە.

من زۆرتر دەترسام، بەڵام بوریس حەزی بەو بەزمە پلانگێڕیانەیە دەکرد، ئەوەشی لەبیرچوو ئەو وا مامەڵە لەگەڵ بکوژانی دایك و باوکی دەکات.

کە زانیمان بوارەکە خۆشەو کەسمان بەدوواوە نییە، بەخێرایی چووینە ژوورەوە، لەئوتوخانەکەدا ژنێکی فەرەنسی کاری تێدادەکرد، جلی ئوتوی دەکرد، ئەو ئاگاداری کردینەوە کەوا رووسە بەڕێزەکان لەنهۆمی سەرەوەن، لەحەوشەکەوە سەرکەون.

بەپەیژەیەکی تاریکەوە سەرکەوتین، گەیشتینە سەربانێکی پان، لەدوا پایەی پەیژەکە پیاوێکی چاوزەقی زیتی قژکورت وەستابوو، بۆلای من هات بەچەند وشەیەکی رووسی قسەی لەگەڵ کردم. کە زانی من لەوشە رووسییەکان تێنەگەیشتووم، بەزمانی فەرەنسی داوای وشەی نهێنی لێکردم. لەبەرئەوەی وشەی نهێنییەکەم نەدەزانی سەرسام و ئەبلەق بووم، کە هاوڕێیەکی بوریس زانی من وەڵامم نییە، هاتە پێشەوە بە رووسی قسەی لەگەڵ کرد، نازانم وشە نهێنییەکەی وتبوو، یان حاڵی کردبوو.

کە هاوڕێیەکەمان رازی کرد، بواری داین و چووینە ژوورەوە، چووینە ژوورێکی تاریکی پەنجەرە شێلوو، نووسینگەیەکی زۆر خراپ بوو، چەندین داواکارو رێنمایی بەزمانی رووسی بەدیوارەکانیەوە هەڵواسرابوو، لەژوورەکەش وێنەیەکی گەورەی (لینین)ی پێوە هەڵواسرابوو. پیاوێکی رووسی ردێن نەتاشراو لەسەر مێزێکە دانیشتبوو، یەك قەمیسی لەبەربوو، بەبەستان و ئامادەکردنی رۆژنامەکانی پێشی خەریك بوو.

زمانە فەرەنسییەکەی زۆر خراپ بوو، بەتووڕەییەوە وتی:

ئێوە کە هاتن بۆ دەستە جلێکتان بەنیازی شووشتن و ئوتوکردن لەو ئوتوخانەیەی پێشەوەمان پێنەبوو...؟؟ منیش بەسەرسامییەوە وتم:

شووشتنی چی..؟؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی:

ئەوەی دێتە لامان دەستە جلێکی پێچراوی پێیە.. گوایە دێتە ئەو ئوتوخانەیە، ناکرێ بەنیازی ئێرە بێتە ئەو کۆڵانە، بگرە ئەو دەستە جلەپێچراوە بگرە ! جارێکیتر بەو دەستە جلانەوە وەرنەوە، نامانەوێت پۆلیس گومانمان لێبکات.

بوریس لەسەر کورسییەکە دانیشت، زۆریان بەزمانی رووسی قسەکرد، هەر پیاوە ردێن نەتاشراوەکە قسەی دەکرد، کوڕە گەنجەکەی زوو هاتبووە پێشوازییمان، پشتی بەدیوارەکەوە دابوو قسەی نەدەکرد، ئەو هەر چاوی لەسەر من بوو، وای دیقەت دەدامێ، وەك ئەوەی گومانی لەسەرم هەر مابێت. ئەو رەوشە زۆر سەیربوو، تۆ لەژوورێکی

بچووکی چەپخوازان دانیشتبیت، دیواری ژوورەکە چەندین وێنەی شۆڕشگێرانەی پێوە هەڵواسرابێت، گفتوگۆش گەرم بێت و تۆش لەهیچ حاڵی نەبیت.

رووسەکان بەگەرمی و بەڕووخۆشیی و بەخێراییش قسە دەکەن، لێویشیان بەخێرایی دەجووڵێنن. لەگەڵ قسەکردنا شانیان دەهەژێنن. حەزم دەکرد لەئاخاوتنەکانیان بگەم، بیرم لەوە دەکردەوە ئەوانیش وەك پاڵەوانی رۆمانە رووسییەکان بەباوکە گچکەکەم و کۆترە ناسکەم و یان بەئیڤان ئەلکندرۆفتشن یەکتری بدوێنن، رەنگە باسی شۆڕشەکان بکەن. دیارە پیاوە ریش نەتاشراوەکە وەڵامی دەدایەوە، رەنگە وتبووی ئەوەی رۆیشت ناکۆکی سەردەمی بورژواکان بووە، ئیمڕۆ کارو بەرهەم دەخوات. پاشان بۆم روون بووەوە وانەبوو باسی ئەوانەیان هەرنەکرد، من زۆر دوور رۆیشتبووم، زۆر بەهەڵەدا چووبووم، ئەوان مشتومڕیان لەسەر بیست فرەنگ بوو، دەبووایە بەبیست فرەنگ بچیتە ناو کۆمەڵەکە، واتە چوونە ژوورەوە بەخۆڕایی نەبوو، ئەو بیست فرەنگەیان بەناوی یارمەتی و کۆمەك بۆ کۆمەڵەکە وەردەگرت، بوریسی هاوڕێشم لاری لەپارەدانەکە نەبوو، بەڵام ئەو لەو دونیا تەنیا حەڤدە فرەنگی هەبوو. لەکۆتایی بوریس سەرمایەکەمانی لەباخەڵ دەرهێناو پێنج فرەنگی لەپێشیان دانا.

پیاوەکە کە پارەکەی وەرگرت، دڵنیایی و ئارامی بەڕوویەوە دەرکەوت، هاتە تەنیشتم و بەفەرەنسی پرسیاری لێکردم، وەڵامەکانی منی لەسەر پسوولەیەك دەنووسیەوە.

ـ تۆ شیوعیت...؟؟ منیش وەڵامم دایەوە بەدڵ ئا... من هەرگیز ئەندامی هیچ رێکخراوێکی سیاسی نەبووم.

ـ تۆ لەڕەوشی سیاسی ناو ئینگلترا شارەزای..؟؟ منیش وەڵامم دایەوە:

بەڵێ، بێگومان. ناوی چەند وەزیرێکم بۆی ژمارد، گلەیی زۆریشم لەهەڵوێستەکانی پارتی کرێکارانیش کرد.

ـ حەز بەسپۆرت دەکەیت.. دەتوانی وتاری وەرزشیمان بۆ بنووسیت..؟؟

(دیارە لەو کیشوەرەدا پەیوەندی شاراوە نێوان وەرزش و سیوسیالیستی نییە)... بەڵێ.. بێگومان..

هەردووکیان بەسەرلەقاندن وایان نیشاندا وەڵامەکانی منیان زۆر بەدڵە. بۆیە پیاوە ریش نەتاشراوەکە وتی:

دیارە زۆر لەرەوشی ناو ئینگلترا شارەزای.. دەکرێ زەنجیرە وتارێکمان بۆ بڵاوکراوە هەفتانەکەی مۆسکۆ بۆ بنووسیت.. ئێمە وردەکارییت بۆ سازدەکەین.

ـ بێگومان...

ـ کەواتە هاوڕێ، بەپۆستی یەکەم.. بەیانی، یان بەپۆستی دووەممان، گوێت لەئێمە دەبێت. ئێمە بۆ هەر وتارێك ١٥٠ فرەنگ دەدەین، لەبیرت نەچێت کە گەڕایتەوە ئەو دەستە جلەی شووشتن لەگەڵ خۆتا بهێنەرەوە.. لەبیرت نەچێت.. بەهیوای دیدار ئەی هاوڕێ.

کە دابەزین بەلاچاوێك تەماشای ئوتوخانەکەمان کرد، دڵنیابوون کەس سۆراخمان ناکات، بۆی دەرچووین، بوریس لەخۆشییا شێت ببوو. لەو خۆشییەوە لەنزیکترین فرۆشیار پەنجا سانتیمی بەجگەرەدا، بەڕۆیشتنەوە دارەکەی دەستی لەشۆستەکە دەدا. بەو دڵە کامەرانەوە وتی:

لەکۆتایی و پاش چاوەڕوانی زۆر دەروازەی بەختمان بۆ کرایەوە، تۆ توانیت باندۆری خۆت لەسەریان بکەیت، من بیستم بەهاوڕێ بانگیان دەکردیت، زۆرە.. باشە یەك وتار بە١٥٠ فرەنگ.. ئای لەو بەختە باشە.. ئەی خودا.


بەیانی زوو کە پۆستەچییەکە دەنگی هات بۆی دابەزییم بەو هیوایەوە نامەیەکی کۆمەڵەکەم بۆ بێت.. ئەوان بەڵێنیان دا.. دابەزییم.. بەداخەوە پۆستەچییە کە گەڕایەوەو هیچی بۆ من جێنەهێشت.. بەدڵساردییەوە سەرکەوتمەوە.

لەماڵەوە مامەوە.. چاوەڕوانی پۆستی دووەمم کرد.. هیچم بۆ نەهات. هەتا سێ ڕۆژیش هەر چاوەڕوان بووم، بەڵام هیچم لەکۆمەڵە نهێنییەکەوە بۆ نەهات. بێهیوا بووم، هەردووکمان وتمان دیارە یەکێکی تریان بۆ نووسینی ئەو وتارانە دۆزیوەتەوە.. یەکێکی تر...

پاش دە ڕۆژ، وەك سەردانی یەکەمجارمان نەکرد، دەستە جلەکەمان بەشانماندادا، بەرەو کۆمەڵەکە ڕۆیشتین. کە گەیشتین، دەروازەکە داخرابوو، لەژنەکەی ئوتوخانەکەمان پرسی، ئەویش وتی، ئەوانە لەگەڵ خاوەن موڵکا لەسەر کرێ نەدان بووە دەمەقاڵێیان و باریانکردو ڕۆیشتن. ئای کە گەوج بووین.. خەمی زۆریشمان خوارد جاری یەکەم بیست فرەنگمان نەدابوو، تەنیا پێنج فرنگمان دابوو... ئەوەی لەوسەردانە بیستمان دوا هەواڵی ئەو کۆمەڵەیەبوو.. دەبێ ئەوان کێ بووبن.. چەن کەس بوون.. چییان کردووەو.. کەس ئەوانەی نەناسیبوو، من زوو هەستمکرد ئەوانە پەیوەندییان بەحزبی شیوعییەوە نییە.. وا بزانم واشبوو.. بەکورتی ئەوانە کەسانی گیرفانبڕبوون.. لەو برە پارەی هاتنە ژوورەوەی رووسە پەناهەندەکانەوە دەژیان.. ئەو ڕێکخراوەیە بوونی نەبوو.. خەیاڵ بوو..

ئەو کارەش ئاسان و بەخێرە، دوور نییە، لەشارێکی تر، لەشوێنکی تر هەمان شت دووبارە بکەنەوە. کەسانی زیرەك بوون، زیرەکانە ئەو دەورەیان بینیبوو.. نووسینگەکەیان لەبارەگایەکی ئاسایی حزبی شیوعی دەچوو، چاك لاساییان کردبوونەوە.. هێنانی دەستە جلەکەش بۆ شووشتن، نەبوونی گومان بوو لەهاتنە ژوورەوە، نیشانەی زیرەکییان بوو.

جۆرج ئۆروێڵ، ناوی راستەقینەی ئاریك بلیربووە لەبنگالی هیندستان لە٢٥ی یونیوی ١٩٠٣ لەدایکبووە. لەساڵی ١٩٣٣ رۆمانی بێنەواییەك لەپاریس و لەندنی نووسیوە. دژی فاشییەت جەنگی کردووە تا لەشەڕی ناوخۆی ئەسپانی بەشداربووە. بەشەش ساڵ ٨ کتێبی گرنگ و ٧٠٠ وتاری نووسیوە، نووسینەکانی تەرجەمەی ٦٢ زمان کراوە. لەساڵی ١٩٥٠ مردووە، کتێبە ناودارەکانی کێڵگەی ئاژەڵان و رۆمانی ساڵی ١٩٨٤یشی باس لەزۆردارو کارەساتی حزبی تاکڕەوو حکومی دکتاتۆرییەت دەکات.



# توولەڕێی مردووەکان

نووسەری نایجیری گینوا ئەچیبی

و.عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

بەخێراییەك کە چاوەڕوان نەدەکرا، (مایکڵ ئۆبی) نائومێد بوو. (ئۆبی) بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی (ندوم)ی نێوەندی دامەزرێنرابوو لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٩دا، قوتابخانەکەش بەدرێژایی تەمەنی لەوپەڕی دواکەوتوویيدا بوو، بۆیە دەسەڵاتدارانی مژدەدەری (تەبشیری) بڕیاریاندا پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بەپەرۆش و جددیی لەڕووی ئیدارییەوە بۆ قوتابخانەکە بنێرن.

(ئۆبی)یش بەپەرۆشییەکی دیارەوە ئەم بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆگرت.

بیرۆکەی زۆر جوانی لەلا گەڵاڵەبوو و ئەوەش بۆ ئەو دەبووە هەلێك بۆئەوەی بیرۆکەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.



(مایکڵ ئۆبی) دواناوەندیی تەواوکردبوو، بۆیە وەك مامۆستای ئاماری فەرمی دانراو بەدەر لەهەموو بەڕێوەبەرەکان خرایە بواری مژدەدانەوە.

بەردەوامیش لەدژی ئەو عەقڵییەتە دۆگمایە دەوەستایەوە کە پیرە پیاوە رۆشنبیرە سنووردارەکان هەیانبوو. دوای ئەوەی هەواڵی خۆشی دامەزراندنەکەی بیست. بەهاوسەرەکەی وت:

—کاری چاك بۆ ئەم قوتابخانەیە دەکەین، لەو باوەڕەدایت ئەوەمان پێبکرێت؟

هاوسەرەکەی وەڵامی دایەوە:

—بەو پەڕی توانامان کاردەکەین و باخچەی زۆر دڵگیری تێدا دروستدەکەین و هەموو شتێك جوان و نوێ دەبێت.

لەمیانەی ئەو دوو ساڵەی ژیانی هاوسەرێتییاندا، عەشقی میتۆدی نوێ سەری لێدابوون، وێڕای شێواندنی شۆرەتی (ئەو پیرە کۆنەساڵانەی لەبواری پەروەردەو فێرکردندا کاردەکەن، کە دەبوو لەبازاڕی (ئۆنچا)دا بەقاڵبیان بکردایە).

هاوسەرەکەی خۆی وەك خێزانی بەڕێوەبەرێکی لاو دەهاتە بەرچاو (شاژنی قوتابخانە) کە دەبێتە جێی سەرنج و بێگومان ژنی مامۆستاکانی تر بەم پێگە باڵایەی ئیرەیی پێدەبەن ئەو دەیوست هەموو شتەکان بەپێی (مۆدێل)ی باو رێکبخات، بەڵام کتوپڕ شتێکی بەبیرداهات.

—رەنگە هیچکام لەمامۆستاکان ژنیان نەبێت.

لەنێوان ترس و هیوادا بەگومانەوە مایەوە، دواتر پرسیاری لەپیاوەکەی کرد کە بەنیگەرانییەوە دەیڕوانییە ئەم، ئەویش بەپەرۆشییەکی یەکلایەنەوە وەڵامی دایەوە:

—هەموو مامۆستاکانی قوتابخانەکە عازەبن، ئەمەش شتێکی باشە.

*بۆچی باشە؟

—بۆچی باشە!. لەبەرئەوەی هەموو کاتەکانیان بۆ قوتابخانەکە تەرخاندەکەن.

(نانسی) خێزانی خەم دایگرت، تەنها بۆ ماوەیەك باس و خواسی ئەم قوتابخانەیە نیگەرانیکرد. ئەم بەدبەختییە کەمەشی ئەگەرەکانی ئاییندەی روناکی و هاوسەرەکەی لەبیرنەبردووە.

تەماشای دەکرد، کاتێك ئەو لەسەر کورسییەکە بەمەچەکی نوشتاوەوە دانیشتبوو، بچووك دەردەکەوت، بەڵام لەهەندێك باردا خەڵکی سەرسامدەکرد بەدەرخستنی وزە رۆحییەکانی، بەڵام لەوکاتەدا، وادەردەکەوت کە تەواوی هێزە جەستەییەکەی چووبێتە ئەودیوی چاوەکانییەوە، کە ئەوانیش لەنادیارییەکی دووردا بوون، نائامادەیی هێزی جەستەش هێزێکی تیژیی بێوێنەیان بەو چاوانە بەخشیبوو.

لەتەمەنی بیستوشەش ساڵیدا بوو، بەڵام وادەردەکەوت کە تەمەنی سی ساڵیشی گوزەراندبێت، گەرچی سیمای جوان دیاریدەدا.

نانسی وتی: بیرم لەوە دەکردەوە کە چ هەلێکمان بۆ رەخساوە تا بۆ خەڵکی بسەلمێنین چۆن ئەم قوتابخانەیە دەگۆڕین؟

قوتابخانەی (ندوم) قوتابخانەیەکی زۆر دواکەوتووبوو و (ئوبی) بەرێوەبەریش ژیانی خۆی بۆئەوە تەرخانکردبوو کە ئاستی قوتابخانەکە بەرزبکاتەوەو نانسی خێزانیشی لەو هەوڵەدا هاوکاریی بوو. لەو پێناوەشدا دوو ئامانجی دیاریکردبوو، ئاستێکی بالای پەروەردەو فێرکردن کە ئەمەیان ئامانجی هەرە گرنگە، بینایەکی نوێش بۆ قوتابخانەکە تاببێتە شوێنی جوانی و دلگیری.. لەگەڵ وەرزی باران بارینـدا باخـچەکانی (خەونەکانی) نانسی دەرکەوتن، جۆرەها گوڵی رەنگاوڕەنگ وەك پەرژینێك بەدەوری قوتابخانەکەدا سەریان دەرهێناو قوتابخانەکەیان لەگژوگیاو درکەجاڕەکەی دەورووبەری جیادەکردەوە.

ئێوارانێك کە (ئۆبی) سەرگەرمی کارەکەی بوو، پیرەژنێکی خەڵکی گوندەکە دڵی راچڵەکاند کە لەنێوان گوڵەکانەوە دەڕۆی، کاتێك چووە ئەوێ ئاسەواری توولەڕێگەیەکی بینی کە لەوەدابوو دیارنەمێنێت لەگوندەکەوە دەهات و بەقوتابخانەکەدا دەگەیشتە دەغڵێکی بەرامبەر.

ئۆبی بەیەکێك لەو مامۆستایانەی وت کەسێ ساڵبوو لەو قوتابخانەیەدا وانەی دەوتەوە:

—ئەم ژنە تۆقاندمی، ئێوە رێگەتان بەم لادێییانە داوە ئەم توولەڕێیە بەنێو قوتابخانەدا بهێنن، ئەمە شتێکی سەیرە.

بەدەم قسەکەیەوە سەری دەلەقاند.

—توولەڕێ؟ (مامۆستا بۆ پاساودانی مەسەلەکە ئەم قسەیەی کرد). پێدەچێت سەرەڕای دیارنەمانی ئەم رێگەیەیان بەلاوە زۆر بێت، چونکە مەزاری پیرۆزی گوندەکەیان بەگۆڕستانەکە دەگەیەنێت.

—ئاخر ئەمەچی بەسەر قوتابخانەکەدا دەهێنێت؟

مامۆستاکە وتی:

—نازانم.. شانەکانی هەڵتەکاندو دواتر وتی:

—ئەوەم لەبیرە کە هەر لێرەدا رێگەیەکی بەرفراوان هەبوو کە ئەوکاتە بەزۆرەملێ گرتمان.. ئەوە سەردەمانێکی زوو بوو ئێستا ئەم توولەڕێیە بەکارناهێنرێت.

ئۆبی بەدەم رۆیشتنەوە وتی:

—ئـاخر هەفتــەی ئاینــدە کاتێـك سەرپەرشــتیاری پــەروەردە دێتــە ئێـرە دەبێـت چ بۆچوونێکی بەرامبەرم بۆ دروست بێت؟

کەواتــە ! باخــەڵکی ئــەم گونــدە ژووری بەڕێوەبــەریش بکەنــە شــوێنی ســرووتە بتپەرستییەکانیان کاتێك جەنابی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی دێتە ئێرە.

لەو شوێنەوە کە تووڵەڕێکە دێتە نێو قوتابخانەکـەوەو لـەدوو جێگـەوە سـنگی قـورس بەناوەڕاستی ڕێگەکەدا داکوترابوون و تەلی دڕکاوییان پێوەکرابوو، سێ ڕۆژ دواتر لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکەوە کاهینی گوندەکـە بـانگکراو پیـاوێکی بەتەمـەن بـوو و پـشتی چاماوەو بەگۆچـانێك ڕێـی دەکـردو جارناجـارێکیش بـەنووکی گۆچـانەکەی لەزەوییەکـەی دەدا.

هەموو جارێکیش —بەشێوازی توندڕەوانە لەقسەکردندا— کێشەیەکی تازەی دەهێنایـە مشتومڕەکەیانەوە دوای چەند قسەیەکی دۆستانە، کاهینەکە وتی:

—ئەم تووڵەڕێیەی لێتانگرتووین ڕێگەی باب و باپیرانمانە.

ئۆبی بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوە:

—بەڵێ، ڕێگە نادەین خەڵکی قوتابخانەکەمان بکەنە هێڵی خێرا.

کاهینەکە گوچانەکەی ڕووەو خوارەوەکردو وتی:

—سەیرکە کوڕم، ئەم ڕێگەیە پێش لەدایکبوونی تۆو باوکیشت لێـرەدا هـەبووەو ژیـانی ئەم گوندەی بەتەواوی لەسەرە، چونکە لێـرەوە مردووەکانمـان دەگەیەنرێنـە گۆڕسـتان و هەر لێرەشەوە پێشینانمان سەردانیمان دەکەن، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر، ئەو ڕێگەیەیە منداڵانی نوێ وەبەری دەگرت تا لەگوندەکەماندا لەدایك ببن.

ئۆبی گوێی گرتبوو روخساریشی زەردەخەنەیەکی ڕەزامەندی دایگرتبـوو، بـەڵام دواتـر مەسەلەکەی یەکلاکردەوە:

—ئەرکی قوتابخانەکەمان ریشەکێـشکردنی ئـەمجۆرە بیروباوەڕانەیـە، مـردوو ڕێگـەیان ناوێت و هەموو بیروبۆچـوونەکەش زادەی خەیاڵـەو ئـەرکی ئێمـەش ئەوەیـە منداڵـەکانمان فێربکەین چۆن گاڵتە بەم بیروباوەڕانە بکەن.

کاهینەکەش وتی:

–رەنگە ئەوەی دەیڵێیت راست بێت، بەڵام ئێمە رێچکەی باب و باپیرانمان دەگرین، ئەگەر رێگەکەمان بۆ بکەیتەوە هیچ ناکۆکییەکمان نامێنێت، من هەر وتوومە (واز لەشوێنی هەڵۆ بێنەو لەجێگەی بازیش گەڕێ..)، ئەمەی وت و ویستی بڕوات.

بەڕێوەبەرە لاوەکەش وتی: بەداخەوە.. قوتابخانەکەمان شەقامی گشتیی نییە، ئەوەی تۆ دەیڵێیت پێچەوانەی سیستمی کاروبارمانە، پێشنیاری کردنەوەی رێگەیەکی تردەکەم بەدەوری قوتابخانەکەداو دەکرێت هەموو قوتابییەکانیش بەشدار بن، بڕواناکەم باب و باپیرانیش لەم پێچکردنەوە کەمە قەڵس و بێتاقەت بن، چونکە ماندوویان ناکات.

کاهینە پیرەکەش وتی:

–من قسەی ترم نەماوە.

ئەمەی وت و چووە دەرەوە.

دوو رۆژ دواتر ژنێکی زەیستان مردو و راوێژ بەفالچی کراو فەرمانیدا بەوەی قوربانییەکی گەورە بکرێت بۆ رەزامەندیی پێشینان، کە بەکردنی ئەو تەیمانەی توولەڕێگەکە لۆمەکراون.

بەیانی رۆژی دوایی (ئۆبی) بەڕێوبەر کاتێك بەئاگاهات، تەواوی تەیمان و باخچەو گوڵ و گوڵزارەکان لەبن دەرهێنرابوون و هەموو گوڵەکان خرابوونە ژێر پێو پەژموردە کرابوون، هەر ئەو رۆژەش نوێنەرێکی سپی پێست لەئەرکێکی پشکنیندا گەیشتە قوتابخانەکەو لەبارەی بارودۆخی قوتابخانەکەوە راپۆرتێکی خراپی نووسی، خراپترین شتیش کە لەڕاپۆرتەکەدا هاتبوو، باسی ئەو شەڕی هۆزگەرییەبوو کە لەنێوان قوتابخانەکەو خەڵکی گوندەکەدا بەرپاکرابوو، ئەویش لەدەرەنجامی پەرۆشیی هەڕەمەکییانەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەوە.

سەرچاوە: کتێبی (شجرة الكاميليا) قصص عالمية مترجمة، دارالشؤون الثقافية العامة، وەرگێڕی عەرەبی (الطفية الدليمي).



نامەی ئەنیتا ئێسپاندەر- ی
هونەرمەندی شێوەکاری دانمارکی
بۆ گۆڤاری هەنار

ئاراس ئەمیر کردویەتی بەکوردی

دیدار لەگەڵ هونەرمەند ئاراز حەمە حسێن

چنور محەمەد

دیدار لەگەڵ شەماڵی عەبەڕەش

شۆڕش محەمەد حسێن



# هونەر



# نامەی ئەنیتا ئێسپاندەر- ی هونەرمەندی شێوەکاری دانمارکی بۆ گۆڤاری هەنار

**من کوردستانیشم هەر لەڕێگای سروشتەوە ناسی. هەر زووش زانیم لەناو ئەو سروشتە دڵگیرەدا نەتەوەیەکی گەورە هەیەو تێیدا ئاسوودە ناژی. هەر زوو زانیم هەموو هەوڵێک بۆئەوەیە ئەو نەتەوەیە لەناو سروشتی خۆی بکرێتە دەرێ**

**ئەوەی زیاتریش ئاسوودەم دەکات گۆڤاری هەنارە، کە ئەو تابلۆیە ساکارانەی من پیشانی خەڵکی کوردستان دەدات**

لەگەڵ سروشتدا کاردەکەم. سروشت لەتابلۆکانمدا پانتاییەکی فراوانی هەیە، هەندێکجار ئەو سروشتە ئەوەندە بێدەنگە، خۆشم دەخاتەبەردەم ئەو پرسیارەی ئاخۆ ئەو سروشتە هێشتا مرۆڤ رێی تێنەکەوتووە، یان مرۆڤ هەموو مێژووی خۆی لەناودا بەسەر

بردووەو کۆتایی هاتووە؟، جارێکیان لەتەمەنی منداڵییمدا تابلۆی گولێکم بینی، کە هی هونەرمەندی شێوەکاریی (ئای. ئێڵ. ێنسێن) بوو. جوانیی ئەو تابلۆیە وایلێکردم، کە هەستبکەم هەرگیز ناتوانم ئەو تابلۆیە

بکڕم، بەڵام هەر ئەوسا بەخۆمم گوت نا، تۆ ئەوەت لەدەستنایەت، وا باشترە خۆت تابلۆی گوڵێك بکێشیت. گرینگ نییە مرۆڤ خۆی لەناو سروشتدا هەبێت، بەڵکو ئەوەی گرینگە ئەو چاوەیە، کە دەتوانێت نهێنییەکانی سروشت ببینێت، لەگەڵ ئەوەشدا دوو جۆر مرۆڤ لەناو سروشتدا هەن، بەشێکیان دەیانەوێت سروشت بۆ گەورەکردنی شارستانییەت بەکاربهێنن و بەشێکیشیان بۆ هێشتنەوەی جوانی. زۆرجار ئەو شارستانییەتە ناتوانێت هیچ جوانییەك بەسروشت ببەخشێتەوە، لەکاتێکدا لەسەر پایەیەك بنیاتدەنرێت، کە قازانجە، ئەو قازانجەش ئێمە وەکو میوانێك بۆ ناو سروشت دەگەڕێنێتەوە. کاتەکانمان بۆ دیاریدەکات. لەڕێگای کۆمپانیا بازرگانییەکانی ڕاگواستنەوە بلیتمان پێدەفرۆشێت و خۆی ڕێنماییمان دەکات.

من کوردستانیشم هەر لەڕێگای سروشتەوە ناسی. هەر زووش زانیم لەناو ئەو سروشتە دڵگیرەدا نەتەوەیەکی گەورە هەیەو تێیدا ئاسوودە ناژی. هەر زوو زانیم هەموو هەوڵێك بۆئەوەیە ئەو نەتەوەیە لەناو سروشتی خۆی بکرێتە دەرێ. کاتێك تۆ لەناو سروشتدا نامێنیت، ئەوە لەناو خودی خۆت و لەناو مێژووی خۆتدا نامێنیت. من پێموایە کورد هەر دەبێت وەکو سەرەتای بووژانەوەی خۆی لەسروشتەوە دەستپێبکات. ئەوە وەکو ئەوەیە لەناخی خۆیەوە دەستی پێکردبێت، چونکە سروشت دڵی کوردە.

من وەکو هونەرمەندێك قەرزاری ئەو سروشتەم، کە ئیلهامی پێبەخشیم. کۆمەڵێك تابلۆی پێبەخشیم. ئەوەی زیاتریش ئاسوودەم دەکات گۆڤاری هەنارە، کە ئەو تابلۆیە ساکارانەی من پیشانی خەڵکی کوردستان دەدات. سوپاسی کاروان عومەر کاکەسووریش دەکەم، کە زیاتر بەکوردستانی ئاشناکردم. جارێکیان کاروان عومەر کاکەسوور هەندێك وشەی لەدەفتەری میوانانی سایتەکەم نوسیبوو. وامزانی هونەرمەندی شێوەکارییە، بەڵام دوای ئەوەی یەکترمان ناسی، زانیم نووسەرە. جارێکیان هەندێك گۆرانیی کوردییم بۆ

کاروان نارد. زۆری بەلاوە سەیر بوو، کە مـن ئەوەنـدە حـەز لـەگۆرانی و مـوزیکی کـوردی دەکەم. گۆرانییەکانی زەکەریام لەهەموو شتێك زیاتر لاخۆشە. هەندێك وشـەی کـوردییش فێربووم، بەڵام هیوادارم بەتـەواوی فێـری ئـەو زمانـە بـبم. دووبـارە سـوپاس بـۆ گۆڤـاری هەنار.

**ئەنیتا**

ئاراس ئەمیر کردویەتی بەکوردی



**هونەرمەند ئاراز حەمە حسێن:**

# سێبەری رۆح

# نامەیەکی خۆشەویستییە بۆ هەموو بوون

دیداری: چنور محەمەد

هونەرمەندی شێوەکار (ئاراز حەمە حسێن) یەکێکە لەو هونەرمەندە عاشقانەی، بەرۆحێکی قوڵەوە دەستدەداتە فڵچەکەی و دوو فیگەری (نێرو مێ)مان بۆ دەکێشێت، دوو فیگەری ئادەم و حەوا کە لەسەر رۆح و عەشقی خۆیان ناوەستن، بەجۆرێك بەناویەکدا چوون زۆر سەختە فیگەرەکان لەیەك جیا بکەیتەوە، چونکە ئەوان ئیتر رەنگی یەکتریان گرتووە، هونەرمەند ئەم فیگەرانەی بەتۆنە جیاوازەکانی یەك رەنگ کێشاوە ئەمەش دەلالەتێکە بۆئەوەی هەموو مرۆڤێك لەبێئاگاییدا یەك جۆرە رەنگی لاجوانترە.

ئەو وتەیەی هونەرمەند لەهەموو کاتێکدا دووبارەی دەکاتەوە ئەوەیە (عەشق پیرۆزترین ئاینە، هونەریش جوانترین سیاسەتە) ئەو مەبەستی لەعەشقی مرۆڤە بۆ هەموو بوون نەك بۆ تاکە مرۆڤێك یان تاکە شتێك. نەخێر عەشق لەو کاتەی بۆ ئەو مەسەبەستە بەکاردێت، هەر لەو کاتەشدا مانای بوونی عەشق دەدۆرێنێت، هەموو ژیانی هونەرمەندیش تەرخانکراوە بۆ یەك بوونێیکی مەزن ئەویش عیشقە.

لەبەرئەوەی ئەم هونەرمەندە لەساڵی (١٩٩٧)ەوە تاوەکو ئێستا لەهۆڵەندا دەژی چاوی ئێمە کەمتر بەتابلۆکانی راهاتووە، کاتێك ئەم هونەرمەندە بەرەو هۆڵەندا سەفەردەکات، لەوێ سەرلەنوێ ماناو بوونی ئیشی هونەریی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، هەر لێرەوەیە جارێکیتر لەوێ دەگەڕێتەوە بەدوای بوونی هونەرێك کە نزیکە لەرۆحی مرۆڤانەوە، لەچاوپێکەوتنێکماندا هونەرمەند خۆی بەدووردرێژی باسی ئەو ئەزموونەی کرد، ئەمەش بەشێکە لەو چاوپێکەوتنە کە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**×بەر لەوەی پرسیار لەسەر ئیشە هونەرییەکانت بکەین لەرووی تێگەیشتنەوە، بەڕای تۆ وەک هونەرمەندێک کە ئیش لەسەر عەشق دەکەیت،**

**چۆن دەڕوانیتە ئەو مێژووەی کە هەمیشە مامەڵەیەکی سلبی لەگەڵ عاشقە گەورەکانی دونیادا کردووە، چا ئەو عاشقانە هەرکەسێک بووبن؟**

—عیشق پیرۆزترین ئایینە، هونەر جوانترین سیاسەتە، عیشق ئەو جیهانە ئایدیالیستەیە کە مرۆڤ بەهۆیەوە وێنەکانی دەوروبەری لاجوانترو هێمنترو رەنگاورەنگترو شەفافتر دەبینێت، هەستکردن بەخۆشەویستی هەستکردنە بەبوونی رۆڵی مرۆڤ و جووڵەکانی دەوروبەری مرۆڤیایەتی.

کاتێك مرۆڤ هەستی عەشق لەناو رۆحیدا دروستدەبێت، بەبێئاگایی و مەبەست مرۆڤێکی دیکەیە، لەهەڵسوکەوتی و شێوەو بەکارهێنانی وشەکانی، لەوکاتەدا دەموچاو رۆشن و گەشتر دەبێت، مرۆڤ لەو کاتەدا لەهەر رووکەش و شێوەیەکدا بێت، بەهۆی ئەو هەستەوە جوانترین و بەهێزترین مرۆڤە.

بەلای منەوە بێگومان هەستی عیشق لەناو رۆحدا گرنگییەکی زۆری هەیەو پانتاییەکی سەرتاسەری ژیانمی گرتووە. مەبەسەتم لێرەدا تەنیا عیشقێکی رۆمانتیکیی نییە، بەڵکو عیشق بۆ دەوروبەر بۆ سروشت و ئاژەڵ و ژینگەو مرۆڤایەتی و بۆ ئەو کەرەستانەی کە رۆژانە لەبەردەستدا بەکاردەهێنرێت و خزمەتی مرۆڤایەتی پێدەکرێت، بەمانایەکی دیکە نرخپێدان بەبوونیان و رێز لێنانیان.

**×هەموو هەوڵەکانی ئێمە بەدرێژایی ژیان گەڕانەوەیە بەدوای عیشقدا، دیارە هەوڵە هونەرییەکانی تۆش لەوە بەدەر نییە، لێرەوەیە دەتەوێت بڵێیت تاکە شتێک کە عشق دەپارێزێت بەخشینی عیشقە بەهەموو دونیا؟**

—بێگومان لەمێژووی مرۆڤایەتییدا زۆر کەس خاوەن پرەنسیپی قوربانی کۆمەڵگە بووە، بێگومان خاوەن عیشقی رۆحیش بەدەر نەبووە لەم قوربانییانە، هەردەم لەمێژوودا خاوەنی چیرۆکی عاشقەکان زۆریان بوونەتە قوربانی بیرتەسکەکان و ئایین و کەلتوور، هەروەها یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی تر کە گوناه بەرامبەر عیشق دەکرێت و دەیکەنە قوربانی کۆمەڵگە، ئەوەیە کۆمەڵگە گیرۆدەی دەستی پیاوسالارییە دەسەڵاتدارەکانە، گیرۆدەی دەستی کۆنەپەرستی و بیری خورافییە.

**×تۆ تێبینی ئەوەت کردووە کە بەپێی تێپەڕبوونی کات مرۆڤەکان سادەی و شەفافییەتی خۆیان لەدەستدەدەن، ئایا ئەم فاکتەرە لەتابلۆکانتدا تا چ ئەندازەیەک بووەتە مایەی ئاڵۆزی دەربڕین؟**

ژیانی مرۆڤ بەهەستی عیشقەوە لەجوڵەیەکی بەردەوامدایە، وەستان مانای نییە، بەڵکو ژیان پڕماناو جوانکارییە.

بێگومان مرۆڤی هەستناسك زۆربەی رووداوە ئازاراوییەکانی ژیان کاریگەریی راستەوخۆو نێگەتیڤی دەبێت بۆسەر ژیانی، ئەو رووداوە ئازاراوییانە چ بەهۆی یان بەناوی ئایین یان رامیاری یان ئابوورییەوەبێت کە بەسەر واقیعییەتی مرۆڤایەتی و ژیاندا هێناوە، زۆر لەسەربەستی و ئازادیی خۆشەویستیی لەنێوان مرۆڤایەتیدا لەدەستداوە، رۆژ لەدوای رۆژ یان زۆر لەشەفافییەتی خۆی لەدەستدەدات. وێنە جوانەکانی ژیان لەلامان کەمتر دەبن، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دڕەندەترو زیاتر خۆپەرستترو رووکەش تر دەبن و هەستی مرۆڤایەتی زیاتر رەقترو رووکەشتر دەبن و هەستی مرۆڤایەتی زیاتر رەقترو دوورەپەرێزترو گۆشەگیرترو نامۆتر دەبن، بێگومان ئەم رووداوانە راستەوخۆ زۆر کاریگەرە بۆ سەر ژیان و کارە هونەرییەکانم.

بۆیە هەوڵدانم لەم پرۆژە هونەرییە کەماوەی پێنج ساڵە سەرقاڵیم بەناوی (سێبەری رۆح) کە نامەیەکی خۆشەویستییە بەشێوەیەکی رەنگ لەسەر قوماشی کانڤاس، لەماوەی ئەم نامەیەوە گەڕانە بەدوای زمانێکی سادەو ساکارتر کە وشەکانی نزیکە لەهەموو ئاستە جیاجیاکانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی لەبەرجەستەکردنی ئەو خۆشەویستییە. ئەو خۆشەویستییەی کە زمانێکی جیهانییە، خۆراکی رۆحە کە لەو ماوەیەوە دیوارەکانی رەگەزی (ناسیۆنالستی) مرۆڤایەتی نابینرێت، تەنها مانای جوانکاریی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت.

**×ساختەیی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ یان نامۆیی و گۆشەگیرییان لەبەرامبەر یەکتریاندا لەتابلۆکانتدا بەدی دەکرێت، ئایا هۆکاری ئامادەیی ئەم حاڵەتە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

عیشق ئەو وشەیەیە کە هەموو کەس زۆر تاکەم لەژیانیدا دەیبینێت و بەکاریدەهێنێت بۆ بەرامبەرەکەی، بەڵام زۆرجار لەبەکارهێنانی ئەو وشەیە (عیشق)، پیرۆزییەکەی لای هەندێك مرۆڤ بێمانا سوك دەبێت، ئەویش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایە کەچەند پابەندی لایەنە رۆحییەکان و پیرۆزی عیشقن.

ڕێزلێنان لەهەست و نەستی مرۆڤ هیچ کاتێك بۆ مەبەستێکی بۆگەنی خودی خۆی وشەی عیشق بەکارناهێنرێت، بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەناو تابلۆکانمدا مانایەکی زۆر قوڵترو روحیترو شەفافیتری گرتووەتە خۆ، من لەحاڵەتێکی دەروێشیانەی عیشقدا دەژیم بۆ دەروەبەرم و هەوڵدان بۆ ئاگاو هەست بەجووڵەکانی ژیان بکرێت.

مرۆڤ بگاتە چ ئاستێکی ژیان لەبارەیەی تەمەن یان کۆمەڵایەتی یان ئابوورییەوە پێویستی بەعیشق هەیە. ئەوەش مرۆڤ خۆی خاوەنی ئەو هەست و نەستەیە لەڕۆحیدا بژێنێت و پەروەردەی بکات. یان ئەو هەستە بەکارێکی ساویلکە بزانێت.

عیشق کاری ساویلکەی نییە، بەڵکو کاری سادەو کاری رۆحە، ئەم سادەییەیش بەمانای گێلی نایەت، بەڵکو بەمانای ناسکی و جوانی و شەفافی دێت.

بێگومان لەژیانی مەتریالیزدا مانای عیشق بوونی کەمترەو. مادده گرنگترین و دیاریترین بابەتی ژیانە، ئەم رێبازە بەشێوەیەکی زۆر بەرەنگاری بیروبۆچوونی ئایدیالیستی و بیرو ئەفسانەیە، ئەم بۆچوونە دەبێتەهۆی ئینزیدیۆلینایت واتە ژیانی تاکە کەس و خۆویستی، واتە ئەو کاتەی مادده کارەکانت بۆ پەیدا دەکات، پێویستی بەهەست و عیشق و قووڵبوونەی رۆح و پەیوەندییە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی نییە.

**×هەردوو فیگەری عیشق و سەمای جاویدانی ئادەم و حەوا زۆرلەتابلۆکانتدا دەبینرێت، ئایا بوونی ئەمجۆرە فیگەرانە بەدیوێکدا تەمەنتای گەڕانەوەیە بۆ بەهەشتی لەدەست چوو؟ یاخود بەدیوێکی تردا تۆ پێتوایە عیشق و خۆشەویستیی بەبێ رق و کینە شیمانە (ممکن) بێت؟**

—بەنیسبەت جۆرێتی و چۆنییەتی بەکاری هونەری ئەم چەند ساڵەی رابردووم.

تابلۆکانم هەمووی ڤیگەری مرۆڤن، زۆربەیان (نێرو مێ) بەیەکەوەن کە ئەمەش پەیوەندیی لەبیرۆکەی ئیشەکانمەوە هەیە کە باسی (عیشق) دەکەن، وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکردووە، هەر تابلۆو بەتۆناتی رەنگێك کێشاومە، رەنگەکان لەگەڵ ڤیگەرەکاندا بەناویەکدا چوون و رەنگی یەکتریان گرتووە، ئیشەکان بەشێوەیەکی تەعبیری واقیعی کێشاومن، زۆرجار باکگراوندی کارەکانم زۆر سادەو شەفافن، بەڵام لەپاڵیشیدا چەند بەشێکی ڤیگەرەکان زۆر بەواقیعی کێشاومن، قەبارەی ڤیگەرەکانی تابلۆکان نزیکن لەقابارەی تابلۆکان، یان ڤیگەرەکان روویان بەرەو رووی پێشەوەیە، کە دەمەوێت

پەیوەندییەکی رۆحی لەگەڵ بینەردا دروستبکات وەك بڵێیت ئاخافتن یان قسە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دەکات، تاوەك بڵێیت ڤیگەرەکانی تابلۆکان بەشێك بن لەهەست و ئەندێشەی مرۆڤایەتی.

هەروەها گرنگیدانم بەتەکنیکی تابلۆکان کەراستەو بەکارهێنانی چەندەها چین و بۆیە لەسەر کانڤاسەکە هەوڵمداوە لەهەمانتکاتدا شەفافییەتییەتی رەنگ لەدەستنەدات، زۆربەی قۆناغی کارەکان بۆ دروستکردنی تەکنیکی شێواو رەنگ و فڵچە خاڵی سەرەکی دەبن، کە لەهەمانکاتدا چەند سیمبولێك واتە رەمز لەم قۆناغەدا بەکاردەهێنم کە زۆربەی ئۆریاتنالیزم لەکوردەواری خۆمانەوە وەرمگرتووە.

بەکارهێنانی ئەو سیمبۆلانە لەتەکنیکی بانکگراوندەکانە زیاتر هەوڵدانم نزیك بوونەوەی کارەکانم لەئاوازی مۆسیقاوەیە، هەڵبژاردنیشم بۆ تۆناتی یەك رەنگ لەهەر تابلۆیەکدا، مەبەستم لەوەدایە کە بێ ئاگایی هەموو مرۆڤێك یەك رەنگی لا جوانەو ئەو هەڵبژاردنەش بۆ ئەو رەنگە دەربڕینە بۆ خۆشەویستی، رەنگ یان ئەو رەنگە تایبەتە کە هەریەك لەمرۆڤ هەڵیدەبژێرێت، دەربڕینە بۆ هەڵسوکەوتە دەروونییە جیاجیاکانی مرۆڤ بەوەرگێڕانی رەنگ لەهەست و سۆزییەکانی ناوەوەی، کە لەو کاتەدا هەر چ رەنگێك خۆی لەخۆیدا دەبێتە رەمزێك لەکۆتاییدا. تێکەڵاوکردنی زمانێکی رۆمانتیکی وەك هۆنراوەیەك یان وەك ئاوازێك: لەکارەکانمدا ناوەرۆکی بابەتەکانمن.

هەوڵی سەرەکیم نامەیەکی بەسۆزی عیشقە بۆ مرۆڤایەتی گەڕانەوەی ئەو هارمۆنییەت و سۆزە لەدەستچووەیە کە مرۆڤ بەدەستی خۆی لەبێ وشیاریدا لەدەستیداوە.

بۆ لای من.. عیشق پیرۆزترین ئایینە، هونەریش جوانترین سیاسەتە.

**×بێگومان ئێوە لە چەندین تابلۆداو لەرێگەی رەنگە جیاوازەکانەوە تەعبیرتان لەعیش کردووە بەجۆرێک کە دەکرێت بڵێین عەشق ناوەندی زۆربەی تابلۆکانتە، ئاخۆ ئێو، بۆ گوزارشتکردن لەعیشق بڕواتان بەبوونی چەندین رەنگ و شێوازو تەکنیکی جیاواز هەیە؟**

–هەموو رەنگەکان خۆی لەخۆیدا زۆر جوانن، بەڵام ئەگەر ئەو رەنگانە لەسروشتدا ببینین ئەوا زۆر قەشەنگترە، ئەوەیان ئەو رەنگانە لەبانکگراوندێکی هونەرییەوە

بخرێتەسەر تابلۆ، ئەوا ژیانـەوەی رەنگـە، جـارێکیتر لـەو کاتـەدا هونەرمەنـد مانـا دەدات بەڕەنگ.

من دوای تەواوکردنی خوێندی هونەریم لەساڵی ١٩٩٠ لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لای من ئەو کاتە کاری هونەری وێنەکێشان گوزارشتکردنی یان (تجسیمکردن)ی بارودۆخە رامیاری یان ئاینی یان ئابووری بووە واتە زۆرکات تابلۆیەك دەبووە چیرۆکێك، کە زۆر بـە ریالیزمیانـە (واقیعـی) یـان سـوریالیزمیانە (خـەیاڵی) مامەڵـەم لەگـەڵ ڤیگـەرو داڕشتنی تابلۆکەدا دەکرد، ئەویش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانگەی کۆمەڵگەی کوردستان کەهەردەم سەرقاڵی کـاری رامیـاری و ئـاینی و رووکەشـین. ئێمـەی مرۆڤـی رۆژهـەڵاتی و بەتایبەتی کورد کەمن وەك کوردێك دەدوێـم، فێـری پـەروەردەکردنی وانـەی جوانکـاری و مرۆڤایەتی عیشق و رێزلێنـان لەدەورووبـەرو سروشـت و ژینگـە نـەکراوین، ئێمـە هـەردەم سەرقاڵی کێشە رامیـاری ئـاین و رووکـەش بـووین، بۆیـە هونەرمەنـدیش وەك مـرۆڤ ئـەم کارەساتانە کاریگەرە بۆ سەر ژیانی، چونکە لـەو کاتـەدا کـە هونەرمەنـد پابەنـد دەبێـت بەبابەتێکەوە یان کێشەیەکەوە یان چیرۆکێکەوە کە زۆرجار گوزارشتی بارودۆخێك دەکات کە لەخزمەتی کەسێك یان لایەنێك دەبێت، لەم کاتەدا هونەر مانایەکی دیکەی دەبێـت کـە بـەرفراوانی و خـەیاڵی جوانکـاری کـەمتر بـەدی دەکـات. دوورکەوتنەوەیـە لەئیـستاتیکای هونـەر، کـە خـۆی لەخۆیـدا هونـەر بـەمانای جوانکـاری دێـت (ئیـستاتیکا)، بـەڵام دوای جێنـشینبوونم لەهۆڵەنـدە لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٩٧ەوە دووبـارە خوێندنـەوە لـەبواری هونەردا جارێکیتر گەڕان و دروستبوونەوەی پەرەپێدان و گەشەکردنی کاری هونەریك بوو، مانای هونەر لەولاتانی ئەورووپا کەمێژوویەکی هونـەری ئێجگـار دەوڵەمەنـدو پرشـنگداریان هەیە بەدرێـژایی چـەندەها چـەرخ، رابردووەکانیـان پـڕە لەتاقیکردنـەوەو بـەدەیان هـەزار هونەرمەندی گەورەو بەسەدان قوتابخانەی هونەری جیاوازیـان هـەبووە، ئەمانـە هـەمووی کاریگـەرەو دەبێتـە بانکگراونـدێکی زۆر دەوڵەمەنـدو بەسـوود بـۆ هونەرمەنـدی ئێـستا لەئەوروپا، تا دەگاتە ئەو رادەیەی هونەر زۆر بەرفراوانەو مانای هونـەر ئێجگـار کراوەیـەو کە هونەر لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەماوە، ئەمەش بووەتە هـۆی ئـەوەی گۆڕەپـانی هونەری زۆر زۆر قەرەباڵغە.

ئینجا وڵاتێکی وەك وڵاتی هۆڵەندا، خاوەنی مەزنترین هونەرمەندی جیهانی بووە لەچەرخەکانی رابردوو وەك ڤینسنت فانکوغ و رامرانت و مزانس هالس و ڤیرمێرو بروگل و پیست موندریان و هیرۆنیاموس بۆش و چەندەهای تر، ئەم هونەرمەندە مەزنانە کاریگەرییەکی زۆر گەورەیان هەبووە لەگۆڕینی مانای هونەر لەجیهاندا، منیش وەك کاری هونەریم، بێگومان دوای گەڕان و خوێندن و هونەری و تاقیکردنەوەی چەندین ساڵە، بۆئەوەی تاوەکو تایبەتمەندی خۆم لەهونەرەکەمدا بدۆزمەوەو کاری پێ بکەم ئینجا ئەم تایبەتمەندییە چەند بچووك یان گەورەبێت گرنگ نییە، گرنگ بوونی ئیشکردنی هونەرەو بەردەوامبوون و کارکردن و تاقیکردنەوەو قووڵبوونەوەی کاری هونەری رۆژانەمە.

**×رەهەندەکان بەگشتی لەتابلۆکانتدا گەلێک جووڵەی رەمەکی و نائاگایی بوونیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا رەهەندو باکگراوندی فەلسەفی و تەکنیکییان لەخۆگرتووە، دەکرێت دەربارەی ئەو رەهەندە فەلسەفی و ستاتیکی و تەکنیکیانە بدوێیت؟**

بەلای منەوە کێشانی تابلۆیەك تەنها ئەوە نییە بۆ پڕکردنەوەی چوارچێوەیەکی کانفاس بەچەند ڤیگەرێك یا بەچەند رەنگێك دابپۆشێت، ئینجا چ ئیشی واقیعی بێت یان تەعبیری بێت یان ئەبستراکت بێت یان هەرشێوازێکی دیکەی تر.

بابەتی کارە هونەرییەکانم لایەنی بیرو واتە ئایدیاو تەکنیکی گرتووەتەخۆ، بەڵام لەهەمانکاتدا وشەی (سادە) ئەو وشەیە لای من بووەتە فەلسەفەیەکی هێندە گەورە کە بەهۆیەوە ئایدیاو تەکنیکی تابلۆکانمی پێیدەنەخشێنم، وشەکە (سادەیە)، بەڵام ئەوەندە ساکارنییە کە لەناو رۆحی هەموو مرۆڤێکدا بەدی بکرێت، مرۆڤ چەندە ئاگای لەهەڵسوکەوت و جووڵەی دەورووبەرو رۆحە جیاجیاکانی هەمەرەگەزە مرۆڤایەتییەکان بێت، ئەوەندە مێشکی فراوانترو بەچاوی کراوە دەڕوانێتە ژیان، سادەو ساکار دەبێت.

کارەکانم گەڕانە بەدوای ناوەرۆك، ناوەرۆکی بابەتەکان وەك گرنگیپێدان بەبابەتە سادەکان بەشێوەیەکی زۆر بەهێز لەبەرجەستەکردن لەداڕشتنێکدا وەك ئاگادارکردنەوەی مرۆڤایەتی لەبابەتە پشتگوێخراوەکان کە زۆر بەسادەیی باسی خۆشەویستی مرۆڤایەتی و سروشتە دەکەم، کە خۆی دروستبوونی عیشق لەڕۆحدا سەرەتای ژیانێکی خۆشبەخت و شادییە.

ئاراز حسێن

١٩٦٨ لەسلێمانی لەدایکبووە.

١٩٨٤ تا ١٩٨٩ لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی خوێندویەتی.

١٩٩٧ تا ١٩٩٨ خوێندنی لەئەکادیمیای هونـەرە جوانـەکانی ئەنـشتدە (Enshede) لەهۆڵەندا خوێندویەتی.

١٩٩٨ تا ٢٠٠١ لەئـەکادیمیای هونـەرە جوانـەکانی ئوتریمنـت (Utrecht)ی هۆڵەنـدا خوێندویەتی.

٢٠٠١ ماسـتەری هونـەر لـەزانکۆی ئەنـشتدە هۆڵەنـدا خوێنـدووە، بـەڵام بـۆی تـەواو نەکراوەو دابڕوە تێیدا.

٢٠٠٣ تا ٢٠٠٥ خوێندنی لەئاکادیمیای (Design College،Art )تەواوکردووە واتە خوێندنی گرافیك دیزاین.

٢٠٠٦ خوێندنی ماستەری هونەری لەزانکۆی ئوتریمنت هۆڵەندا، بەڵام بۆی تەواو نـەکرا وە دابڕاوە تێیدا.

تاسـاڵی ١٩٩٦لەکوردسـتان و لەشـارەکانی سـلێمانی و هـەولێرو دهـۆك چـەند پیشانگەیەکی کردووەتەوە.

لەسـاڵی ١٩٩٧ەوە چـەندین پیـشانگای لەشـارەکانی وڵاتـی هۆڵەنـدا کردووەتـەوەو لەچەند پیشانگەیەکی هاوبەشیشدا بەشداربوو لەوڵاتانی کەنەداو نەرویج و پۆڵۆنیا.

ئێـستا مامۆسـتای هونـەری شـێوەکارییە لەخوێندنگەیـەکی هونـەریی شـاری زایـست لەهۆڵەندا.

# شەماڵی عەبەڕەش:

## دەر چوونی کۆمەڵێک قوتابی

## لە چوار چێوەیاندا  چەندین قوتابی نائەکتیڤ

## جێی مەترسییە بۆسەر شانۆ

دیداری:  شۆڕش محەمەد حسێن



کەم کەس هەیە لەئێمە شانۆکار(شەماڵی عەبەڕەش ) نەناسێت، ئەو شانۆکارەی وا بۆ چوار دەیە دەچێت لەهونەری شانۆی کوردیدا کاردەکات بێدابڕان، جێپەنجەو پێگەیەکی باشی لەو بوارەدا هەیەو خاوەنی خەرمانێك لەبەرهەمی شانۆیی و درامای تەلەفزیۆنییە، لەسەرەتاکانی مانگی ئابی ئەمساڵ وەك گروپی هونەری ئارك هاتنەوە بۆ کوردستان و بۆ ماوەی چەند رۆژێك شانۆگەریی(دەرگا)یان نمایشکرد، لەدەرفەتێکدا چاومان بەناوبراو کەوت و ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازکرد.

**×وەک هەستی پێدەکرێت ئەمڕۆکە بزاڤی هونەری شانۆ چووەتە ژێر رکێفی یەک جۆر ستایل و شێوازو وەختە بڵێم جۆرە ستایلێکی دیاریکراو خەریکە دەبێتە فۆرمێکی باو و بەدەر لەو جۆرە ستایلە ستایلی کارکردنی شانۆیی تر بەدی ناکەین، تا چەند ئەمە حاڵەتێکی تەندروستە ئەمە لەکاتێکدا ئێمە ئەوە دەزانین لەئەوروپا هونەری شانۆ بەکۆمەڵێک ئەزموون و ستایلی هەمەجۆر بەرجەستە دەکرێت؟**

– ئەو تیپە هونەرییەی ئێمە کە هەمیشە بەهاوبەش کاری لەگەڵ دەکەین، تیپێکی ناسراوی دانهاخ بەواتا لاهایە، کە مەرکەزی رۆشنبیرییە لەهۆڵەنداو پایتەختی رۆشنبیری و سیاسییە، ئەو تیپە تیپی (درەم) زیاتر بۆ گەنج کاردەکات و لەگەڵ گەنجدا مامەڵە دەکات و خۆیان بەواتای بەڕێوبەری هونەرییەکە کە زۆربەی زۆری کاری دەرهێنان ئەو دەیکات و مێردەکەشی کە دراماتۆرگە و نووسینەکان ئەو دەینوسێت بۆ ئەو تیپە گەنج نین، بەلام هەموو کارێکیان لەگەڵ گەنجدایەو شێوازێکیش بەکاردەهێنن جیاواز لەو شێوازەی کە ئێمە لەشانۆگەریی(دەرگا *) بەکارمان هێنا، بەلام پێکەوە کاردەکەین و یارمەتی یەکتریش دەدەین و زۆربەی زۆری پرۆڤەکانمان ئەوان ئامادەی دەکەن و پرۆڤەکانی ئەوان ئێمە ئامادەی دەکەین و تێبینی و سەرنج لەیەکتری وەردەگرین و هەست ناکەیت ئەمە دوو بەشی جیاوازن، نەخێر تۆ لەشانۆدا کاردەکەیت و ئەو بەستایلی خۆی و تۆش بەستایلی تایبەتی خۆت و دواجار هەردووکتان شانۆکارن و هاوکارن، بۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو حاڵەتە لێرە لەکوردستان بینای بکەین ئەوا بەبۆچوونی من حاڵەتێکی زۆر تەندروستەو ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکیتر چاخێکی زێڕینترو سەردەمێکی زێڕینتر دروست بێتەوە بۆ بزاڤی شانۆیی لەکوردستاندا.

**× زۆر کەس پێیوایە دەزگاو دامەزراوە هونەرییەکانی کوردستان بەپێی پێویست ئەکتیڤ نین و ئایا بەڕاستی کاری ئەو جۆرە دامەزراوەو رێکخراوە**

**هونەرییانــە لەئــەوروپاش هــەروا ســـستەو نـــا ئـــەکتیڤن یـــاخود ئـــەوان دامەزراوەکانیان بەسیستم بەڕێوەدەبەن و ئەوە لەلای ئێمە غیابی هەیە؟**

–خۆی بەڕاستی ئەوەی دروستە بیلێین کـاتی خـۆی لەپەیمانگـەی هونەرەجوانـەکانی بەغداش وا بووە، بەواتای ئەوەی خـەڵك چووەتە پەیمانگـە بـۆ ئـەوەی بخوێنێـت، بـەلاَم خوێندنێکی پیشەیی و بەو پێیەی هونەریش پیشەییە، دەمێنێتـەوە سـەر قوتابییەکـە تـا چـەند ئەکتیڤـە ، بەبۆچـوونی مـن مامۆسـتای پەیمانگـە و ئـەکادیمیای هونەرەجوانـەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەڕۆشنکردنەوەی بیری ئەو قوتابییـە لـەبوار ڕەخـساندن بۆئـەوەی ئەو قوتابییە بیربکاتەوەو ڕێگاکان هەڵبـژێرێت، تەنانـەت لەهۆڵەنـداش هەرچـی ئـەو کـارە هونەرییانەی کە لەئەکادیمیاکاندا دەکرێت هەمووی شتی دیراسییە، بـەواتای ئـەوەی هـیچ جیاواز نییە لەو سیستمەی کە لێرە پیـادە دەکرێـت، تـەنها دەمێنێتـەوە سـەرئەوەی کـە چۆن بتوانرێـت ئـەو ڕێگایانـە گەشـە پێبـدرێت و زیـاتر وەك لـەوەی ئێستا بـۆ قوتـابی و ڕێگاکان بدۆزرێنەوەو بیرەکان فراوانتر بکرێـت لـەلای قوتـابی و هـانی قوتـابی بـدرێت کـە ئەکتیڤ بێت. خـۆی ئـەو دامەزراوانـە خۆیـان ئـەکتیڤ نـین و ئەکتیڤییـەکانیان لەوەدایـە قوتابییەکان وا لێبکەن لـەداهاتوودا ئـەکتیڤ بـن. بـەواتای ئـەوەی پاشـئەوەی قوتابیـەك لەپەیمانگە یان لە ئەکادیمیایەك دەردەچێت بەڕاسـتی ئەگـەر بێینـە سـەر واقیـع لـەوێش وایـە یەکسەر دەتوانێـت لەسـەندیکای هونەرمەنـدان وەربگیرێـت، چـونکە لـەوێ تەسـەورەکە هەیـە کـە ئەمـە ئـەکتیڤ دەردەچێت و بۆیـە ماوەتـەوەو بۆیـە توانیویـەتی تـەواوی بکـات، چـونکە زۆر کـەس هەیـە لەئەکادیمییـەکان لەپۆلـەکانی یەکـەم و دووەم دادەبڕێت و ناتوانێت بەردەوام بێت، چونکە ئەو توانایـەی تیـا نییـە کـە ئـەوەی لێـی داوا دەکرێـت جێبــەجێی بکــات، لەبــەر ئــەوە دەوەســتێت، بــەلاَم تائێــستا نەمانبیــستووە قوتابییەك لەخوێندنی پەیمانگە یان ئـەکادیمیا لێـرە لەکوردسـتان بووەسـتێت و دابـڕێـت لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی لێی داوا دەکرێت بۆی ناکرێت، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا خاڵێکـە دەبێت بیری لێبکرێتەوە ! !باشە بۆچی لەئەوروپا قوتابییەك بـەدڵ و بـەگیان دەچـێت بـۆ ئەکادیمیایەك و لەخۆشی رادەبینێت بۆیە دەچێت بۆ ئەو ئەکادیمیا هونەرییە، چونکە هەر لەسەرەتای خوێندنی سەرەتاییەوە دەزانن گرنگی دەدەن بەچ لایەنێك، بەلاَم دەوەستێت

و بۆی تەواو ناکرێت، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت قورساییەك هەیە لەلایەن ئەکادیمیاو پەیمانگەوەو بۆ دروستکردنی ئەو قوتابییە، جا بەڕاستی من وەکو پراکتیك ئاگاداری سیستمەکەی ئێستای پەیمانگەو ئەکادیمیاکانی کوردستان نیم و ناتوانم لەسەر ئەوانە هیچ قسە بکەم و دەبێت مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا راستگۆ بێت، بەڵام ئەوەی وەك رونکردنەوە دەتوانم ئەوە بڵێم ئەو قورساییە ئەگەر هەبێت رەنگە لێرەش وای لێبێت قوتابییەك ئەگەر ئیمکانیەتی نەبێت بەپێی ئەو قورساییە نەتوانێت تەواوی بکات و بەڕای من وازبهێنێت باشترە، چونکە دەرچوونی کۆمەڵێك قوتابی لەچوارچێوەیاندا چەندین قوتابی نائەکتیڤ ئەوەش جێی مەترسییە بۆسەر بوارەکە، چونکە ئەو خۆی بەدەرچوویەکی پەیمانگەو خۆی بەشانۆکارێك دەزانێت، بەڵام نەشیتوانیوە بەپێی پێویستی بوارەکە پەرە بەخۆی بدات.

**× بێگومان بۆئەوەی دامەزراوەیەک ئەکتیڤ بێت پێویستی بەوە هەیە مامۆستاکانی بخوێننەوە تاوەکو روانین و دونیابینی نوێ لەلایان دروستبێت، کە ئەم حاڵەتەیان لەلای ئێمە کەمەو زۆرجار دەتوانرێت بڵێین نییەو جگە لەوەی کە پرۆسەی بینینی شانۆگەریی جیهانیشمان نییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەر یەککەوتنی لەگەڵ بکەیت کە چێژ و ئەفسونی خۆی هەیە، ئەمە جگە لەوەی لەو ساڵانەی رابردوودا مامۆستا ئەکتیڤەکانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەو بەشەدا نەماون و ئەو بەشەیان بەجێهێشتووە، تۆ تا چەند هەستدەکەیت ئەمە گرفتە لەبەردەم ئەو بەشەدا؟**

– ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە تۆ باسی دەکەیت، هیچ تەندروست نییە، چونکە مامۆستایەك دەبێت رێگاخۆشکەر بێت و دەبێت ئەو قوتابییەکە وا لێبکات کە چۆن بیر بکاتەوەو چۆن بیری فراوان بکات و چۆن بەدوای شتەکاندا بگەڕێت، باشە ئەگەر مامۆستایەك خۆی نەتوانێت بگەڕێت چۆن دەتوانێت قوتابییەك وا لێبکات بگەڕێت بەدوای شتەکاندا ئەمە یەك، دوو مەسەلەی موتابەعەو خوێندنەوەو بینین، دەتوانم بڵێم یەکێکە لەپێداویستییەکان و واجبەکانی مامۆستایانی ئەو دامەزراوە هونەرییانە، لەهەموو وڵاتانداو بەتایبەت لەهۆڵەندا کە باشتر ئاگاداریم مامۆستاکانی پەیمانگە نەك تەنها دەبینن

لەدوروپـشتی خۆیـان و دەخوێننـەوەو کتێبخانـەی تایبـەتی خۆیـان هەیـە، بـەڵکو دەچـن سەفەر دەکەن بۆ بینینی شتی تازەو ئەزموونی شانۆیی نوێ، لەپێناوی ئەوەی سـود لـەو ئەزموون و نمایشە نوێیانە وەربگرن و بەرچاوڕوونبن و دونیـا بینییـان فـراوان بێـت. ئەمـە ئەگەر وانەبێت بەڕاستی شتێکی باش نییەو تەندروست نییەو مەترسیدارەو هیـوادارم ئـەو شتانە وەك ئەوە نەبێت کە تۆ دەیڵێیت، چونکە ئەوە من دڵتەنگ دەکات.

**× زۆرجـار دروسـتکردنی گـروپ و کـاری دەسـتەجەمعی بـۆ پرۆسـەی شـانۆکارێکی تەندروسـتەو دواجـاریش کـاری شـانۆ کـارێکی دەسـتەجەمعییە، گروپەکـەی ئێـوە(گروپـی هونـەری ئـارک) چـۆن سـەریهەڵداو هـۆی چـییە لەزۆربـەی کاتەکانـداو بەدرێـژایی بزاوتـی شـانۆی کـوردی گروپـە شـانۆییەکان ئاکامەکـەیان لێکتـرازان و هەڵوەشـاندنەوە بـووە، بۆ چـی گروپـە شـانۆییەکانمان ناتوانن سەرکەوتوو بن؟**

–بێگومان پێش گروپی هونەری ئارك ئێمە گروپێکی ترمان هەبوو، هەر هەمان کۆمەڵە بووین لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا کە شانۆکاری عێراقـی بـوون و پێکـەوە کارمـان کـردو بەرهەمیشمان هـەبوو، بـەڵام پاشـتر نـەگونجاین بەیەکـەوە، ئـەوە جیـاوازە واتـا هەنـدێك مەسەلەی تر هەبوو کە نەگونجاین بەیەکەوە، بـەڵام بەهەمانـشێوە ئێمـە گروپـی هونـەری ئارکمـان لەسـاڵی ٢٠٠٣ دامەزرانـدەوەو هـەتا ئێـستاش هـەر بـەردەوامین و هیـوادارم ئـەو بەردەوامییە هەبێت، ئەو گروپە کە کار دەکات پێکەوە بڕوات هـەبێت یـەك شـتی سـاکارە تەنها لەخۆبوردنە، وەنەبێت هیچ گروپێك هەبێت کێشەی نەبێت (ناکرێـت شـتی وا و ژیـان ناچێت بەڕێوە)، بەڵام تەنها ئەوەیە تۆ بە لەخۆبوردووییەوە سەیری ئەو کێشانە بکەیت و بتوانیـت قـسەی لەسـەر بکـەیت، بەڕاسـتگۆیی قـسەی لەسـەر بکـەیت، بتوانیـت لەگـەڵ بەرامبەرەکەتدا بدوێیت، مـن ناکرێـت لەگـەڵ تـۆدا کێـشەیەکم هـەبێت بـچم شـەو لـەنادی لەگەڵ یەکێکیتر باسی بکەم، کەسی سێیەم هیچ پەیوەندی نییە بـەو کێـشەیەوەو ڕەنگـە کەسی سێیەم ببێت بەمەسەلەیەك کێشەکانی نێوانمان زیاتر بکات و قوڵی بکاتەوە، ئـەوە یارمەتی داوین ئەگینا هیچ سیستمێکی تر نییە کە گروپەکەی ئێمـە جیـا بکاتـەوە لەگـەڵ هەر گروپێکی شانۆیی تری نێو کوردسـتان، جگـە لـەوە سـەیری هەنـدێك گروپـی تـر بکـە

(بـامن باسـی ئـەوە نەکـەم کـە بڵـێم کـۆن و تـازە)، بـەڵام مـن بـۆ نموونـە کۆمەڵـەی هونەرەجوانەکان دەهێنمەوە، کۆمەڵ لەساڵی ١٩٦٩ەوە دامەزراوە هەتا ئێستا، چەندین کەسی تێهات و چەندین کەسی لێ رۆیشت و چەندین کەسی تێدا شەهید بوو کۆچی دوایی کـرد، بـەڵام کۆمـەڵ هـەر کۆمەڵـەو هـەر دەشـڕوات و کـاری خۆشـی دەکـات بەباشـی لەقۆناغێکدا، رەنگـە لـەقۆناغێکی تـردا بـەخراپیش کـاری کردبێـت، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە بەردەوامەو کاری خۆی دەکات و کۆمەڵ دەمێنێتەوە، تیپی نوانـدنی سـلێمانی یـان تیپـی پێشڕەو رەنگە سەردەمێك کوژانەوەیەکی کاتی هەبێت لەلایەن کۆمەڵێکەوە، بەڵام پاشـتر هەڵدەداتـەوە، گـرنگ ئەوەیـە ماوەتـەوە. مـن هیـوادارم ئـەو لەخۆبوردوویيـە لەلایـەن هونەرمەندانی ئێمەشەوە هەبێت و پاشان گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکان پێکەوە بکەین.

**×لـەنێو بـزاوت و جموجـۆڵی هونەریـدا حاڵـەتێکی ناتەندروسـت هەیـە کـە هەستی پێدەکرێت، ئەویش بریتییـە لـەوەی کەسـێکی هونەرمەنـد کـە کـارێکی هونـەری دەکـات بێویـژدانی بەرامبـەر دەکرێـت و کـارە هونەرییەکـەی بێبـەها دەکرێـت لەلایـەن نێوەندەکـە خۆیـەوەو ئەمـەش زۆرجار وای لەهونەرمەنـدانی کورد کردووە ساردبنەوە لەکاری هونەریی، پرسیارەکەم ئەوەیە زۆر بەشـەفافی دەمـەوێت وەڵامـی ئـەوەم بدەیتـەوە ئـەو سـاتانەی شـانۆگەریی(دەرگـا)تـان لەهەولێرو سلێمانی نمایشکرد تا چـەند هەسـتتان بـەوە کـرد بێویـژدانی کـراوە بەرامبـەر کـارە هونەرییەکـەتان، ئـەو هەسـتەتان بـۆ دروسـت نـەبوو کـە ئیـدی شانۆگەریی و نمایشی شانۆیی نەهێننەوە بۆ کوردستان؟**

–بەهـەموو راسـتگۆییەکەوە ئەمـە دەڵـێم، پـاش نمایـشی هـەولێرو پـاش نمایـشی سلێمانیش وە نەبێت من وەك شەخس درکم بەو حاڵەتـە نـەکردبێت کـە باسـتکرد ، بـەڵام ئەگەر وەك راژە وەری بگرم راژەیەکی زۆر کەم بوو(جا رەنگە هەندێك زروف لەبەر ئەوەی ئێمە لەدەرەوە هاتووینەتەوەو رێزێکمان لێبگیرێت ) رەنگـە ئـەوە رۆڵـی خـۆی بینیبێـت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من لەگەڵ زۆربـەی زۆری ئەوانـەی دانیـشتووم لەگەڵیانـداو باسـی شـانۆگەرییەکەمان کـردووە، بەڕاژەیـەکی زۆر کـەم لـە١٪لـە ٢٪ هەسـتم بـەو حاڵەتـە ناتەندروستە کـردووەو بـاقی تـر هەسـتم بەڕاسـتگۆییەك کـردووە بەرامبـەر ئیشەکەو زۆر

تێبینــیش هــەبوو کــە ئێمــە ســودی لێــوەردەگرین و ئێمــە درکمــان پــێ نــەکردبوو لەشانۆگەرییەکە یاخود بەشێوەیەکی تر بۆ مەسەلەکان چوبووین، هەرچەندە رەنگە ئـەو حاڵەتەی کە تۆ باسی دەکەیت لەشوێنێکی تر باس کرابێت بەبێ ئامـادەبوونی ئێمـە وەك بەشدارانی شانۆگەرییەکە، بەڵام ئەوە بەڕای من هەق نییە، چونکە هەمیشە کە تـۆ باسـی شــتێك دەکــەیت و ئەگــەر بــەو دڵــەوە بتــەوێت باســی بکــەیت ئــەوا دەبێــت لەگــەڵ بەشداربووەکان خۆیـان باسـی بکـەیت بـۆ ئـەوەی لێکتێگەیـشتن هـەبێت. سـەبارەت بـەو هەستەش کە جارێکیتر شانۆگەریی بهێنینەوە، بەڵێ ئێمـە هـەمووومان وەك گروپەکـە ئـەو ئامادەییەمان تێدایە کە شانۆگەری داهاتوومان بهێنینەوە بۆ شارەکانی کوردستان.

* شانۆگەریی (دەرگا) نووسینی یوسف ئەلسایغ، وەرگێڕانی بۆ کوردی شاعیر(جەمال غەمبار)، نواندنی(شـەماڵی عەبـەڕەش، شـادان فوئـاد، شـایی شـەماڵ، سـیروان جـەمال، سۆران ئیسماعیل)، دەرهێنانی کامەران رەئـوف، لـەدوای نمایـشکردنی ئـەم شـانۆگەرییە لەکۆمەڵێك شاری هۆڵەنداو ئەڵمانیا، لەسـەرەتای مـانگی ئـابی ئەمـساڵ لەهـەردوو شـاری هەولێرو سلێمانی پێشکەش کرا.




# خامەیەکی رۆشنبیری لە پشت گوێی زمان

کتێبێکـــی (٢٣٣) لاپـــەڕەیی قـــەبارە گەورەی نوسەرو روناکبیر هەندرێن-ەو لە بڵاوکراوەکـــانی بەڕێوەبـــەرێتی چـــاپو بڵاوکردنـــەوەی سـلێمانییە. هەنـدرێن کـە یەکێك لە نوسـەرو روناکبیریـە جیدیـەکانی ئێمەیـــەو لای زۆربـــەی هـــەرە زۆرمـــان ناســـراوە، دوای هەشـــت ســـاڵ لـــە پێشمەرگایەتـــــی بـــەرەو هـــەندەران چـووەو سـالانێکە لـە وڵاتـی سـوید دەژیو وێـڕای ئـەوەی سـەرقاڵی خوێنـدن بـووەو توانیویەتی لیسانس لە فەلسەفەو ماستەر لە مێژووی هزردا بەدەستبهێنێت، بەردەوام لـە پێشکەشکردنی وتارو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆردا، ئامادەیی لە بەرچاوی هەبووە.

لـەم کتێبـە نوێیەیـدا کـە جگـە لـە کۆمـەڵێك وتـار، سـێ دیـداری هەنـدرێن-یـشی لـەخۆگرتووە، هەوڵیـداوە بـە رەهەنـدە جودایەکانـەوە مـشتومالو وروژانـدنی پـشتێنە ئاستەنگو دەرهاویشتەکانی ژیانی رۆشنبیریی کوردیی بخاتـە بـەرباسو لێکۆڵینـەوەو لـە گفتوگۆیـەکی فـرەدەنگو فرەشـێوەو میتـۆدەوە، ناوکۆییـەك/ کۆنتێکـستێك لـە کـۆی ئاراستەی پرسیارەکاندا، بدۆزێتەوە.

لەم روانگەیەوە، ئەم کتێبە دەکرێت وەك نمایشێك لە ژیانی دوێنێو ئەمڕۆی کایەکانی رۆشنبیریی کوردی بخوێنرێتەوە.

بە دیوێکی دیکەشدا کۆکردنەوەی ئەو بابەتگەلەیە کە وێناندنی شوێنکاتە جیاجیاکانی ژیانی رۆشنبیریی کوردیی نمایش دەکات.

ئەم کتێبە دەخوازێت لە رامـانێکی رەخنـەئامێزدا ئاسـۆیەك بـۆ بیرکردنـەوەی ئـەویتر ئاوەڵابکات.

خامەیەکی رۆشنبیریی لە پشت گوێی زمان، ئێستا لە بازاڕدایەو نرخی(٣٠٠٠) دینارە.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی

شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:

www.chrakan.com

www.dengekan.com